فوئاد قەرەداغی

# بەرەو
# گوتارێکی پەروەردەیی نوێ

# پێشەکی

گەلانی ستەمدیدەو چەوساوەکانی جیهان لە وەرچەرخانە مێژوویەکانیاندا بەرەو ئازادی، ئەرکی داگرتنو خستنی بارە گرانەکەی ژێر دەستەییان بەرەو ڕوودەبێتەوە. دەبێت لێبڕاوانەو دەستوبردو شۆڕشگێڕانە ئەو ئەرکە بەجێبگەیەننو، لە شەوە زەنگی بیرچوونەوەو پەراوێزی مێژووی زەوتکراوو شێواویانەوە، بەرەو رووناکیو خۆری ئازادی گورج گورج هەنگاو هەڵگرن.

لە مێژووی هەزاران ساڵەی مرۆڤدا هەمیشە وەرچەرخانەکان، رووداوە مەزنەکان، گۆڕانکارییەکان، پێگەیەکی بەربڵاوی ماتەرییان لە هەموو کایەکانی ژیاندا هەبووە. پێگەی ئابووری بەپلەی یەکەمو پێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی لە سەرخاندا هۆکار بوونو، رەوتی چوونە پێشەوەی مێژووی بەشەرییەتیان رەنگڕێژ کردووە. لە نێو ئەم رەوتەی مێژووشدا گوتاری رۆشنبیریی، وەك رەنگدانەوەی گوتاری ئابووری - سیاسی - کۆمەڵایەتی، رۆڵێکی کاریگەری، بەر لە ئازادیو دوای ئازاد بوون، دیوە.

گوتاری بەرەنگاریو گوتاری بنیاتنانەوەی سەر لەبەری لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا، دوو گوتاری لێکهەڵپێچراوی دوو قۆناغی خەباتی گەلانن بەرەو ئازادی، دوو گوتاری بەرو دوانو یەکتری تەواو دەکەن، بۆیە هەردووکیان لە سەردەمی بەکارهێنانیاندا ئامرازی خۆشکردنی زەمینەی وەرچەرخانە مێژووییەکان دەبن.

بواری پەروەردەو فێرکردن، لایەنێکی گرنگی پێگە رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەکەیە، لەبەر ئەوە گوتاری تایبەتی خۆی دەوێتو، دەشێت

وەك كاریگەرترین گوتار، بۆ هەردوو قۆناغەكە، لە خزمەتی رەوتە مێژووییەكەی رزگاریی گەلاندا بێت.

بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی كوردستان لە باشووری كوردستاندا هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە خاوەنی گوتاری سیاسیی تایبەتی خۆی بووە. سەبارەت بەوەی كێشەی رزگاریی نەتەوایەتی تەوەرەی سەرەكیی خەباتی ئەم بزووتنەوەیە بووە، گوتاریسیاسی بۆ رزگاری كوردستانو بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسو پێكهێنانی دەوڵەتی نەتەوایەتیی سەربەخۆ، گوتاری سەرەكیو بەرچاو بووە؛ گوتارەكانی دیكە دەرفەتی خۆ نواندنیان كەمتر بۆ رەخساوە، سەبارەت بەوەی چڵو لقی گوتارە سەرەكییەكە بوونو، بەدەگمەن هەلی سەرهەڵدانو نەشونما كردنیان، لە ژێر باری چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا، هەبووە.

هەڵبەت لە نێوان گوتارەكاندا جیاوازی هەبووەو، لە هەندێ ماوەی مێژووی خەباتی نەتەوەیی كورددا، گوتارێك یان زێتر ریزی پێشەوەی گرتووەو رۆڵی خۆی لە بری گوتارەكانی دیكە دیوە. گوتاری ئەدەب هەمیشە لەم كاروانەدا پێشەنگو، چەكی هوشیار كردنەوەو دەربڕینی خواستو ویستەكانی جەماوەری كوردو بزووتنەوە رزگاریخوازانەكەی بووەو، دیوێكی رۆشنبیریی گوتاری سیاسیی رۆژە سەختەكانی پێكهێناوە.

یەكێك لەو گوتارانەی بە پەنهانی كاریگەرێتیهەبووەو توانیویەتی نەوە بە نەوەی گەلی كورد بەگیانی بەرهەڵستیكردنی دوژمنەكانی گۆش بكاتو، سەنگەری دژبەتواندنەوەی نەتەوایەتیو تەعریبكردنو سڕینەوەی تایبەتمەندێتی رۆشنبیریی كۆمەڵگای كورد چۆڵ نەكات، گوتاری پەروەدەیی بووە. ئەم گوتارە بنكەیەكی تۆكمەو بەرینی لە نێو پۆلو

هۆڵەکانی خوێندن لە قوتابخانەو خوێندنگاکانی کوردستاندا هەبووەو، لەوێوە وانەکانی بەگژدا چوونەوەو خۆڕێکخستن‌و بەرگری‌و شۆڕش گوتراونەتەوەو، خوێنی نوێ بەردەوام، بەشادەمارو گیانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستاندا کراوە.

سەرچاوەی ئەم گوتارە پەروەردەییە، هزرو هەڵوێست‌و کاری ماندوونەناسانەی مامۆستایان بوو ، کە لە چوارچێوەی گوتاری سیاسیی حزب‌و رێکخراوو کۆمەڵە سیاسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەڵدەسووڕان.

ئەو گوتارە سیاسییە دواتر، دوای کۆتاییهاتنی دووەم جەنگی جیهانی، تایبەتمەندییە پەروەردەییەکەی رۆشنتر بۆتەوەو، رووەو سەربەخۆ بوونێکی نیسبی چووەو، خۆی لە بەرنامەی چەند رێکخراوی پیشەیی‌و رۆشنبیریی‌و جەماوەریدا نمایشکردووەو مامۆستایان‌و خوێندکارانی بەگشتی بۆ سازداوە، تا لە نیوەی دووەمی سەدەکەدا رژاوەتە نێو خەباتی رێکخراوەیی هەڵگرانی مەشخەڵەکەیەوە کە مامۆستایان‌و قوتابیانی کوردستان بوون.

دڕندەیی دوژمنەکانی کورد بەتایبەتی لە چل ساڵی رابردوودا، کارێکی وەهایان کردووە کە ئەم گوتارە سەرو سیمایەکی سەربەخۆی نەبێت، یان لانی کەم تایبەتمەندێتی گوتارەکە، لەچاو ئەرکی‌سەرەکیی بەرگریکردن لە بوون‌و تێکشکاندنی سیاسەتی جینۆساید دەرنەکەوێت، بۆیە لە قۆناغی دوای راپەڕیندا ئەلتەرناتیڤێکی پەروەردەیی لە ئارادانەبوو بە پێچەوانەی ئەلتەرناتیڤی سیاسییەوە کە لە سیستمی پەرلەمانی‌و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەرجەستەبوو.

گوتاری پەروەردەیی قۆناغی ئازادی، ئەو قۆناغەی لە بەشێکی باشووری کوردستاندا بە راپەڕین دەستپێدەکات، هێشتا رێڕەوێکی دیاریکراوو بەرنامەیەکی پەسەندکراوو سیاسەتێکی داڕێژراوو فەلسەفەو رێبازو شێوازی گونجاو بۆ بەدیهێنانی لەکایەدا نییە. بۆیە ئەرکی پێکهاتنی گوتارێکی پەروەردەیی نوێ ئاسان نییە. ئەوەی هەیە بیرو بۆچوونو رای جیاوازو خەونو ویستو خواستی نیازپاکانەی مامۆستایانو خوێندکارانو رۆشنبیرانو نووسەرانی دڵسۆزو بە ئەمەکە، بەڵام بە شێوەیەکی پەرتو بڵاو، بێ میتۆدێکی زانستیو، بێ رێکخستنی تواناییەکانو، بێ ئاڕاستەی ناوەندێکی سیاسیی یەکگرتووو بڕیارێکی سیاسیی باڵا لە هەرێمدا.

ئەو وتارانەی لێرەدا کۆکراونەتەوە، زادەی قەڵەمو پەیامێکی دێرینو نوێی نووسەرە، کە پتر لەسیی ساڵە خەمە پەروەردەییەکانی لەکۆڵناوە، هەوڵێکی بێوچانی تاکە کەسییە لەپێناوی خستنەڕووی سەرجەمی کێشە پەروەردەییەکانو، نیازی وروژاندنی قەڵەمە بەپەرۆشەکانی ئەم بوارەیە، بۆ داتەکاندنی تەپوتۆزی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی چینی باڵادەستی نەتەوەی باڵادەستی عێراقە لە کایەی پەروەردەو فێرکردندا، بۆ رووتکردنەوەی کەلتووری شۆڤێنیستی چەوسێنەرانی کوردە لەو کاڵا قرچۆکانەی خۆیانیان پێ پەردەپۆش کردووە، بۆ دامالینی هەموو ئەو دەمامکە رزیوانەیە کە بە درێژایی مێژووی چەوساندنەوەمان لە روخساری خۆیانیان بەستووە، بۆ خۆشکردنی زەمینەی دایەلۆگێکی پەروەردەییە، بۆ بەرپاکردنی گوتارێکی پەروەدەیی نوێو گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردنە لە کوردستاندا.

چەند وتارێکی ئەم کۆمەڵە وتارە، مێژووی نووسینی بۆ زێتر لە سێی ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، مایەی شانازیمە بەر لەوکاتەش، کە قوتابی قۆناغی ناوەندی بووم، بە نووسینی چەند وتاری ساکار بەشداریی بڵاوکراوەکانی سەر دیوارم لە قوتابخانەکەمدا کردووەو، دواتریش لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانو یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، ئەوەندەی تواناو ئەقڵو ئەو کەمە زانیارییەی هەمبووە، دەربارەی خوێندنو قوتابخانە بە گشتی، بەشداریی نووسینم کردووە. بەداخەوە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەم لەبەردەستدا نەبوو، بەتایبەتی هەردوو گۆڤاری (ئامانج)* و (هەڵمەت)** تا هەندێ لە وتارە پەروەردەییەکانم ببینمەوەو لەگەڵ ئەم کۆمەڵە وتارەدا دۆکیۆمێنتیان بکەم؛ لەو ساڵانەشدا کە لە بواری راهێنانی پەروەردەییدا کارم دەکرد، لە چەندین کۆڕو ئەڵقەو سیمینارو دەورەی راهێنانی مامۆستایاندا، دەیان

---

* گۆڤاری (ئامانج) ئۆرگانی مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بوو. لە ساڵەکانی نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی پێشوو هەتا ساڵی ١٩٧٠ دەردەچوو. (نووسەر) شەرەفی ئەندامەتی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارەی هەبوو.

** گۆڤاری (هەڵمەت) ئۆرگانی لقی هەولێری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بوو. دوای شەهیدبوونی لێپرسراوی لق مامۆستا (ئەحمەد رەشوانی) لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ دا، نازناوی شیعریی شەهید (رەشوانی) هەلگرتو چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو. ئەم گۆڤارە لە سلێمانی چاپدەکراو بۆ هەولێر دەنێردرایەوە. (نووسەر) شەرەفی تایپو رۆنیۆی گۆڤارەکەی هەبوو، جگە لەوەی چەند وتارێکیشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

بابەتی پەروەردەییم تاووتوێ کردووەو لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕاهێناندا نووسینی پەروەردەیی تایبەتیم بەردەستی بەشداربووان خستووە.

بەشێکی دیکەی ئەم کۆمەڵە وتارە، جگە لەو وتارانەی ئاماژەم بۆ مێژووی نووسینیان کرد، دوای ڕاپەڕینو لەسایەی حکومەتی خۆماڵیی کورددا نووسراون، لەبەرئەوە هەڵگری بۆنو بەرامەی تێکۆشانی سیاسییو پەروەردەیی دوای ڕاپەڕینن، خەونو هیوا دێرینەکانی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادیو چەند نەوە مامۆستاو خوێندکاری تێکۆشەر لە کوردستاندا دەردەبڕن.

ئەم وتارانە شەڕی ئەلتەرناتیفێکی پەروەردەیی دواڕۆژیان دژ بە پاشماوەی پەروەردەی سەپێنراوی چەوسێنەرانی خەڵکی ستەمدیدەی کورد ڕاگەیاندووە، چاوەڕوانی مامۆستایانو نووسەرانو ڕۆشنبیرانی خاوەن هزرو بەرنامەو پرۆژەو قەڵەمی نەسرەوتو بە بڕشت دەکەن تا شەنو کەوی بابەتەکانی‌بکەنو، لە بەرئەنجامی دایەلۆگێکی ژیاریانەدا ئەزموونێکی پەروەردەیی هاوچەرخ بەرەو کەنارەکانی جیهانێکی نوێ بەرێبخەن..

**فوئاد قەرەداغی**

سلێمانی / ئایاری ٢٠٠٢

# تاقیکردنەوەکان و
# هەڵسەنگاندنی ئاستی فێربوونی خوێندکاران*

تاقیکردنەوە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانەو بەبێ ئەم قۆناغە بازنەی فێربوون داناخرێت، واتە ئەنجامی پرۆسەکە نازانرێت و لە گێژەنێکدا دەخولێتەوە.

تاقیکردنەوە ئامرازێکی هەڵسەنگاندنە کە ئەرکی دەستنیشانکردنی لایەنە ئیجابیو سەلبییەکانی فێربوونی زانیارییەکان جێبەجێ دەکات و،بەهۆی ئەنجامەکانیەوە، دەتوانرێت بەرنامەی پەرەپێدان و بەرنامەی چارەسەرکردنی کەموکوورییەکانی بواری فێربوونی زانیارییەکان دابڕێژرێن.

تاقیکردنەوە لەقوتابخانەو خوێندنگاکانی عێراق و کوردستاندا، لەبەرزترین وباشترین رۆڵی خۆیدا، لەو ئەرکە واوەتر ناچێتو، تەنها رادەی ئەو زانیارییانەمان پێنیشاندەدا کە خوێندکار دەتوانێت لە

---

* ئەم وتارە وەڵامی دوو پرسیارن کە پەیامنێرێکی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، لەسەروبەندی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی ٢٠٠١-٢٠٠٢دا ، ئاراستەی کردم. ئەمەش دەقی پرسیارەکانە:

-ئایا رۆڵی تاقیکردنەوە تا چ ئاستێکە لە هەڵسەنگاندنی ئاستی فێربوونی خوێندکار لە قۆناغەکانی خوێندندا، یاخود بەجۆرێکی تر ئایا تاقیکردنەوە فاکتەرێکی نموونەییە بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندکار؟

- پێت وایە ئەگەر تاقیکردنەوە نەمێنێت ئەوا خوێندکار لە ئاستی تێگەیشتنیان زیاتر دەبێت و دورتر دەبن لە ئەزبەر کردن؟

مێشكیدا بیانپارێزێ و لەكاتی تاقیكردنەوەدا بیانڵێتەوە یان لەدەفتەری تاقیكردنەوەدا تۆماریان بكات. لەبەر ئەوە تاقیكردنەوە فاكتەرێكە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای ئەزبەركردنی زانیارییەكان نەك ئاستی زانستی و گەشەكردنی كەسایەتیی قوتابیان و خوێندكاران. هەرلەبەر ئەوەشە ناتوانین، بەشێوەیەكی واقیعی و بابەتیانە(موضوعي) تاقیكردنەوەكان بكەینە پێوەری ئاستی زانستیی خوێندكاران، چونكە توانای ئەزبەركردن و پاراستنی زانیارییەكان پێوانەدەكات نەك ئاستی فێربوون. دیارە ئەو دوو لایەنەش، ئەگەرچی پەیوەندییان بەیەكترەوە هەیە، بەڵام هاوتای یەكتری نین و پەیوەندیی (هۆكاروبەرەنجام) بەیەكترییەوە گرێیان نادات.

ئەم باری سەرنجە سەبارەت بەفێربوون، كەتاقیكردنەوەكان لە ئاستی هەڵسەنگاندنیدا بەكەمتوانا دەزانێت پێویستی بە سەلماندن هەیەو، ئەوەش لەڕێی چەندین تۆژینەوەی زانستیی مەیدانییەوە دەكرێت، بەڵام هەر بۆ ئەوەی بەسەریدا گوزەر نەكەین و چەند خاڵ و بابەتێك بۆ تۆژینەوە بخەینە ڕوو، ئاماژە بە چەند لایەنێك دەكەین كە هەر پەروەردەكارێك دەتوانێ لای خۆیەوە سەرنجی بدات یان بەراوردێك بكات تا شیاویی ئەو بۆ چوونەی سەرەوەمان، تا رادەیەك، پرسیاری لەبەردەمدا دابنێت:

ا- فێركردن وەها پێناسە دەكرێت كە كردارێكی بەبەرنامەیە بۆ گۆڕانكاریی لە رەفتاری فێرخوازاندا. مەبەست لە(رەفتار) لە فەرهەنگی زاناكانی سایكۆلۆژیدا، هەموولایەنەكانی چالاكیی مرۆڤە هەر لە

چـالاكيی جەسـتەييەوە تـا چـالاكيی ئاخـاوتن ـــ رۆشـنبيريی ـــ كۆمەلأيـەتی ـــ ويژدانـی ـــ ئەقلّی ـــ ئـەخلاقی.. هتـد. بۆيـە پرسـياری يەكەم ئەوەيە كەتاچ رادەيەك تاقيكردنەوەكان دەتوانن ئەو گۆڕانكارييە لە (رەفتار)ە جياجياكاندا هەڵبسەنگێنن؟

ب ـ قوتابخانـە ئـەو مەڵبـەندە كۆمەلأيەتييەيـە كـە كۆمـەڵ ئـەركی پـەروەردەكردنی منداڵـەكانی خـۆی پێسـپاردووە، مەبەسـت لـە پەروەردەكردنی منـداڵ سەرپەرشـتيی گەشـەكردن و پێگەيشـتنێتی بـە شێوازێكی راست لە هەموو كايەكانی كەسايەتيداو نەشونماكردنێتی بە پێی ئەو قۆناغەی تەمەنی. بۆ نموونە: قۆناغی سەرەتايی (٦-١٢) ساڵ، مـاوەی نـاوەندو كۆتـايی قۆنـاغی منداڵييـە، ئـەم قۆناغـە پێداويسـتيی گەشەكردنی منداڵ دەخوازێ لە ڕووی (جەستەو، جووڵانەوەو، ئەقڵ و، ويژدان و، كۆمەلأيەتی)يەوە. ئەم پێداويستييەی گەشەكردن تەواوكەری رادەی گەشـەكردنی قۆنـاغی سـەرەتای منداڵـی(٢-٥) سـاڵ و زەمينـەی قۆناغی دواتر كە قۆناغی (باڵق بوون و هەرزەكاری)يە خۆش دەكات. لێرەدا پرسياری دووەم بەرەو ڕوومان دەبێتەوە بەوەی كە ئايا تێكڕای تاقيكردنەوەكان لە سەرانسەری قۆناغەكاندا تا چ رادەيەك ئەم ئامانجە سەرەكييە رەچاو دەكەن و فاكتەرێك دەبن بۆ بەديهێنان و سۆراخكردنی لايەنەكانی گەشەكردنی منداڵ؟

ج- يـەكێك لـە پرنسـيپەكانی فـێربوون كـە زاناكـانی سـايكۆلۆژيی پـەروەردەيی جـەختی لەسـەر دەكـەن ((زانينـی رادەوچوونـە پێشـەوەی فێربوون))ە. ئەم پرنسيپە شان بە شانی چەند پرنسيپی ديكە رۆڵێكی

کاریگەر دەگێڕێت لە پرۆسەی فێربووونداو، بەبێ دڵنیابوونی خودی فێرخواز لە زانینی رادەی فێربوونی، لە هەر کایەیەکدابێت (تیۆری یان عەمەلی) کرداری فێربوون بەدیناییەت. ئەمە نەک هەر پرنسیپ بەڵکو هەندێك سەرچاوەی سایکۆلۆژی بە یاسایەکی فێربوونیشی دادەنێن.

ئەم پرنسیپەی سەرەوە سەرچاوەی بوونی تاقیکردنەوەکانە. سیستەمەکانی فێرکردن لەسەر ئەم بنەمایە تاقیکردنەوەیان کردۆتە قۆناغێکی پرۆسەی فێربوون، ئیتر مەرج نییە تاقیکردنەوەکە بە نووسین بێت یان کاتی دیاریکراوی بۆ دابنرێت، چونکە مەودای دڵنیابوون لەو پرنسیپە ئێجگار فراوانەو لەچرکەساتەکانی یەکەم هەنگاوی وانەگوتنەوەی ئاساییەوە دەستپێدەکات هەتا دوا تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بە هەموو شێوەکانیەوە. بۆیە پرسیاری سێیەم بۆ رۆڵی تاقیکردنەوەکان ئەوەیە کە پشتبەستن بەو تاقیکردنەوانەی کات و شوێن و ڕێ و ڕەسمی تایبەتی بۆ دادەنرێت و سازدانی تەواوی توانایییەکانی قوتابخانەی بۆ دەرەخسێنرێت، چەندە لە باروگونجاوە بۆ (زانینی رادەو چوونەپێشەوەی فێربوون)) رۆژ بە ڕۆژو، وانە بە وانەو، قوتابی بە قوتابی، لە نێو پۆلەکاندا؟

د- تاقیکردنەوە ئامرازێکە بۆ هەڵسەنگاندن، بەم پێیە هۆیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك یان چەند ئامانجێك. ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت تاقیکردنەوە (هۆیە) نەك (ئامانج). ئەم فاکتەرە رۆڵی سەرەکیی بریتییە لە (دەستنیشانکردن) بە نیازی (چارەسەرکردن). بۆ نموونە:-

١)كاتێك زۆربەی قوتابیانی پۆلێك لە تاقیكردنەوەیەكدا دەرناچن، مامۆستاكان تا چ رادەیەك سوود لە خودی ئەم تاقیكردنەوەیەو پرسیارەكانی وەردەگرن بۆ پێداچوونەوەی ئاستی وانەگوتنەوەی خۆیان و چارەسەركردنی كێشەكە بەگشتی؟ ئایا دەبێت واز لە كێشەكە بهێنن‌و قوتابییەكان سەرزەنشت بكەن (وەك وەها باوە لە قوتابخانەكاندا) یان دەبێت بەدوای هۆكاری ئەو دابەزینە لە ئاستی قوتابییەكاندا بكەون؟

٢) لە تاقیكردنەوەی ماددەیەكدا، زۆربەی قوتابییەكانی پۆلێك لە بابەتێكی دیاریكراودا كە پرسیارێكی تێدا هاتۆتەوە نمرەی تەواو ناهێنن یان زۆربە سفر وەردەگرن، ئایا ئەم دیاردەیە هەروا تێپەڕ دەبێت‌و پشتگوێ دەخرێت (وەك وەها باوە لە قوتابخانەكاندا) یان مامۆستای پەیوەندیدار (پلەی گرانیی) پرسیارەكە دەپێوێت‌و پلانێك بۆ دووبارەكردنەوەی گوتنەوەی بابەتەكە بەرێگاو شێوازێكی نوێ دادەنێت تا تەواوی قوتابییەكان تێیدەگەن؟

٣) ئەگەر دەزگا بەرپرسەكانی پەروەردە دوای تاقیكردنەوە گشتییەكان (بەكالۆریا)ی پۆلی سێیەمی ناوەندی یان پۆلی شەشەمی ئامادەیی (بۆ نموونە) دیاردەی كەوتنی خوێندكارەكانیان لە ماددەیەكدا بۆ دەركەوت یان بە گشتی رێژەی دەرچوونیان دی لەساڵەكانی پێشوو كەمترە،چۆن بە پیر ئەم دوو دیاردەیەوە دەچن؟ هەروا لێكدانەوەی (ئیجتیهادی)ی بۆ دەكەن‌و، بەچەند لۆمەو گلەییو وتارو پاساونامەیەك لەم رۆژنامەو ئەو رۆژنامەو كەناڵەكانی راگەیاندندا دیاردەكە فەرامۆش دەكەن (وەك وەها باوە) یان تەواوی دەزگا بەرپرسەكان سەرقاڵی

چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە دەبن و چەند تیمی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن و بە شێوازی تۆژینەوەی زانستی هەموو لایەنەکانی دیاردەکە بەرباس و و لێکۆڵینەوەی زانستی دەدەن تا دەگەنە رێگا چارەیەك کە ئەو دیاردەیە بۆ جارێکی ترو لە ساڵانی داهاتوودا دووپاتنەبێتەوە؟

بەم جۆرە پرسیارەکان هەتا دێت زیاد دەکەن و سەرجەمیان لەو پرسیارەدا خۆیان چڕدەکەنەوە کە ئایا تا چ رادەیەك تاقیکردنەوەکان بۆ چاکسازیی یان گۆڕانکاریی سیستمی پەروەردەو فێرکردن، بە هەموو توخمەکانیەوە، سوودیان لێوەردەگیرێت؟ و ئایا دەزگای پەروەردەیی ئیمڕۆ لە عێراق و کوردستاندا ئەو دەزگایەن کە لە ئاستی بەر پرسیارێتییەکی وەها گەورەو پڕ ئەرکدا بن؟ ئایا پێداویستییەکانی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە پڕ بەها پەروەردەیی و زانستییەیان دابینکردووە کە بەرئەنجامی گونجاو لەگەڵ ئەو بەهایانە بە دەستەوە بدەن؟

ھ- خودی پرسیاری تاقیکردنەوەکان و چۆنیەتی دانانیان و بوونی مەرجەکانی پرسیاری باش تێیانداو شێوازی پرسیارەکان و، ئالییەتی چاودێری و بەرێوەچوونی پۆل و هۆڵەکانی تاقیکردنەوەو، رادەی پابەند بوونی مامۆستایانی چاودێری تاقیکردنەوەکان بە دەستووری ئەخلاقیی تاقیکردنەوەوەو، چۆنیەتی (تصحیح)ی دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەو نمرە دانان، دیسان زنجیرەیەکی دووروودرێژ پرسیار قوتدەکەنەوەو پێویستییان بەچەند لێکۆڵینەوەی تایبەت، لەبەر رۆشنایی ئەو واقیعەی

ئەمڕۆ، هەیە کەلێرەدا ئەو بوارەمان نییە. ئەمە جگە لەوەی کە چەندین مەسەلەی وەك (رادەی وەرگێڕانی ئامانجە گشتییەکانی فێرکردن بە ئامانجی سلوکیو، ئامانجە پەروەردەییەکانی وەك تێگەیشتنو پڕاکتیكو شیکردنەوەو پێکەوەنانو هەڵسەنگاندن، جگە لە زانیارییەکان لە پرۆسەی فێربووونداو، هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لەبەر تیشکی بەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانو، هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی خوێندنو هۆیەکانی فێرکردنو.. هتد) پەیوەندییان بەتاقیکردنەوەکانەوە هەیەو لەیەکتری جیا ناکرێنەوە.

هەڵسەنگاندن وەك قۆناغێك (بە شێوەی تاقیکردنەوە) بۆ دڵنیابوون یان خەملاندنی ئەنجامی پرۆسەی فێرکردن، بە پێی بەرنامە دیاریکراوەکانی قوتابخانە، هەر دەبێت بمێنێت، بەڵام تاقیکردنەوە چۆن دەکرێتو کەی دەکرێتو بۆ چ قۆناغێکی خوێندن بەو شێوەیەی ئێستا پێویستەو چ قۆناغێك شێوە سادەو ساکارەکانی هەڵسەنگاندنی گەرەکە؟ ئەم پرسیارانە دەبێت بە وەرگرتنی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پەروەردەو فێرکردندا (کە ئێستا بێئاگاین لێیو دابڕاوین) وەڵام بدرێنەوەو، بۆ پڕاکتیکیان پشت بە تۆژینەوەی زانستیانەی واقیعی سیستمی تاقیکردنەوە لە کوردستاندا ببەسترێت.

هەڵوەشاندنەوەی تاقیکردنەوەکان بەگشتیو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا چارەسەر نییە چونکە پاشاگەردانیو لە گرێژەنە چوونی سیستمی پەروەردەو فێرکردنی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە چاکسازیی لە سیستمی تاقیکردنەوەکاندا ئەولەوییەتی کارە لەم بوارەداو بۆ ئەمڕۆ

پێویسته ئەویش بەتەنها ناکرێت هەتا لە نێو بەرنامەی گۆڕانکاریی سەرانسەریدا جێی بۆ نەکرێتەوە، واتە نەك چاکسازیی بەڵکو گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەر سیستمی پەروەردەو فێرکردندا نەیەت سەبارەت بەوەی توخمەکانی کرداری پەروەردەو فێرکردن بەیەکەوە گرێدراون‌و، دەستبردن بۆ ئەم توخم‌و ئەو توخم بە تەنها و بەدەرلە گشت، سیاسەتی پینەو پەڕۆ کردنی سیستمەکەیەو توانا و هەوڵ‌و رەنج‌و کات‌و پارەیەکی زۆریش بەفیڕۆ دەدات، بۆیە شان بەشانی هەوڵەکانی چاکسازیی، کە بەناچاری لە هەندێك بواردا یەخەمان دەگرێت، دەبێت مشووری بەرنامەڕێژیی بخۆین، بەرنامەڕێژییەکی سەرلەبەرو تێرو پڕو گشتگیری سیستمی پەروەردەو فێرکردن چونکە تەنها بەوە، پێشمەرجی راستکردنەوەی پشتی هەر یەکێك لە سیستمی توخمەکانی سەر بە سیستمە گشتییەکەی پەروەردە زامن دەکرێت‌و، مەسەلەی ئاستی تێگەیشتنی خوێندکاریش پەیوەندی بە گۆڕانکاریی هەر هەموو سیستمەکان‌و سیستمە گشتییەکەوە هەیە.

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٢٧٥٨)
شەممە ٢٠٠٢/٥/١٨

# سروودو پەروەردەکردنی منداڵ

چێژوەرگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی بۆ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. جووڵاندنی هەستو ئەو خۆشییەی بە بیستنی ئاوازێك جەستەی مرۆڤ و ژێیەکانی ناخی دادەگرێت بەشێکن لە سروشتی سایکۆلۆژیی مرۆڤ، چونکە هەر لە بوونیەوە هەیەو منداڵ هێشتا ساوایە هەستی پێدەکاتو کاردانەوەی خۆشییو چێژوەرگرتنی لەبەرامبەردا دەردەبڕێت.

سروودیش، لە قۆناغێکی دواتردا، وەك شێوەیەکی ئیقاعیو شێوازیکی دەربڕین، بۆ ئەنجامدانی کارێك لەو کارانەی مرۆڤ لە ململانێی خۆیدا بەرامبەر سروشت، بەکار هاتووە. لەگەڵ پەیدابوونی جیاوازییە چینایەتییەکانی نێو کۆمەڵیشدا، سروود رۆڵێکی کۆمەڵایەتی دیوەو ئامرازێکی ململانێی کۆمەڵایەتی بووەو لە ململانێی خێڵەکیو ئایینیو نەتەوەییو چینایەتیو.. هتد دا خۆینواندووە.

سروود بۆ منداڵ ، جگە لەوەی هەستی خۆشیی بەگیانی دەگەیەنێت، وزەو تواناشی دەبزوێنێ؛ لەڕووی هزرو رەفتارو رەوشتیشەوە ئاڕاستەی دەکاتو جیهانێکی نوێی، لە دەرەوەی بازنەی جیهانە بچکۆلەکەی خۆی، پێدەناسێنێت، بۆیە لە سیستمی پەروەردەدا سروود جگە لەوەی هۆکارێکی پێگەیاندنی سۆزی منداڵو لایەنێکی گرنگی پەروەردەی جوانییە، ئامرازێکی ئاڕاستەکردنو ئامادەکردنی منداڵە بۆ ژیانی ئاینده بەپێی ئەو ئایدیاو نەریتانەی سروودەکان دەریاندەبڕن.

سروود، سەرگەرمی و تاووتین و سۆزی دروست، لەڕێی وشەو ئاوازو ئیقاعەوە، بە منداڵ دەبەخشێ و کاریگەرێتیی لەسەر دادەنێت. ئەمە جگە لەوەی وەك ئامرازی چێژلێوەرگرتن و بزواندنی چالاکی بۆ چارەسەرکردنی بێزاربوون لەوانەکاندا سوودی لێوەردەگیرێت و، مامۆستاکان دەتوانن بۆ رەواندنەوەی گرژی و بێزاری و ماندوو بوونی منداڵ لەنێو پۆلدا پەنای بۆ بەرن و، بەو هۆیەوە گیانی خۆ رێکخستن و نوێکردنەوەی چالاکیی لە نێو منداڵان و، فەزای ئارامیش لە پۆلەکاندا، بخولقێنن.

بەکورتی مۆسیقاو گۆرانی و سروود، دەبێت بە شێکی سەرەکی و رۆژانەی بەرنامەیەك بن بۆ گەشەکردن و پەروەردەکردنی جوانیی لەلای منداڵ و، بەسەرجەم لایەنە پەروەردەییەکانی گەشەکردنی جەستەیی و ئەقڵی و ویژدانی وکۆمەڵایەتی و ئاکاریی منداڵەوە پەیوەست بێت، کە بە تێکڕایی هەموویان، کەسایەتیی سەربەخۆی منداڵ بەرەبەرە لە چوونە پێشەوەی تەمەنیدا دروست دەبێت.

گۆرانی و سروود دیاردەی مرۆیین و تایبەت نین بە وڵاتێك یان ناوچەیەکی ئەم جیهانەوە، یان زەمەنێکی دیاریکراوی هەبێت و لە زەمەنێکی دیکەدا نەمێنێت، تەنها ئەوە نەبێت کە زمان و سروشتی هەرشوێنە و هەرکاتە مۆرکی تایبەتی خۆیانی دەدەنێ و، نەریت و بەها چینایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناوەرۆك و کاریگەرێتی وشەکانیان دیاریدەکەن.

ئێمەی کورد، کە لە مێژووی پێکهاتەی نەتەوەییمانەوە، باری چەوساندنەوە لایەنی زاڵ بووە بەسەرماندا و، بەدەگمەن نەبێت ئازادیمان

بــه خۆمانـــەوە نـــەدیوە، چ گۆرانییـــەکانمانو، چ ســـرووودەکانمان کاریگـەرێتی ئـەم بارودۆخـە مێژووییــەیان بەسـەرەوە بـووە، تەنانـەت سایکۆلۆژیی بە کۆمـەڵی خـەڵکی کوردیش لەگـەڵ ئەو واقیعە مێژووییە هاتۆتـەوەو، ئـەو گۆرانییانـەی خەمـەکانی راژەنیبێتـین زێـتر بـرەوی هـەبووەو، ئەو سروودانەی تووڕەیی و بێزاریی نەتەوایەتی و چینایەتی دەربڕیبـێن پێگـەی مانـەوەو بـەردەوامبوونو نـەمرییان لـەنێو خـەڵکیدا هـەبووەو، لەناخ وویژدانیاندا ژیاون، بۆ نموونە سروودەکانی نیوسـەدە پێش ئێستا کە بەیانیان لەریزبووندا قوتابییان دەیانچڕاندن وەك (دەمی راپەڕینـە، ئەی کوردینـە، براییـنە لەخەو هەڵسن، شـاخی رەنگـاورەنگی گۆیـژە...هتـد) هێشـتا چێژیـان لێوەردەگریـنو، ئـارامیی بـەگیانمان دەبەخشنو هەموو هەستە خۆشەکانی ئەو سەردەمە دەبزوێننو بۆ نێو بەها نیشتمانیو نەتەوەییو چینایەتییـەکانی ئەوکاتـە دەمانگێڕنـەوە، هەروەها سروودەکانی دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزو، سروودەکانی سـەردەمی شۆڕشی ئەیلوولو ئەو سروودانەش کە لـە شۆڕشـی نوێـدا بوونە وێردی سـەرزمانی خـەڵکی کاریـان لـە نـاخی نـەوەکانی خۆیـان بەتایبـەتیو،لەسـەر پێشـمەرگەو خـەڵکی سـتەمدیدەو تێکۆشـەرانی سیاسیکردووەو، گیانیانی بۆ زەمەنی بەها شۆڕشگێڕییەکان راکێشاوە، چونکە بوونەتە بەشێك لەو مێژووەی بە خوێنوفرمێسك نووسراوەتەوەو هـەموو چرکەیـەکی لـە بـیرو هـۆشو ویژدانیـاندا یادگارییـەکی بـە جێهێشتووەو لێیانجیانابێتەوە.

ئـــەم ئاوێتـــە بوونـــەی چەوســـاندنەوەو خـــەباتو بـــەها شۆڕشگێڕییەکانو دەربڕینە رۆحییەکەی لـە سـرووودەکاندا، بـۆ نـەوەی

ئیمڕۆ ، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە خوار تەمەنی بیست هەتا بیستو پێنج ساڵییەوەن، بەجۆرێکی دیکەن‌و هەمان کاریگەرێتی لەسەریان دانانێن. ئەوان (نەوەی نوێ)، کەلە جیهان‌و بارو دۆخێکی نوێدا چاویان کردۆتەوە، بەرنامەیەکی نوێیان پێویستە کە ئێمەی (گەورەکان) لە یارمەتیدانیان بەرپرسین، بەرنامەیەك کە لەلایەك ڕەنگدانەوەی گۆرانکارییەکانی سەردەم بێتو دوا پێشکەوتنەکانی زانستو تەکنەلۆژیا ڕەچاو بکاتو،لەلایەکی دیکەوە درێژەپێدانی خەبات بۆ بەدیهێنانی بوون‌و ئازادی‌و یەکسانی‌و ژیانی خۆشگوزەرانی بێت، چونکە ئەوانە جەوهەری ململانێی ئەم سەردەمەن‌و پەیوەستن بە مێژووی تێکۆشانی گەلەکەمان‌و بێ زامنکردنیان دیوارە ئاسنینەکانی چەوساندنەوەو بێمافی نابەزێندرێ.

ئایا دەتوانین سروود بۆ ئەم قۆناغە مێژووییەو، بۆ نەوەکانی ئەم قۆناغە دابنێین کە مەرجی بابەتییانەی بارودۆخە جیهانی‌و خۆماڵییەکەو، مەرجی سایکۆلۆژیی منداڵ‌و گەنجەکانی ئیمڕۆ ڕەچاو بکاتو لە دواڕۆژیان دڵنیابین؟ ئایا دەتوانین سروود بکەینە ئامرازی خۆشویستنی ئەو پرنسیپانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان دا؟ ئەمە پرسیارێکە ڕوومان تێدەکاتو دەبێت ئێمەی باوکان ـــ دایکان، سیاسییەکان، نووسەران، هونەرمەندان، ڕۆشنبیران‌و پەروەردەکاران وەڵامی دروستی بدەینەوە..

سلێمانی

کانوونی یەکەمی/ ٢٠٠١

# وانەی تایبەت

دیاردەی وانەی تایبەت، کە لەلایەن مامۆستایانەوە کاری پێدەکرێت و ئیمڕۆ لەناواندایە چەندین ڕەهەندی هەیەو ناتوانین تەنها بۆ ڕەهەندێك بیگێڕینەوە. لەنێو ئەم ڕەهەندانەدا بنەمای ئابووریی دیاردەکە سەرەکییەو ڕەهەندە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان دەبنە پاشکۆی ئەم ڕەهەندە سەرەکییە. بۆیە دەتوانین دیاردەی وانەی تایبەت وەها پێناسە بکەین کە دیاردەیەکی ئاسایی سەردەمێکە، گەشەکردنی سەرمایەدارییانەی کۆمەڵگا بەڕادەیەك گەیشتووە کە (بازاڕی ئازاد) گشتیبکاتەوەو پرنسیپ و ئاکارەکانی لە بازاڕەوە بەرەو دەزگا پەروەردەیی و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان بتەنێتەوە. دیاردەیەکە بارودۆخی کێبەرکێی ژیان لە سایەی نەرێت و بەهای پارەدا بۆ مرۆڤەکانی دەهێنێتە کایەوە.

ئەم دیاردەیە جیاوازە لەو خوێندنە تایبەتەی، بەر لە گشتیکردنەوەی خوێندن، لە کۆشك و تەلاری پادشاو قەیسەرو ئیمپراتۆرەکان و پیاوە گەورە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگای کۆن پەیڕەو دەکرا، ئەو خوێندنەی پاشان بە دامەزراندنی قوتابخانە وەك مەڵبەندی فێربوون بۆ منداڵان ڕووی لە کزی کرد.

دیارە هیچ دیاردەیەك بەبێ هۆکار نابێت. هەروەها درێژەکێشانی دیسان بەبێ هۆکار نییە، برەوسەندنیشی پەیوەندیی بە چەند هۆکارەوە هەیە، هۆکارەکانیش، بە واقیعی ژیانی ماددی خەڵك و توێژە

کۆمەڵایەتییەکانەوە بەندن، کە لە حاڵەتی وانەی تایبەتدا مامۆستایان ئەو توێژەکۆمەڵایەتییەن. ئەم هۆکارانە لە دواشیکردنەوەشیاندا پەیوەندییان بە سیستمی سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەوە هەیەو بنەماکانی سەرهەڵدانو بەردەوامبوونیان لە سیستمی دەسەڵاتدارو باودا بوونی هەیە. هەڵبەت تێپەڕبوونی وڵات بە هەندێ بارودۆخی نائاسایيو نالەبارو شپرزەبوونو ناجێگیریی هاوکێشەی بڕی داهاتو توانای کڕین بەو بڕە داهاتە، واتە هاوکێشەی داهاتو خەرجی، ئەوەی دەستکەوتی تاکەکەسە لە داهاتی نیشتمانيو ئەوەی بازاڕ قووتی دەداو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ماددیو مەعنەوی گەرەکییەتی، کاریگەرێتییان لەسەر ئەم دیاردەیە هەیە.

ئەم دیاردەیە لە مێژووی خوێندندا زۆر کۆنە، بەڵام بەم شێوە چاوچنۆکانەیەی ئێستا، لەلای ئێمە، مێژووەکەی بۆ (٢٠) هەتا (٣٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێك وەرگرتن لە زانکۆکاندا بەڕووی توێژێك خوێندکاردا زیاتر کرایەوەو لەڕێی دەسەڵاتو کڕینی ویژدانی هەندێك مامۆستاوە دەیانتوانی باشترین نمرە مسۆگەر بکەنو باشترین کۆلێج بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن. دیارە لە هەندێ حاڵەتیشدا ئیستیغلالی باری نالەباری بژێویی مامۆستایانیان دەکرد کە لە سایەی دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمەدا، لەچاو گوزەرانی پیاوانی ڕژێم لە دامودەزگا حکومەتییەکاندا روو لە خراپبوون بوو.

لـه سـەردەمی جـەنگی عـێراق-ئێرانیشـدا، ئـەم دیاردەیـە پـتر گەشـەیکردو تەنییـەوە. دوای راپـەڕینی بـەهاری سـاڵی ١٩٩١ یـش ماموٚستایان، ئەگـەرچی کوٚڵەکەیـەکی راگرتنـی بارودوٚخەکـەبوون‌و بـە راوەستانیان لە پوٚلـەکاندا توانییـان بارودوٚخەکـە، چ بـەر لـە پێکـهاتنی پەرلـەمان‌و حکومـەتی هـەرێم‌و چ دوای ئـەوە، رابگـرن؛ بـەڵام کەوتنـە پەراوێزەوەو دەستسپی لەو هەلومەرجە ناهەموارەدا بێ مووچە ژیانیان دەگوزەراند. ئەمە بوٚ خوٚی هوٚکارو هاندەری ئەم جوٚرەو بگرە چەندین جوٚر کەسـابەت بـوو لـە بازنـەی کـارو چـالاکیی ماموٚستایاندا کـە بـەو دیاردەیە شکایەوەو بوٚ درێژماوە کاریگـەرێتی نەرێیانەی خوٚی لەسـەر رەوتی پێشکەوتنی کوٚمەڵ بەجێدەهێڵێت.

جەمسەرێکی دیکەی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بوٚ تێکچوونـی رەوتـی ئاسایی کوٚمـەڵ‌و هاتنە پێشـەوەی کەسانێك کە لـە رێگای ئاسایی‌و لـە سایەی یاساو پرنسیپەکانی پێشکەوتنی ئیداریدا نـەیاندەتوانی ببنـە خاوەنی سامان، بوٚیە پەنایان بوٚ رێگا پڕ پێچ‌و لاوەکی‌و نایاساییەکان برد. لەم پڕوٚسـەیەدا روٚشنبیران‌و ماموٚستایان لێی بەدەرنـەبوون‌و ئـەو بارە گشتییە ئەوانیشی گرتەوەو تووڕیدانە نێو جەرگەی بازاڕو نەرێت‌و بەهاکانی بازاڕەوە.

هوٚکارێکی دیکەی دەگەڕێتـەوە بـوٚ فراوانبوونـەوەی پێداویسـتییەکانی مروٚڤ لە جیهانێکی گەشەسەندوودا کە لە هەموو لایەکەوە کالاٚکان تەنگ بـە مـروٚڤ هـەڵدەچنن‌و (تاکەکەسـی) پـەروەردەی کوٚمـەڵی (شـت

خۆشەویست) بۆ ئەوەی لە پلەو پایەو شوێنی کۆمەلایەتی خۆی دانەبەزێت یان دوانەکەوێت‌و بتوانێت زۆربەیان (واتە شتەکان) دابین بکات، پێویستیی بە هەڵپەو کاری زیادە، سەرباری کارە سەرەکییەکەی دەبێت، چونکە مووچەو داهاتێك کە بەر لە (٢٠) هەتا (٣٠) ساڵ لەمەوپێش یاسا سنووری بۆ دیاریکردووە، ئەو کاڵایانەی پێنایەت‌و تەنانەت بە فریای ئەوەیدا ناکەوێت ئاستی ژیانی پێشووی لە داڕمان پێ بپارێزێت، بۆیە دیاردەی وەهاو هەڵپەو چاوچنۆکی بۆ پارە لێدەڕسکێ.

هەر کاتێك باری سیاسی‌و ئابووری تێکچوو، باری کۆمەڵایەتیش تێکدەچێت‌و نەرێت‌و بەها ئەرێیەکان‌و لە نێوانیاندا بەها شۆڕشگێڕییەکان کاڵدەبنەوە. ئەمە ئەو واقیعەیە کە بەسەر جیهانی ئیمڕۆدا هاتووەو گۆڕانکاریی بەسەر ئەم جیهانەدا هێناوەو لە دە ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە هەتا دێت قووڵتر دەبێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە گیانی پراگماتیزمانەی برەوپێداو پاشەکشەی بە بەها ئایدیۆلۆژییەکان کردو رەفتارو رەوشتی پراگماتیستی جێیانی گرتەوە، ئەمەش لەگەڵ واقیعە ماددییەکەدا گونجاو بوو، سەرخانە ئەخلاقییەکەشی بەلاوەنانی بەها ((کۆنەکان)) بوو.

جگە لەو هۆکارانە کە سێ کوچکەی باری سیاسی-ئابووری-کۆمەڵایەتی سەرچاوەیەتی چەندین هۆکاری لاوەکیش کە پەیوەندی بە سیستمی کۆنی پەروەردەو، سیستمی وەرگرتن لە زانکۆو، سیستمی کارو بەرهەمهێنان‌و، سیستمی دامەزراندن لە پلەو پایەکانی دەوڵەتداو

پێوەرەکانی پێشکەوتن لە ئاستی کۆمەڵایەتیو، سیستمی ئیدارەو کاروباری خەڵکیو هەڵوێست لە یاسا، کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدانو درێژەکێشانو برەوسەندنی ئەم دیاردەیە دادەنێت کە هەر یەکەیان بەجیا لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێت.

وانەی تایبەت پرۆسەی خوێندن بەرەو کوێ دەبات؟ پرسیارێکە وەڵامەکەی لە واقیعی ئیمرۆی پرۆسەی خوێندندا وەردەگرینەوە.

دیاردەی وانەی تایبەت بەرگێکی چینایەتی یان باشتر بڵێین جیاوازیی چینایەتی بەبەر پرۆسەی خوێندنو پەروەردەدا دەکات. جیاوازیی نێوان داراو نەدار، هەژارو دەوڵەمەند، چینی باڵادەستی کۆمەڵو خەڵکی زەحمەتکێشو، ئاستی خوێندن لە خوێندنگاکاندا دادەبەزێنێتو لە ئاکامدا ئاستی زانکۆکانیش دادەبەزێتو لەسەر گشت دامەزراوەکانی کۆمەڵ کاریگەرێتییەکی سەلبی بەجێدەهێڵێتو روخسارێکی دواکەوتنو شڵەژانو نەزانی بەسەر کۆمەڵدا دەدات.

وانەی تایبەت لە بەرژەوەندیی توێژێکی سەرەوەی کۆمەڵ (پارەدارو دەسەڵاتدار) دەبێت، لە جەمسەرەکەی دیکەیەوە توێژێک مامۆستا گیرفانیانی پێ ئاوەدان دەبێت، ئەم توێژە ئەوانەن کە توانای زانستییان باشەو بەپێی یاسای بازاڕ زانستەکەیان دەفرۆشنو کۆمەڵو یاساکانی بازاڕ ئازادیی فرۆشتنی زانیارییەکانی بۆ دابینکردوون؛ ئەوەشی زیانی پێدەگات ئەو خوێندکارانەن کە تەنها پشت بە توانای خۆیانو بەو خوێندنە رەسمییە دەبەستن کە دەوڵەت لە خوێندنگاکانی خۆیدا بۆی

فەراهەم کـردوون، واتـە ئـەوەی زیـانی پێدەگـات منداڵـی چینو توێـژە هـەژارو زەحمەتکێشـەکەیە. لـە ئاسـتی گشتیشـدا کۆمـەڵو دواڕۆژی نەوەکانو پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکاندا زیانیان پێدەگات، چونکە ئەو زانستانەی لەم وانە تایبەتانەدا بە خوێندکاران دەدرێن کاتینو تەنها بۆ تاقیکردنـەوەکانن و نابنـە هـۆی جووڵاندنـی بیرکردنـەوەو لێکدانـەوەی زیرەکانە، بەڵکو چەند قاڵبو کلێشەیەك لەخۆ دەگرن، کە تەنها نمرەیان پێدێت (نەك زانستی راستەقینە)و ئەویش دوای ئەزموونەکان زۆربـەی دەبێتە هەڵمو تەنانەت خوێندکارەکە ئامادە ناکات بۆ ئەو خوێندنەی لە زانکۆدا مەبەستێتی.

بنـبڕکردنی ئـەم دیاردەیـە بـە قەدەغـەکردنو فـەرمانی کـارگێڕیو چاودێریو دەرکردنی رێنماییو هەڕەشەی سزادانیش ناکرێت، چونکە پێگەی ئابووریو بارودۆخی سیاسی بواری چارەسەرکردنی نادات.

لەکاتێکدا کۆمەڵ لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد بینابکرێتو پەیڕەوی یاساو میکانیزمی ئەو بازاڕە بکاتو هەموو شتێك بە پارە بێتو خەڵکی لـەوە ئازاد بن هەرچییـەکیان هەیە کڕینو فرۆشـتنی پێـوە بکـەن، ئـەوا فرۆشتنی زانستو کاری تایبەتی بەدەر لەکاری رەسمی نێو دەزگاکانی حکومـەت دەبێتـە ئاساییو گونجاو لەگەڵ سیستمی گشتیی کۆمـەڵداو هیچ پاساوێکی یاسایی–ئابووری نامێنێت بۆ رێگەلێگرتنی؛ ئەو کارەی مامۆستایان لەم بوارەدا (وانەی تایبەت) دەیکەن لە بازنەی ئەو سیستمە گشتییە تێپەڕناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت ئەم کارە ڕێکبخرێت و بە سوودی کۆمەڵ وەرچەرخێت و کاریگەریی سەلبی لەسەر پرۆسەی خوێندن کەمبکرێتەوە لەڕێی ئەوەی:

١) لە چنگی چاوچنۆکان دەربهێنرێت و دامەزراوەو پەیمانگای تایبەتی بۆ دابنرێت کە کەرتێکی فراوانتر لە خوێندکاران بەشداریی تێدابکەن.

٢) بەرنامەکانی خوێندن لەڕێی هۆیەکانی فێرکردنی هاوچەرخ و دارشتنەوەیان بەشێوەیەکی نوێ و دابینکردنی هۆکارە یاریدەدەرەکان بۆ تێگەیشتن و پەخشی بەردەوامی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گەشەیان پێبدرێت و بۆ خوێندکاران ئاسان بکرێن و هەموو دەستیان بیانگاتێ.

٣) ئەو مامۆستایانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە مۆڵەتی یاساییان هەبێت بەڵام بە نیزامێك ڕێگەیان لێبگیرێت بەشداریی لە دانانی پرسیارو پرۆسەی (تصحيح)دا بکەن.

٤) دەتوانرێت ئەلتەرناتیڤێکی دیکە بڕیاری لەسەر بدرێت بەوەی حکومەت ڕێگە لەو مامۆستایانە بگرێت کە لە خوێندنگا ڕەسمییەکاندا دامەزراون وانەی تایبەت، چ بە قوتابییەکانی خۆیان یان هەر قوتابییەکی تر، بڵێنەوە، بەڵام ڕێگەیان بدات چ وەك تاکەکەس و چ وەك کۆمپانیا کە بە سەهمی چەند مامۆستایەك پێکبێت لە دەرەوەی خوێندنگا شوێنی تایبەت بۆ وانەی تایبەت دابنێن و یاسا ڕێ و شوێنی کارکردنیان دیاریبکات.

٥) سیستمی وەرگرتن لە زانکۆدا گۆڕانکاریی بەسەر بێت و نمرەی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا کاریگەرێتییەکی لەسەر وەرگرتنی خوێندکاران لە کۆلێژەکاندا نەبێت و هەر کۆلێژە بەپێی پێداویستی و جۆری خوێندنەکەی خوێندکاران ئەزموون بکات.

٦) لەگەڵ ئەو هەنگاوانەشدا، بەکارێکی فیکری-سیاسی- ڕێکخراوەیی، دەبێت پشتگیریی مامۆستایانی پێشڕەو لەنێو خوێندنگاکاندا بکرێت، بۆ چەند ساڵێك خۆبەخشانە بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێك وانەی تایبەت بە خوێندکاران بڵێنەوە و لەم ڕێیەوە قۆرخکردنی وانەی تایبەت بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە خوێندکاران تێکبشکێنن و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بگێڕنەوە بۆ نێو پۆلەکان و چیتر نەهێڵن وانەی تایبەت لە دەرەوە سەنگ و بەهایەکی ماددی یان مەعنەوی بمێنێت.

ئەمە تەنها باری سەرنجێکی راگوزەر بوو دەربارەی ئەم دیاردەیە دەرمبڕی و باشتر وەهایە لەلایەن شارەزایانی بواری لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستی و پەروەردەییەوە چەندین تۆژینەوەی مەیدانیی بۆ ئەم مەبەستە بکرێت.

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٢٥٧٦)
٢٠٠١/١٠/٦

# هەڵەی منداڵ

## منداڵ خۆی هەڵە دەکات یان کۆمەڵگا فێری دەکات؟

ئایا منداڵ هەڵە دەکات؟ باشتر وایە پرسیار دەربارەی چەمکی هەڵە بکەین، چونکە هەڵە لە بیرکردنەوەو رەفتاری مرۆڤدا ( گەورە بێت یان بچووک ) روو دەدات. هەمیشەو لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە، تا ئەو کاتەش مرۆڤێك لەسەر ئەم رووی زەمینە هەبێت، هەڵەو راستکردنەوەی هەڵە دەمێنێت.

چەمکی هەڵە بە واتای جیاوازی یان ناکۆکی یان کەلەبەری نێوان تێگەیشتنی خودیمان و واقعی (موضوعی) دێت. کاتێ مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت خودو بابەت یەکخاتو، لەتای تەرازووی بیرکردنەوەو رەفتاریدا بەرامبەر یەکتر رایانبگرێت، ئەوا لەو هەڵوێستەدا بێ هەڵە دەبێت، دوورو نزیکیش لەو یەکبوونە یان بەرزو نزمی نێو دوو تای ئەو تەرازووەش دەبێتە هەڵەو، رێژەی بچووکیی یان قەبەیی هەڵەکە دەردەخات. بەم پێیە هەڵە رێسایەکی بابەتیەو پەیوەندیی بەڕای ئەم و ئەوەوە نییە.

هەڵەی منداڵ لەم ریسایە بەدەرنییە. لە سەرەتادا منداڵ تا دەگاتە تەمەنی قۆناغی سەرەتایی (ناوەندێتی خود – تمرکزالذات)ی هەیە، خۆی بەناوەندی ژینگەی ماددیو بەشەری دەزانێتو دەرەوەی خۆی، لە پەراوێزو لە خزمەتی خۆیدا دەبینێ. ئەو ناتوانێت هاوتایی خودو بابەت لە بیرکردنەوەو رەفتارەکانیدا کۆبکاتەوە. ئاستی لێکدانەوەو

پێڕەوکردنی بیکردنەوەیەکی لۆژیکی، وەك کردارێکی ئەقڵی، لەلا دروست نەبووە، بۆیە هەڵەکانیشی بەهەڵە نازانێتو بەرە بەرە لە پرۆسەی پێگەیشتنی هەمە لایەنەی کەسایەتیدا، کەلە زانستی دەروونیدا (دەروونناسی) بە پرۆسەی پێکهێنانی ویژدان (الضمیر) ناسراوە، کەسایەتییەکەی دەنەخشێت.

دیارە پێکهاتنی ویژدان، یان باشترو وردتر بڵێین: پێکهاتەی رەوشت پەیوەستە بەکرداری ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتییەوە، کە باوکانو دایکان رۆڵی سەرەکییان تێدا هەیە ئینجا مامۆستایانو گەورەکانی دیکەی نێو کۆمەڵ، بۆیە ژینگەی دروست بۆ پەروەردە کردنی منداڵ لە ماڵەوەو قوتابخانەو کۆمەڵدا مەرجی دەروون دروستیی منداڵو، گەشەکردنی ئاساییو کەمکردنەوەی هەڵەو تەباییبوونیەتی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا. لەمەوە دەگەینە ئەو راستییەی کە هەڵە کردن بۆ مرۆڤو بەتایبەتی بۆ منداڵی مرۆڤ ئاساییە، بەڵام گەورەکان، ژینگەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵ، رۆڵی خۆیانیان هەیە لە دانانی رێگا چارەی دروست بۆی یان لە جێگیر کردنو پەرەپێدانیدا تا دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەی کەسایەتیی منداڵ.

لە رووی سایکۆلۆژییەوە، دەتوانرێت بۆ چارەسەر کردنی هەڵە، چەندین رێگای جۆراو جۆر بگیرێنەبەر، بۆ نموونە، لەو ماوەیەی تەمەندا کە منداڵ خۆپەرستە، واتە (ناوەندێتی خود) بەسەریدا زاڵە،

بەشداریکردنی لە چالاکییە گشتییە هەرەوەزییەکانداو، کاری بە کۆمەڵ لەگەڵ منداڵانداو بەردەوام ئاڕاستەکردنی لە لایەن باوك و دایکیەوە بۆ زانینی کارە راستو نا ڕاستەکان ((هەڵەکان))و، ناساندنی رێساکانی رەوشتی کۆمەڵایەتی پێیان، کاریگەریتی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتییان دەبێتو، منداڵ بەشێوەی ئاسایی گەشە دەکاتو سنووری هەڵەکردنیشی ئاسایی دەبێت.

هەڵبەتە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە، نابێت بەشێوەیەکی پۆلیسیانە رەفتاری لەگەڵ بکرێت، هەروەك نابێت بەناوی نازپێدانەوە دەست لە هەموو کارێکی شەخسی وەربدرێت، بەڵکو دەبێت مامەڵەیەکی مامناوەندی لەنێوان رەخساندنی ئازادیو ئاڕاستەکردنی رەوشتیانەی، بەپێی دیسپلینێکی دیارو راستو ڕەوان، پێڕەو بکرێت، کە لەنگەری هاوکێشەی ئازادیی تاکەکەسو رێسا کۆمەڵایەتییە راستو دروستەکانی کۆمەڵ رابگرێت.

بڵاوکراوەی (دەروازە) ژمارە (سفر)
ئایاری ٢٠٠٠

# پراکتیکی مافی پەروەردەو فێرکردن بۆ مرۆڤ

فێربوون، وەك مافێكی مرۆڤ، خاڵێكی سەرەكییە لە هەموو ئەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەدا كە سەبارەت بە مافەكانی مرۆڤ دەرچوون. جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ كە لە ١٩٤٨/١٢/١٠ دا مۆركرا، دوابەدوای ئەویش رێككەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنیو سیاسییەكان (١٩٦٦)، رێككەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووریو كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەكان (١٩٦٦) رێككەوتننامەی نێودەوڵەتی مافەكانی منداڵ (١٩٨٩)، هەریەكەیان بەندێك یان چەند بەندێكیان بۆ دیاریكردنی مافی فێربوون بۆ مرۆڤ تەرخانكردووە.

بایەخدانی ئەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە بە مافی پەروەردەو فێربوون نیشانەی گرنگیی ئەم بوارەیە بۆ مرۆڤو دانپێدانانێكی ناچاریی مافێكە كە مرۆڤ لە رەوتی بەرەوپێشەوە چوونی خۆیدا شانبەشانی مافەكانی دیكە بە خەباتی نەپساوەی خۆی-لانی كەم-لەڕووی یاساییەوە بەدەستیهێناوە.

ئەگەرچی ئەم مافەو مافەكانی دیكەی مرۆڤ شەرعییەتێكی یاساییان وەرگرتووەو بانگەشەیەكی جیهانیی فراوانیان بۆ دەكرێت، بەڵام لە سەرانسەری جیهاندا، رۆژانە لە پراكتیكدا پێشێلدەكرێن، ملیۆنەها مرۆڤ لێی بێبەشنو بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەكان بەربەستێكی گەورەی لەبەردەم جێبەجێبوونیاندا دروستكردووە. خودی ئەو ناوەندە نێودەوڵەتییانەی لە سەروبەندی كۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێشنیازیان كردو بڕیاریان لەسەردا، مەودای بەدیهێنانی ئەو مافانەیان تەسككردۆتەوە؛ بۆیە سەپاندنی ئەو مافانە،

چ له ئاستی نێودەوڵەتیدا یان بە جیا لە هەر وڵاتێکدا بێت، پێویستیی بە تێکۆشانی هەمەلایەنە هەیەو، ئەم تێکۆشانەش لە ئەستۆی حزبو رێکخراوو کۆمەڵەو کەسانی پێشکەوتنخوازدایە.

ئەم مافانە لە نووسینەوە بۆ کارپێکردن، لە دەقی یاساییەوە بۆ جێبەجێکردن، لە روانگەی تیۆرییەوە بۆ پراکتیک، تەنها بە رەنجو ئارەقەو خوێنی مرۆڤ دێنەدیو، هیچ ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی نایانبەخشێت. لەبەرئەوە پەیبردن بە ناتەواوییەکانی ئەو مافانەو شارەزابوون لەو رێگایانەی پراکتیکیان زامنو بەدیهێنانیان ئاسان دەکات، پێشمەرجێکە دەبێت پیادە بکرێتو، ئەرکێکی شارستانییەو دەبێت بەجێبگەیەنرێت.

## جاڕی جیهانیو مافی فێربوون

جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بەندی (٢٦)یدا ئەم مافەی لە سێ برگەدا دیاریکردووە:

برگەی یەکەم / ئەم مافانە لەخۆدەگرێت:

١- هەموو کەس مافی فێربوونی هەیە.

٢- دەبێت قۆناغی سەرەتایی بە خۆڕاییو ئیلزامی بێت.

٣- دەبێت خوێندنی هونەریو پیشەیی بڵاوبکرێتەوە.

٤- خوێندنی باڵا بە یەکسانی بۆ هەموو کەس بێت.

برگەی دووەم / جێگیرکردنی مافەکان لەم چەند ئامانجە پەروەردەییەدا بەیان دەکات:

١- پێگەیاندنی کەسایەتیی مرۆڤ.

٢- پتەوکردنی رێزی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکان.

٣- گەشەپێدانی لە یەکتێگەیشتن‌و چاوپۆشیکردن‌و دۆستایەتی لەنێو گەلاندا بەبێ جیاوازیی رەگەزیی‌و ئایینی.

٤- پاراستنی ئاشتی لەڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

بڕگەی سێیەمیش دەڵێت: (( باوکان‌و دایکان خاوەنی مافی یەکەمن لە هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا)).

بەر لەوەی هەندێ ڕێوشوێن بۆ چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەم مافانە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا پێشنیاز بکەین، بە پێویستی دەزانین هەندێک بنەمای ئەم مافانەو سنووری راستەقینەی بەدەستهێنانی شیبکەینەوە، بۆ ئەوەی پێشنیازەکان تۆکمەبن‌و لەسەر بناغەیەکی پتەو دابڕێژرێن.

لەڕاستیدا ئەوەی کە هەموو کەس مافی فێربوونی هەبێت، سەلماندنێکی ئاساییەو لە حوکمی بەدیهیاتدایە، چونکە بوونی مرۆڤ، هەر مرۆڤێک، لەو چرکەیەوە دروست دەبێت، ئەو بوونەی لەڕووی سروشتییەوە بە بوونی مرۆڤەکانی دیکە یەکسان دەبێت‌و بەوپێیەش مافی یەکسان دەخوازێت. بەڵام ئەو بوون‌و مافە یەکسانە بەخودی مرۆڤەکە بەدینایەت چونکە دەوروبەر ئەو بەرپرسیارێتییەیان لە ئەستۆ دەکەوێت. ئۆرگانەکانی دەوروبەریش زۆرن‌و هەر کۆمەڵگایەک چەند پلەیەکی بەرودوای بۆ هەبوونی ماف‌و دەسگاکانی پراکتیکی ماف، هەر لە خێزانەوە تا دەوڵەت، داناوە. بۆیە پراکتیکی مافی فێربوون‌و وەرگێڕانی دارشتنە یاساییەکە بۆ کردار، سنوورێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی هەیەو مەرج نییە هەندێك لەو سنوورانە ئەو مافە بۆ مرۆڤ بسەلمێنن یان بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە بواری پراکتیکی ئەو مافە بە مرۆڤ بدات.

خوێندنی ئیلزامی‌و خۆڕایی قۆناغی سەرەتایی، دیسان هەر پابەندی هەلومەرجە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم مافە لە سایەی

هـەبوونی ئیمکاناتێکی ئابووریی باش‌و دیدێکی روون‌و ئیرادەیـەکی سیاسی‌و بەرنامەرێژییەکی زانستییەوە توانای بەدیهاتنی هەیە. زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی لەرووی ئابوورییەوە لاوازن‌و وابەستەی ئابووریی وڵاتانی باکوورن‌و ئاسەواری دەسەڵاتی سیاسیی درێژماوەی داگیرکەرانی رۆژئاواییان تێداماوە، توانای سازدانی خوێندنێکی گشتیی‌و بەخۆڕایی‌و بە زۆریان نییە؛ جگە لەوەش کە ئاستی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکانیان‌و نەبوونی دامودەسگای پەروەردەیی مۆدێرن‌و کەمی کادیری لێوەشاوەو پسپۆڕ، ئاستەنگییەکی بەرچاو لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم مافە مرۆییەدا دادەنێت.

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی خوێندنی هونەری‌و پیشەییش، هەمان ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمانکرد کاریگەرێتی لەسەر گشتیبوونەوەی ئەم مافەش دەبێت، مەگەر لە هەندێ شوێندا نەبێت کە پێداویستییەکانی بەگەڕخستنی سەرمایەی کۆمپانیا فرەناسنامەکان، سازو ئامادەکردنی دەستی کاری کارامەو هەرزانی هونەری‌و پیشەییان گەرەك بێت.

خوێندنی باڵاش نەك هەر لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بەڵکو لە پێشکەوتووترین وڵاتانی باکووریشدا، دەرفەتی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی، تا ئێستا نەڕەخساوەو، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان‌و تواناییە ئابوورییەکان رێگری ئەم یەکسانیبوونەن‌و چاوەڕێش ناکرێت لە سایەی بارودۆخێکی سیاسی‌و ئابووریی جیهانیی وەك ئیمڕۆدا ئەم یەکسانییە بەدەستبهێنرێت.

## جاڕی جیهانیو ئامانجه پەروەردەییەکان

جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ، لە بواری ئامانجە پەروەردەییەکاندا، کۆمەڵێك پرنسیپی مرۆییانەی دەستنیشانکردووە. ئەم پرنسیپانە لە ناخی خواستەکانی مرۆڤەوە سەریانهەڵداوەو بۆ خۆیان مایەی ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکانو چەندین نەوەی یەك لەدوایەکی ئادەمیزاد بوون. بنەماکانی ئازادیو برایەتیو یەکسانی کە دروشمی شۆڕشی بۆرژوازیی ساڵی ١٧٨٩ ی فەرەنسا بوون، سەرچاوەی ئەم ئامانجە پەروەردەییانەن کە وەك بەشێك لە مافی مرۆڤ لە هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا جەختیان لەسەرکراوەتەوە. ئەزموونەکانی دوو جەنگی خوێناویی کاولکەر لەم سەدەیەدا، ئاشتیشی وەك پرنسیپێك پاڵ سێکوچکەی دروشمە ناودارەکەی شۆڕشی فەرەنسا خست. پێگەیاندنی کەسایەتی مرۆڤو ڕێزگرتنی مافەکانیو ئازادییە بنەڕەتییەکانو، لەیەك تێگەیشتنو، چاوپۆشینو، دۆستایەتیو، ئاشتی لەنێو گەلانی جیهاندا بەبێ جیاوازیی ڕەگەزیو ئایینی، وەکو لە جاڕە جیهانییەکەدا هاتووە، ڕەگەکانیان بۆ ئەو پرنسیپانە دەگەڕێنەوە.

ئێستا، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو سەدە بەسەر ئەو دروشمانەو بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ کە ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرەنسا جاڕیدا، هێشتا لە سنوورێکی ئێجگار تەسکدا نەبێت ئەو ئامانجانە لە خەونو خۆشخەیاڵیی مرۆڤ بەولاوە هیچی تری لێ سەوز نەبووە، چونکە بەدیهێنانی ئەو مافانە کە لە چەند ئامانجێکی پەروەردەییدا بەرجەستە بوون، بەشێوەی دەسەڵاتی سیاسیو ئابوورییە جیاوازەکانەوە بەستراونەتەوە. دەسەڵاتەکانیش لە گشتێتی خۆیاندا

دەسەڵاتی دژە مرۆڤ بوون‌و، سیستمە سیاسییەکانیش کە چارەنووسی ئەم جیهانەیان لە چنگدا بووە، لە گەوهەردا دژی مافەکانی مرۆڤ بوون‌و، وەك سیستمی سیاسی‌و ئابووری‌و بەرنامەی کۆمەڵایەتی، نەفیکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بوون، بۆیە ئەم ئامانجانە ئەگەرچی لایەنگیریی هەموو مرۆڤە هوشیارو پێشکەوتنخوازەکانی جیهانی بۆ خۆی راکێشاوەو، ئەو کەسایەتییە سیاسیی‌و رۆشنبیریی‌و فەیلەسووف‌و داهێنەرانە کەم نین کە بەرگرییان لێکردووەو لە بەرنامە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەییەکاندا دایانڕشتووە، بەڵام سەبارەت بە ناکۆکی دەسەڵاتی سیاسیی باڵادەستیی تا ئەمڕۆی جیهان لەگەڵ گەوهەری مافەکاندا بواری بەدیهێنانیانی نەهێشتۆتەوەو مرۆڤ لەم مافانە نامۆیەو بە نامۆیی ماوەتەوە، لەبەرئەوە هێشتا تێکۆشانێکی درێژخایەن چاوەڕوانی مرۆڤە هوشیارو مافناس‌و تێکۆشەرانی سیاسیی پێشکەوتنخواز دەکات کە لە پێناوی بەدیهێنانیاندا کۆڵنەدەن‌و درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن.

## جاڕی جیهانی‌و هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردن

لە دوا بڕگەی بەندی (٢٦)ی جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤدا، خاوەنی یەکەمی هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵی بە باوکان‌و دایکان دیاریکردووە.

ئەم مافە جگە لەوەی لەڕووی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەییەوە مشتومڕ هەڵدەگرێت‌و بیروبۆچوونی جیاجیا دەربارەی هەیەو، مەسەلەی ئامانجی ئاڕاستەکردنی تاکەکەس بۆ خۆی کێشەیەکی نێو فەلسەفەی پەروەردەییە؛ لە سەداسەدیش لەگەڵ مافی مرۆڤ نایەتەوەو، لە ناوەرۆکیشدا ناکۆکییەکی تێدا بەدیدەکرێت. ئایا منداڵ

بەپێی پێداویستیو ئارەزووەکانی خۆی پەروەردە دەکرێت، یان بەپێی پێداویستیو ئارەزووەکانی دایكو باوکی؟ ئایا رێگە بە باوکانو دایکان دەدرێت سەرپشك بن لە هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا یان کۆمەڵیش پێداویستیو مافی لە بواری پەروەردەکردنی رۆڵەکانیدا هەیە؟ ئایا ئەم مافە بۆ دایکانو باوکان رەهایە، یان دەبێت مەرجی تایبەتییان بۆ دابنرێت تا ئەم ئەرکە پەروەردەییە لە ئەستۆ بگرن؟ سەبارەت بەوەی هەمیشە جیاوازییەکی ژیاریی لەنێوان باوکانو رۆڵەکانیاندا هەبووەو هەیەو، ئەو پەروەردەیەی باوکانو دایکان پێی گۆشکراون بۆ رۆڵەکانیان ناشێت، ئەمە جگە لەوەی کە دابینکردنی پەروەردەیەکی هاوسەنگ بەپێی ئەو پرنسیپانەی لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا دەربارەی رۆڵی باوکانو دایکان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا هاتوون، لە سنووری توانای تاکەکەسیانەی باوکانو دایکانو خێزانەکانیاندا نینو رەنگە لە سەدەی داهاتوودا ئەو ئەرکە لە سنووری دەسەڵاتو توانای دەوڵەتەکانیش بە تاکی دەربچێتو شێوەیەکی جیهانگیریی، لە سایەی شۆڕشی ئەلیکترۆنیو رەوتی بەجیهانیبووندا، بە خۆیەوە ببینێت.

## سنووری پراکتیکی مافەکانی پەروەردەو فێربوون

جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤو هەموو ئەو رێککەوتننامانەی دەربارەی مافە رۆشنبیریو مەدەنیو سیاسیو ئابوورییەکانی مرۆڤو مافەکانی منداڵ دەرچوون، لە هەلومەرجی خۆیاندا، دەستکەوتێکی گرنگی مرۆڤ بوونو، لەگەڵ هەموو کەموکووڕییەکانیانداو بەدەر لەوەی لێکدانەوەی فیکریی جیاجیان لەسەرە، دەبێت مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە دەستبەرداریان

نەبن و وەك چەكێكی یاسایی كە شەرعییەتێكی نێودەوڵەتییان هەیەلە دژی چەوساندنەوە جۆراوجۆرەكان و هەموو پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ بەكاریبهێنن، بەڵام دەبێت سنووری راستەقینەشی بزانرێت و سەرمەستانە بۆیان نەڕوانرێت، چونكە بەڵگەنامە مافناسی و یاساییەكان هەمیشە پێویستییان بە پراكتیكە و رێگای پراكتیكیش پڕ پێچ و پەنا و كۆسپ و تەگەرەیەو، لە هەلومەرجی ئێستای نێودەوڵەتیدا، خەباتێكی سەختی دەوێت.

مافەكانی فێربوون بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەكان بەربەستی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی زۆری لەبەردەمدایە، بۆیە داواكاریی بۆ گشتیكردنەوەی، دەبێت پەرەپێبدرێت و بەرنامەی عەمەلی بۆ دابڕێژرێت و جێبەجێكردنی بەسەر ناوەندە سیاسی و ئابوورییە زاڵەكانی سەردەمدا بسەپێندرێت؛ بە واتایەكی دیكە، دەبێت ئەم مافانە بچنە نێو پرۆسەی بەجیهانیبوونەوەو، ناوەندێكی ئاراستەكردنی نێودەوڵەتی بەرنامەی بەدیهێنانی لەهەموو وڵاتانی جیهاندا زامن بكات، هەرچەندە ناوەندەكانی بڕیاری نێودەوڵەتی، لەم قۆناغەی مێژوودا، لە بەرژەوەندییان نییە ئەم كارە بكەن و، ئەم بەجیهانیبوونەی فێربوون بخەنە بەرنامەی بەجیهانیبوونە گشتییەكەوە، هەروەك چۆن ئامادەنین سەرجەمی مافەكانی مرۆڤ لەكایە جیاجیاكاندا، جگە لەوانەی سیستەمە جیهانییەكەیان بەهێزو، بنەمای فیكری و زەمینەی باوبوونیان خۆش دەكات، بسەلمێنن و بێ چەندوچوون پراكتیكی بكەن.

پراكتیكی مافە مرۆییەكانی فێربوون، لە ئاستی نێوخۆی هەر وڵاتێكیشدا دەتوانرێت، تا رادەیەك و لە سنوورێكی دیاریكراودا، زەمینەی بۆ خۆشبكرێت، ئیرادەی پراكتیكی ئەم مافە بە پلەی یەكەم لەلای

دەسەڵاتی سیاسیو، بە پلەی دووەمیش لەلای دەسەڵاتی پەروەردەیی، هەر لە دەزگا باڵاکانەوە تا سەر مامۆستایان لەنێو هۆڵەکانی خوێندندا، رۆڵی کاریگەریان لە جێبەجێکردنیدا دەبێت. دیارە هەر لایەنە (دەسەڵاتی سیاسیو دەسەڵاتی پەروەردەیی) ئەرکی تایبەتی خۆی لەم مەیدانەدا هەیەو، هاوئاهەنگی بەرنامەیان بۆ ئەم مەبەستە، بەدیهێنانی ئەم مافە مرۆییە ئاسان دەکاتو، بە پێچەوانەشەوە مافەکان هەر بە دەقێکی نوسراوی بێ گیان دەمێننەوە.

## ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی

دەتوانین ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەم چەند خاڵە دیاریبکەین:

١) دارِشتنی یاسایی مافی پەروەردەو فێربوونو شێوازی پراکتیکی بە شێوەیەکی روونو ئاشکراو بێ پێچو پەنا.

٢) زامنکردنی سەرکەوتنی یاساکەو رێنەدان بەهێزە کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵ کە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێبوونیدا دابنێن، ئەوەش بە دەقی یاساییو بە دواداچوونی دادوەریی هەر کێشەیەك کە لەم بارەیەوە روویدات.

٣) دەرکردنی یاسای فێرکردنی ئیلزامی بۆ ئەو منداڵانەی تەمەنیان بە شەش ساڵ دەگاتو، رێگرتن لەوەی هیچ منداڵێك لەو تەمەنەدا لە دەرەوەی قوتابخانە بمێنێتەوە.

٤) کردنەوەی خوێندنگاکانی نەوجەوانانو کۆکردنەوەی ئەو مێردمنداڵانەی تەمەنیان (٩ — ١٥) ساڵانەو، رێنەدان بەوەی لە دەرەوەی قوتابخانە بن.

٥) قەدەغەکردنی کاری ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە (١٦) ساڵ کەمترەو ئیجرائاتی یاسایی توند بۆ ئەم مەبەستە دابنرێتو پەیرەوبکرێت.

٦) بەخۆڕایی کردنی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانداو، بەشێکی جێگیر لە بودجەی ساڵانەی حکومەت بۆ ئەم مەبەستە دیاری بکرێت و، هەموو پێداویستییەکانی خوێندن لەلایەن حکومەتەوە دابینبکرێت.

٧) بنەماو ڕێساکانی وەرگرتن لە زانکۆکاندا پێشێل نەکرێن و، بەو پێیە (یەکسانی) لە خوێندنی باڵادا زامن بکرێت.

٨) بایەخ بە خوێندنی هونەری و پیشەیی بدرێت و لە بەرنامەڕێژکردنی سیاسەتی گەشەسەندنی ئابووریدا جێوڕێی دەرچووانی قوتابخانەو پەیمانگا هونەری و پیشەییەکان دیاری بکرێت.

٩) ئازادیی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵدا سەروەربێت و لێپرسینەوەی یاسایی بۆ پێشێلکردنی ئازادی خەڵك هەبێت و هیچ دەزگایەك و کەسایەتییەکی دەوڵەتی لەو پێشێلکارییانەی ئازادی، لە سزای یاسایی قورتاری نەبێت.

١٠) دەسەڵاتی سیاسی ناسنامەی عەلمانی بە رەسمی وەرگرێت و، بە ئاشکرا رایبگەیەنێ و، پرنسیپەکانی دەوڵەتێکی عەلمانی لە سەرانسەری بوارەکانی ژیانی کۆمەڵدا رەنگبداتەوەو، تەشریعی پێویست دابنرێت و بە کردەوەش سۆراخی جێبەجێکردنی بکرێت.

## ئەرکەکانی دەزگا پەروەردەییەکان

هەمیشە ئەرکەکانی دەسەڵاتی پەروەردەیی لە دەسەڵاتی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە وەرگێڕانی خاڵەکانی سەرەوە، بە کردەوە، لە دامودەزگا پەروەردەییەکاندا، بەتایبەتی لە خوێندنگاو هۆڵەکانی خوێندندا، ئەرکی ئەم دەزگایەو هەڵسووڕاوەکانێتی بە سەرپەرشتیاران و کارگێڕان و مامۆستایان و بەرپرسە پەروەردەییە پسپۆڕەکانەوە. لێرەدا وەك سەرەتاو یەکەم هەنگاو بەشێك لەو ئەرکانە دەستنیشان دەکەین.

١) پێشوازی هەموو کەسێك بکرێت (منداڵو گەورە) کە بۆ فێربوون روو لە خوێندنگاکانو مەڵبەندەکانی خوێندن دەکەنو، بۆ ئەم مەبەستە رێسای تایبەتی بۆ خوێندنی هەموو کەسێك، بەپێی ئاستی زانیاریو تەمەنی، دابنرێت.

٢) بە هیچ بیانوویەك خوێندکارانو کەسوکاریان ناچار نەکرێن بەشێك لە مەسرەفی قوتابخانەو خوێندن لە گیرفانی خۆیان بدەنو، پارەکۆکردنەوە بۆ ئەم کارو ئەو پێویستی، لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان قەدەغە بکرێت.

٣) دەزگاکانی پەروەردە، بە تایبەتی خوێندنگاکان، بە هاوکاری ئەنجومەنی باوکانو مامۆستایانو ئەنجومەنی گەڕەكو گوندەکان، سۆراخی جێبەجێکردنی خوێندنی ئیلزامی بکەنو، لە سنووری شوێنەکانیاندا، چاوی یاسای خوێندنی ئیلزامیبنو، کەمتەرخەمییان لەم بوارەدا لێپرسینەوەی یاسایی لەسەر هەبێت.

٤) دەزگاکانی پەروەردە بایەخی تەواو بە قوتابخانە پیشەییەکان بدەنو، بە قوتابخانە ئەکادیمییەکانیان یەکسان بکەنو، مامەڵەی دەرچووانی، بەپێی پسپۆڕیو لە سایەی چەند رێسایەکی نیزامیو یاساییدا، وەکو یەك بن.

٥) سەرزەنشتو سووکایەتیو لێدانی خوێندکاران بە هەموو شێوەکانیەوە قەدەغە بکرێتو لێپرسینەوەی یاسایی لەسەر هەبێت.

٦) پرنسیپەکانی (ئازادی، یەکسانی، مافەکانی مرۆڤو مافەکانی منداڵ) بخرێنە نێو بەرنامەکانی خوێندنو چاودێریی خوێندنی تیۆرییان بکرێتو لە پەیوەندییەکانی نێوخۆی دەزگا پەروەردەییەکانداو لەنێو زنجیرە هەرەمییەکەی بەرپرسانی وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی،

سەرپەرشتیار، بەڕێوەبەر، مامۆستا، خوێندکاردا، پراکتیکی ئەم پرنسیپانە بکرێت و چاوپۆشی لە هەر پێشێلکارییەکیان نەکرێت.

٧) چاو بە بەرنامەکانی خوێندندا بگێڕدرێتەوەو لە چەمکەکانی کۆنەپەرستی و دەرەبەگی و رەگەزپەرستی پاکبکرێنەوەو لە شوێنەواریاندا چەمکە عەلمانییەکان دابنرێن.

٨) دەزگا باڵاکانی پەروەردە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، هاوکێشەیەک بۆ مافی هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ بدۆزنەوەو جێبەجێی بکەن، کە هاوسەنگیی مافی باوکان و دایکان و منداڵەکان و کۆمەڵ زامن بکات و تای تەرازووی هیچ لایەنێکیان بۆ ئەوانی تر لاسەنگ نەکات.

ئەم ئەرکانە، بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، دەتوانرێت لەلایەن خەمخۆرانی پێشکەوتنی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا فراوانتربکرێن و، بناغەی پەروەردەیەکی نوێی پێدابرێژرێت کە لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەسەندنی زانستی و تەکنەلۆژیای سەدەی بیست و یەکەمدا بگونجێن.

گۆڤاری (پەیامی مرۆڤایەتی) ژمارە (٧)

# بۆ ئەوەی گوندە دوورەکان بێ مامۆستا نەبن..!

جیاوازی نێوان شارو لادێ یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکانی ئیمڕۆی ئادەمیزادە. لەم نێوەدا، ئەگەر دواکەوتوویی و بێبەشی و نەبوونی خزمەتگوزاری بە بالآی زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بڕابێت و دیاردەیەکی زەق و گشتی بێت، ئەوا بەشی گوندنشینەکان چەند هێندەی بەشی شارەکانەو، لە نێو یەك وڵات و یەك ناوچەشدا ئەو هەڵاواردنە شارستانییە هەست پێدەکرێت. ئەم جیاوازییە بواری پەروەردەو فێرکردنیشی گرتۆتەوەو گوندنشینەکان یان بەتەواوەتی لە خزمەتگوزاریی فێرکردن بێبەشن، یان ڕێژەیەکی ئێجگار کەمیان بۆ دابین دەکرێت. هەمیشە منداڵانی گوندەکان لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتیی خزمەتگوزارییەکانی فێرکردنەوە، یان بێبەشن، یان لە ئاستێکی ئەوەندە نزمدا پێشکەشیان دەکرێت کە هەرگیز بە ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتیی نێو شارەکان ناگات.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئەم جیاوازییە بەرجەستە دەکات، نەبوون و کەمیی مامۆستایە لە قوتابخانەی گوندەکاندا، بە تایبەتی ئەو قوتابخانانەی لە ناوەندی شارو شارۆچکەکانەوە دوورن یان لە ناوچە سنوورییەکاندان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی جیاوازی لە چۆنایەتیی مامۆستاکاندا هەیەو زۆربەیان مامۆستای نوێ و کەم ئەزموونن و جێگیربوونیان بۆ چەند ساڵێك لەو خوێندنگایانەدا نییەو منداڵانی ئەو گوندانە هەر ساڵەی کۆمەڵێك مامۆستای نوێ دەناسن.

ئیمڕۆ کێشەی کەمیی مامۆستا لە خوێندنگای گوندەکاندا بەردەوامە.

ئەو مامۆستایانەی دادەمەزرێن، یان بۆ شوێنی کارەکانیان ناچن، یان دەوامێکی نیوە ناچڵ دەکەن و زۆربەی کاتی ساڵەکە دەرس ناڵێنەوەو خوێندکاران فەرامۆش دەکەن.

دەمێکە ئەم کێشەیە سەرنجی دەزگاکانی پەروەردەی راکێشاوەو ویستویانە چارەسەری بکەن، هەر لە زیاد کردنی رێژەی ئەو خوێندکارانەی نیشتەجێی شارۆچکەو گوندەکانن کاتێک لە پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان وەردەگیرێن، هەتا کردنەوەی کۆرسی تایبەتی بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانێک کە لەو گوندانەدا بمێننەوەو، رەخساندنی هەندێک ئیمتیازاتی ماددی بۆیان. بەڵام سەرباری ئەو هەوڵانەش هێشتا گرفتەکە وەکو خۆیەتی و گوندە دوورەکان بێ مامۆستان، لە کاتێکدا، ئەگەر ئامارێکی ورد هەبێت، دابەشکردنی مامۆستایان بەرنامەرێژ بکرێت، وزەی وەرگرتنی میلاکی قوتابخانەکان و (نصاب)ی سەرەوەی مامۆستایان رەچاو بکرێت، هیچ خوێندنگایەك بێ مامۆستا نامێنێتەوەو، ئەو ژمارەیەی ساڵانە لە پەیمانگاکاندا دەردەچن، بەشی رێژەی ساڵانەی زیادکردنی دانیشتوان و منداڵانی هاتوو بۆ نێو قوتابخانەکان و رێژەی مامۆستایانی نەما و لە خزمەتدا (فاقد) بەهۆی خانەنشین بوون و مردن و هەر هۆیەکی ترەوە، دەکەن؛ خۆ ئەگەر دەزگا پەروەردەییەکانیش کارامەبن و لە هەمان کاتدا دەستیان بۆ بەرنامەرێژکردن ئاوەڵابێت، ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەتوانن چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن و نەهێڵن هەموو ساتێ بەرۆکی دەزگا پەروەردەییە بەرپرسەکان بگرێت.

بۆچی مامۆستایان بۆ گونده دوورەکـان نـاچن؟ بۆچـی نامێننـەوەو هەوڵی نزیکبوونەوەو پاشان هاتنەوە بۆ نێو شارەکان دەدەن؟

ئـەم پرسـیارانەو چـەندین پرسـیاری تـر لـە بەرامبـەر ئـەو واقیعـەدا دروستەو دەبێت هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت، تا چارەسەر کردنی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

هـەندێك لـە ڕوانگەیـەکی ئەخلاقییـەوە بـۆ ئـەم کێشـەیە دەڕوانـن و، هۆکارەکـانی بـە پـاڵ مامۆسـتایان دەدەن. ئەمـە تەنـها لایـەنێکی کێشەکەیەو بەشێکە لەو داڕمانە گشتییەی ڕەوشت و تێداچوونی نەریتە باشەکانی وەك خۆبەخشی و خۆنەویستی و سەرگەرمیی بۆ خزمەتکردنی خـەڵکی و بە تەنگـەوەهاتنی ژیانیـان. بۆیـە لـەم ڕوانگەیـەوە بـەراوردی مامۆسـتایانی ئێسـتا و مامۆسـتایانی بـەر لـە سـیی هـەتا چـل سـاڵ لەمەوپێش دەکەن!

لـــە راســـتیدا، بەتەنـــها، لـــەم چوارچێـــوە ئەخلاقییـــەدا هۆکارەکانی نابینرێتـەوەو ناشێت بێ سـەرنجدانێکی گشتگیر بـەراوردی مامۆستایانی ئیمڕۆش بە مامۆستایانی دوێنێ بکرێت، بەڵکو دەبێت لـە واقعیـی ژیـانی سیاسـی ـ کۆمەڵایـەتی ـ ئـابووریدا بـۆ هۆکارەکـان بگـەڕێین و لـەوێدا سـەرچاوەی کێشـەکە دیـاری بکرێـت، تـا بـە دەسـتکاریکردن و گۆڕانکـاریی بنـەڕەتیی ئـەو واقیعـە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە چارەسەر کردنێکی ریشەیی بۆ دابنرێت.

بـارو دۆخـی سیاسـی کوردسـتان و نـەبوونی دەسـەڵاتێکی یاسـایی بـەتوانا و جێگـیرو بـەردەوام لـەو گونـدە دوورو سـەر سـنوورییانەدا

لەلایەكو، دەستێوەردانی نایاسایی، بە حوكمی دابو نەریتو پەیوەندییە عەشایەرییەكان، لەكاروباری خەڵكیو كاركردی ئەو بارو دۆخە لەسەر باری دەروونیو ژیانی رۆژانەی مامۆستایان لەلایەكی ترەوە، هۆكارێكی گرنگی رەتكردنەوەی كاركردنە لەو گوندانەدا، چونكە ئەم بارو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەو كزیی دەسەڵاتی یاسا، رەفتاری نایاساییو نەبوونی ئاسایشو دڵنیایی لێدەرسكێو، رێزنەگرتنی پلەو پایەو شوێنی كۆمەڵایەتیی مامۆستایان دەهێنێتەكایەوە. لە رووی كۆمەڵایەتیشەوە گوندەكان دەستی ژیاری ئەم سەردەمەیان نەگەیشتۆتێو تائێستا لە نێو سەدە تاریكەكانی ژیانی بەشەر دەرباز نەبوونو رۆژ لە دوای رۆژ كەلێنی شارستانێتی نێوانیانو شارەكان لە فراوانبوونەوەدایە. ئەم دواكەوتووییە وا لەمامۆستایانی دەرچووی پەیمانگاكان دەكات، بەتایبەتی شار نشینەكانیان، كە بە ئاسانی لەگەڵ ئەو ئاوو هەوا كۆمەڵایەتییەی گوندەكاندا نەسازێن، ئەمە جگە لەوەی رێژەیەكی ئێجگار گەورەی ئەو دەرچووانە ئافرەتن كە لە دابەشكردندا بەر گوندەكان دەكەون، كە ئەمەش بەشێكی كێشەكەیەو، سەبارەت بەزاڵبوونی ئەقلییەتی پیاوسالاری، رێگرییان بۆ دروست دەبێتو تارادەیەكی زۆر هەڵكردنیان گران دەكاتو ناتوانن لەو بارە كۆمەڵایەتییەی گوندەكاندا بژینو ئەركی خۆیان بەجێبگەیەنن.

جگە لەو هۆكارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆیان كردو شان بەشانیان، هۆكاری ئابووری بەربەستێكی گەورەو بنجو بناوانی كێشەكە پێكدەهێنێت. ئەگەر وەك گریمانێك هەندێ لەكاریگەرێتی هۆكارەكانی

پێشوو بتوانرێت کەمبکرێتەوەو چارەسەریان بۆ دابنرێت، بەڵام بارە ئابوورییەکەو نەبوونی پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی ژیانێکی ئاسایی لە گوندەکاندا، هۆکارێکی سەرەکیی بەردەم مامۆستایانە کە کارکردن لەو گوندانەدا قبوولّ نەکەن یان ئەگەر بە ناچاریش کاریان کرد، لە کارکردنیاندا خەمساردبن‌و ئەرکەکانیان وەکو پێویست بەجێنەگەیەنن؛ ئەمە جگە لەوەی ئەو مووچەیەی مامۆستایان وەریدەگرن ( بەتایبەتی مامۆستا نوێیەکان) نەك هەر بەشی ژیانێکی سادەو ساکار، بەڵکو بەشی هاتوچۆشیان ناکات، ئەمە جگە لەوەی کە ئیتر بیرکردنەوەیان‌و قسەکردنیان لە خۆپێکەوەنان‌و بەرنامەرێژکردنی ژیانی دوارۆژیان دەبێتە خەیاڵ‌و ئاسۆیەکی نادیار، سەبارەت بەوەی بەو دوو پوولەی وەریدەگرن پێکنایەت. ئەمەیە هۆکارە سەرەکییەکەو بێ چارەسەرکردنی ناتوانرێت گیانی خزمەتگوزاری‌و قابلبوون بەمامۆستایەتی‌بپارێزرێت.

هەر لە میانەی ئەو هۆکارانەی دیاریمانکرد، پێویستە ئاماژە بەهەندێ هۆکاری دیکەش بکرێت کە پاڵەپەستۆیەکی دەروونی لەسەر زۆربەی مامۆستایان دادەنێت وەك جیاوازیکردن لە نێوان دەرچوواندا بۆ دانانیان لە قوتابخانەی شوێنە نزیك‌و دوورەکاندا بەپێی ناسیاوی‌و نەناسیاوی، دارابوون‌و نەداری، ئەوەی واسیتەی هەیەو ئەوەی کەس ناناسێت... هتد، چ لە یەکەم فەرمانی دامەزراندندا، یان پاشان کە لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر دەگوێزرێنەوە.

ئەم کێشەیە، وەك هەر کێشەیەکی دیکە، دەبێت لە ناسینی

هۆکارەکانییەوە پەی بەرێگای چارەسەرکردنی ببرێت. لە نێو ئەو هۆکارانەشدا هەندێکیان وەك دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژیان‌و مەسەلەی سەقامگیرکردنی ئاسایش‌و سەروەریی یاسا، پەیوەندییان بە دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیەو لە سنووری کارو کاریگەریێتی دەزگای پەروەردەو فێرکردندا نین، بەڵام ئەم دەزگایە لەلای خۆیەوە دەتوانێت لایەنی کەم دوو جۆرە مەرج بڕیار بداو بە شێوەیەکی چوونیەك‌و یەکسان هەموو خوێندکارانی لەبەردەمدا رابگرێت: یەکەمیان مەرجی وەرگرتن لە پەیمانگاکاندا بە خزمەتکردنی چەند ساڵێك لە گوندەکاندا ببەستێتەوەو بۆ هەر ناوچەیەك رێژەیەك لە خوێندکارانی ئەو ناوچەیە، بەپێی پێداویستی قوتابخانەکان‌و رادەی گەشەکردنی ژمارەی قوتابی‌و پۆل‌و قوتابخانە، وەربگیرێن؛ دووەم: لە دابەشکردنی دەرچووانـدا چەند بنچینەیەکی یاسایی‌و نیزامی پەیڕەو بکرێت‌و لە هەموو ئاستەکاندا لە سەری بڕۆن‌و بۆ هیچ ئیعتیبارێکی سیاسی‌و شەخسی پێشێل نەکرێن، چونکە تەنها بەم شێوەیە هەلی چوونیەك بۆ هەمووان دەرەخسێت‌و دەتوانرێت بەیەکسانی مامەڵە لەگەل دەرچووان‌و مامۆستاکاندا بکرێت‌و دڵگەرمییان بۆ خزمەتکردنی پەروەردەو فێرکردن زامن بکرێت.

رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) ژمارە (١٢٨)
١٩٩٩/٥/١

# واقیعی سیستمی پەروەردەو فێرکردنو ئەرکی گۆڕانکاریی پەروەردەیی

**روونکردنەوەیەك**

لە گۆڤاری (رێبازی خوێندکاران) دا کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە(٣١) شوباتی ساڵی ١٩٩٩ دەقی چاوپێکەوتنێك دەربارەی واقیعو کێشەکانی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە عێراقو کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (پەروەردەو فێرکردن بە کەرەستەی کۆن ئەنجام نادرێت).

بەڕێوەبەری نووسین لەم گۆڤارەدا ناونیشانەکەی لە دەقەکەوە وەرگرتووەو، بەڕاستی ناوەرۆکی چاوپێکەوتنەکەی تێدا پوختکردبۆوە، ئەگەرچی لێرەدا ئەو ناونیشانەم گۆڕیو گشتیترم کردەوە. هەروەها بەڕێوەبەری نووسین چاوپێکەوتنەکەی دەقاو دەق، وەك خۆی، واتە دەقی ئاخافتنو دایەلۆگەکەی لە ریکۆردەرەکەوە بۆ نێو لاپەڕەکانی گۆڤارەکە گواستۆتەوە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی وەها رێکیبخات بۆ بڵاوکردنەوە بشێت،یان دەستنووسەکە بداتەوە بە خۆم هەتا پێدابچمەوە (وەك باوە)و لە گفتوگۆیەکی ئاساییەوە بیکەمە نووسینێك خوێنەر تێیبگات، بۆیە ناچار سەر لەنوێ پێدا چوومەوەو، بەبێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکەو کاتی سازدانەکەی دوور بکەومەوە، لە شێوەی یەك وتاردا دامڕشتەوەو چەند ناونیشانی لاوەکیم بۆ بابەتە جیاجیاکانی دانا بەپێیجۆری ئەو موداخەلەو پرسیارانەی لە دایەلۆگی نێوانماندا هاتە پێشەوە، بۆ ئاگاداری خوێنەریش موداخەلەو پرسیارەکان لێرەدا تۆمار دەکەمو، ئیتر ئەم نووسینە جێگرەوەی دەقی

ئەو چاوپێکەوتنەیەو لێی بەرپرسیارم.

- لە کوێوە دەستپێبکەین؟

- کاتێك دەڵێین رۆژهەلات دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە وڵاتانی رۆژهەڵات جۆرە هاوشێوەییەکیان هەیە لە چەند خەسڵەتێکداوەك ئەوەی بەشی زۆریان لە سەردەمێکدا ژێر دەستەبوون کە بێگومان ئەو سروشتی ژێر دەستەییەیان رەنگدانەوەی هەیە بەسەر لایەنەکانی ژیانو فیکرو رۆشنبیری، کە بێگومان سیستمی پەروەردە یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە بێبەش نییە لەو رەنگدانەوەیە، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە وڵاتانی رۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی زیاتر مەرجەعێکی رۆحیو ئاینییان هەیە کە بە شێوەیەکی زەق لە سیستمی پەروەردەدا رەنگیداوەتەوە.

- بەرای ئێوە ئەم بەرنامەو پرۆگرامی خوێندنەی کە خوێندکاری کورد دەیخوێنێتو تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لە گەڵی، ئاخۆ تا چ ئەندازەیەك لەگەڵ پێکهاتەی عەقڵی کوردیو بەرژەوەندیی نەتەوەی کورددا کۆکەو دەگونجێ؟

- ئاخۆ لەو باوەڕەدا نیت ئەوەی عێراق لەسەری رۆیشتووە لە پرۆگرامی خوێندندا لە سەر حسابی بەها زانستییەکەی بووە، ئاخۆ ئەوە نەبۆتە هۆی فەرامۆشکردنی ئامانجێکی گەورەی فێرکردن کە ئەویش ئامانجە زانستییەکەیە لە پێناو بەسیاسەتکردنی مەنهەجەکەدا؟

- لەو باوەڕەدا نیت کە رژێمی بەعس لە ئاراستەکردنی سیستمی پەروەردەدا هێندەی مەبەستی ئەوە بوو کە کەسێتییەکی شەڕەنگێز دروست بکات بەرامبەر بەدوژمنە وەهمییەکان کە بەعس خۆی بۆی دادەتاشێت، لە هەمان کاتدا هەوڵیداوە کە سێتییەکی ترسنۆك

دروست بكات له ئاستى خۆيدا، واته له ئاستى دەسەلاتەكەيدا هێندە مەبەستى ئەوە نەبووە كە مرۆڤێكى زانستخوازو داهێنەرو بیرمەند دروست بكات؟

- ئێوە ئاگادارن كە شوێن دەستى رژێمی بەعسو نەتەوەی بالادەست بەسەر سیستمی پەروەردەو فێركردن، كەسێتی كورد، رژێمە كۆمەلایەتییەكان بە داوو دەزگای ئیداریو رۆشنبیرییەكانمانەوە دیارە، ئاخۆ دوای راپەرین، ئێستاكە دەسەلاتێكی كوردی لە ئارادایە، گەر بێتو نەتوانین سەرلەبەری ئەم رژێمە بگۆڕین، ئاخۆ دەبێت ئێستا دەسەلاتی كورد یەكەم هەنگاو چی بێت یا چی بكات لەم بوارەدا؟
- ئێمە وەك رێكخراوە خوێندكارییەكان چ بكەین بۆ گۆڕینی ئەو سیستمو پرۆگرامە بە شێوەیەكی گشتی؟

## چەمكی سیستمی پەروەردە

بۆ تێگەیشتنێكی هەمەلایەنە، دەبێت لە چەمكی سیستمی پەروەردەوە دەستپێبكەین. سیستم چەمكێكە بە مانای بونیادێك كە تەواوی توخمەكانی پەروەردەو فێركردنی تێدا بەرجەستە دەبێت.

پەروەردەو فێركردن بونیادێكە، ئەم بونیادە زۆر لایەن دەگرێتەوەو لەگشتێتی خۆیدا سیستمێك پێكدەهێنێت. سەرچاوەی بونیادەكە فەلسەفەی پەروەردەییە كە لەسەر بنەمای فەلسەفەی كۆمەلایەتیی كۆمەڵگا یان فەلسەفەی دەوڵەت دادەرێژرێت، واتە لەهەر كۆمەڵگەیەكدا، بەپێی تایبەتمەندییەكانی ئەو كۆمەڵگایە تەلاری پەروەردە بینادەكرێت.

لە هەموو ولاتانی ئەم جیهانەدا، دەوڵەت بۆ كایەی پەروەردەو فێركردن فەلسەفەی خۆی هەیە. دەوڵەت روانگەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ چۆنیەتی ئاراستەكردنی نەوەكانی، بۆیە لەسەر ئەو بنچینەیەو بە

لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاو، بۆ ئاراستە کردنی سیستمی پەروەردە، کۆمەڵێك پرنسیپی بنەڕەتیی دادەڕێژێت.

دەوڵەت لەبواری پەروەردەدا، ئەو فەلسەفەیەی مەبەستێتیو، ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەی پشتیپێدەبەستێت دەخاتە چوارچێوەی کۆمەڵێك ئامانجەوە کە پێیاندەگوترێت: ئامانجە پەروەردەییەکان. ئەم ئامانجانە لە چەند پلەیەکدا ریزدەبن کە گشتیترینیان ئامانجەگشتییەکانی سیستمەکەیە. ئەم ئامانجانەش وردتر دەکرێنەوە بۆ ئامانجی پەروەردەیی دیاریکراو کە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لقی لێدەبێتەوەو، بۆ هەر قۆناغێك، هەر لە باخچەی ساوایانەوە هەتا ئامادەیی، چەند ئامانجی پەروەردەیی دادەنرێت.

ئامانجە پەروەردەییەکان، ئامانجو شێوەی سیستمەکە دەردەبڕنو هەموو توخمە کاریگەرەکانی پرۆسەی خوێندن ئاراستە دەکەن؛ ئەو توخمانەش بریتین لە بەشە پێکهێنەرەکانی سیستمەکە، کە بەگشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە: بەشێکیان توخمە مرۆییەکانو ئەویتریان توخمە مادد ییەکانن.

توخمە مادد ییەکان بریتین لە بەرنامەکانی خوێندن، شێوازەکانی وانەگوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، تاقیکردنەوەکان، چالاکییەکانی نێو قوتابخانە، ئەو چالاکییانەی پێیاندەگوترێت: چالاکیی دەرەوەی پۆل، پێداویستییەکانی بینای قوتابخانە،...هتد.

توخمە مرۆییەکانیش بریتین لە قوتابی (خوێندکار)وەك تەوەرەی سەرەکیو ئامانجی سیستمی پەروەردە کە بوونی هەموو سیستمەکە بە بوونیانەوە بەندە؛ ئینجا مامۆستایان کە رۆڵێکی کاریگەریان لە واقیعە پەروەردەییەکەدا هەیە، هەروەها بەڕێوەبەرەکانو سەرپەرشتیارە

پەروەردەییـــەکانو هـــەموو ئـــەو کـــادیرو کارمـــەندو پســـپۆڕە پەروەردەییانـەش دەگرێتـەوە کە لـە دامو دەزگـا پەروەردەییـەکاندا کـار دەکەن.

کەواتـە: چـەمکی سیسـتمی پـەروەردە پێکهاتەیەکـە لـەتێکڕای ئـەو توخمانـە پێکدێت کە باسمـان کـردن، بونیادێکـە گشـتی، کـە کـارلێکی فەلسـەفەی کۆمەڵایـەتیو، فەلسـەفەی دەوڵـەتو، ئامانجـە گشـتییەکانو، ئامانجـە پەروەردەییـەکانو، ئامانجـەکان لـە هـەر قۆنـاغێکی خوێندنـداو شـێوەو شـێوازی کاریگـەرێتیی هۆکـارە مـادديو مرۆییـەکان، سـیمای دەنەخشێنن، واتە سیستم تەنها دەزگایەکی دیاریکراو ناگرێتەوە، بەڵکو بینـا گشـتییەکەی پـەروەردە وەك یەکەیـەك سیسـتمەکە پێکدەهێنێـت، ئەوەش چەمکێکی گشتییە، خەسڵەتێکی گشتگیری جیهانیی نـاوکۆیی سیسـتمی پـەروەردەو فێرکردنـــە بـــە جیـــاوازی دەوڵـــەتو سیســـتمە کۆمەڵایەتییەکانــەوە. لەبەرئــەوە خەســڵەتە گشــتییەکانو پرنســیپە بنەڕەتییـەکانی چەمکی سیستمی پەروەرەیی لە ( ئەمریکا ، ئـەڵمانیا ، چین ، روسیا،.. هتد)، یەکانگیردەبن، بـەڵام دەشـێت لـە پـەیڕەوکردنو ئاڕاسـتەکردندا جیاوازییـــان هـــەبێت ســـەبارەت بـــەوەی هـــەر وڵاتێـــك تایبەتمـەندێتیی خۆی هەیە بەهۆی جیاوازیی کۆمەڵگاکانو چۆنایـەتی باری ئابووری-سیاسیی-کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی نێوانیان؛ دیـارە ئـەم جیاوازییـــەش کاریگـــەرێتیی لەســـەر چۆنیـــەتی بـــەڕێوە چـــوونو ئاڕاسـتەکردنی سیسـتمی پـەروەردە لەوڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە هەیە.لەم میانەیەدا پێویسـتە ئامـاژە بەوەبکـەین کەراسـتترین شـێوازی لێکۆڵینەوە لەسەر سیستمی پەروەردە ئەو شێوازەیە کە بە شێوەیەکی دیـاریکراو بـەپێی ئامـارو کۆکردنـەوەی زانیـاری پـەیڕەو دکرێـت، بۆیـە

ناتوانین بەگشتی قسە لەسەر ناوچەیەك یان بەشێكی ئەم جیهانە (بۆ نموونە) ڕۆژهەڵات بکەینو خەوشەکانی بوارەکەی بەپاڵبدەین، چونکە دەبێت بچینە نێو وردەکارییەکانەوە، ئەوەش لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك دەگۆڕێنو جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە. لەبەرئەوە ڕاستترین میتۆد بۆ تێگەیشتن لە خۆمان شیکردنەوەی دیاریکراوی ئەو سیستەمە پەروەردەییەیە کە پێڕەوی دەکەین ئەویش سیستەمی پەروەردەیی عێراقو پراکتیکی ئەم سیستەمەیە لە کوردستاندا.

## گشتو تایبەت لە پەروەردەدا

تێپەڕبوونی کۆمەڵگاکان بەچەند قۆناغێکی گەشەکردندا، سیمایەکی گشتی بەرەوپێشەوە چوونی مێژوو بووە، بۆیە لە ڕاستیدا نەك هەرکۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات بەڵکو زۆربەی کۆمەڵگاکان ئەو قۆناغانەیان بڕیوەو گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوە بۆ شیکردنەوەی هەر دیاردەیەك لە هەر لایەنێکی پێکهاتەی سیاسی - ئابووری - کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکاندا دەبێت ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت.

وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بەشێوەیەکی گشتیو بۆ ماوەیەکی زۆر، ژێردەستە بوون. سیستەمی پەروەردە لەم وڵاتانەدا یان داگیرکەران بنچینەکەیان دارشتووە یان بەهۆی ژێردەستەییانەوە کاریگەریتی وڵاتانی داگیرکەریان بەسەرەوە بووەو هەتا ئێستاش بەسەریانەوەیە. بۆ نموونە: عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێردەستی ئینگلیزدا بووە، سیستەمە پەروەردەییەکەی لەلایەن ئینگلیزەوە دانراوەو هەتا ئیمڕۆش کاریگەریتیی سیستەمی پەروەردەیی ئینگلیزی بەسەرەوەیە؛ لە وڵاتانێکی وەك لوبنانو جەزائیریش کە فەڕەنسا داگیرکەریان بووە،

سیستمی پەروەردەو فێرکردن بەئاقارێکی دیکەدا براوە، واتە بەئامانجێکی دیکە ئاراستەکراوە. کەواتە لە شێوازی بەڕێوەبردنی سیستمی پەروەردەو ئاراستەکردنیدا جیاوازی لە نێوان وڵاتە داگیرکەرەکاندا هەبووە وەك ئەوەی ئینگلیز لە هەر وڵاتێکدا بووبێت هەوڵیداوە سیستمی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵە کەسانێکی ئەکادیمی بەکاربهێنێت کە پابەندو لەخزمەتی خۆیدا بن و درێژە بەدەسەڵاتی ئەوان لە وڵاتەکەیاندا بدەن. ئینگلیز هەرگیز نەیویستووە سیستمی پەروەردە لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتیدا خزمەتی خەڵکی بکات و رێگای پێشکەوتنیان لەبەردەمدا بکاتەوە، بۆیە ئەو وڵاتانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێردەستی ئینگلیزدا بوون وەك: هیند، میسر، عێراق تا ئەندازەیەکی بەرچاو، دوای سەربەخۆییش، ئاسەواری دواکەوتووییان پێوە دیار بووە، لەکاتێکدا فەرەنسا بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کردووە کەژێردەستەی بوون و بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی ئینگلیز پەروەردەوفێرکردنی ئاراستە کردووە. ئامانجی سەرەکیی فەرەنسا ئەوەبووە کە وڵاتە ژێر دەستەکانی ببنە بەشێك لە فەرەنسا لەهەموو رووییەکەوە، واتە بەفەرەنسیکردنی ئەو وڵاتە (فەرنەسەکردن) ئامانجێکی سەرەکیی سیستمی پەروەردەو فێرکردن بووە.

ئەوە راستییەکی سەلمێنراوە کە وڵاتانی رۆژهەڵات لە خەسڵەتە گشتییەکانیاندا وێکدەچن و ئایین و مەسەلە رۆحییەکان تا رادەیەکی زۆر بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا رەنگدانەوەیان هەیەو بنەمایەکی سەرەکیی سیستمی پەروەردەو فێرکردنن، بەڵام ئەو راستییە ئەورووپاش دەگرێتەوە سەبارەت بەوەی ئەورووپاش بەهەمان قۆناغدا تێپەڕیوەو تاسەردەمانێکی زۆر ئایین و کەنیسە بەسەر بوارەکانی ژیاندا باڵادەست

بوون‌و، دواتر دژی ئەم دەسەڵاتە خەباتکراوەو هەوڵ بۆ جیاکردنەوەی ئایین‌و کەنیسە لە خوێندن‌و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دراوە. مێژوو ئەو واقیعەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن، چەند سەدەیەك لەمەوبەر، ئەوکێشەیە لە ئەوروپادا لەگۆڕێ بووەو، چ تێکۆشانێك بۆ جوداکردنەوەی ئەو دوو بوارە کراوە کە بزووتنەوەی ڕێنیسانس‌و شۆڕشی بۆرژوایی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا دوو هەنگاوو هەوڵی پێشکەوتنخوازانەی مێژوویی بوون کە جیاکردنەوەی ئایین‌و کەنیسە لە دەوڵەت‌و پەروەردەو فێرکردن ئامانجێکی سەرەکییان بووە.

جیاکردنەوەی پەروەردەو فێرکردن لە کەنیسە بنەمای ئەو خواست‌و ویستەیە کە ئێستا لە جیهاندا خەڵکی عەلمانی‌و پێشکەوتنخواز خەباتی بۆ دەکەن‌و داواکاری ئەوەن پەروەردەو فێرکردن لە کاریگەرێتی ئایین رزگار بکرێت‌و ببێتە پرۆسەیەکی مەدەنی‌و عەلمانی.

سیستمەکانی پەروەردەو فێرکردن لە رۆژهەڵاتدا، بەشێوەیەکی گشتی، گوشاری کۆمەڵایەتییان لەسەرە. ئەو گوشارەی لەم کۆمەڵگایانەدا هورژم بۆ پرۆسەی پەروەردە دێنێت، تایبەتمەندێتی ئایینی بە زەقی پێوەدیارە، بەڵام جگە لەوەش تایبەتمەندێتی نەتەوایەتی‌و خێڵایەتی‌و تیرەگەرێتی‌و زۆر تایبەتمەندێتی دیکەی لەسەرەو لە وردەکارییەکانی سیستمەکەو پرۆسەکەدا رەنگدەدەنەوە.

لەڕاستیدا ئەوەی لێیدواین تەنها لایەن‌و خەسڵەتە گشتییەکانی رۆژهەڵات بوو، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی وردتر واقیعی ئەو جیاوازییە زۆرو زەبەندانەمان دەخاتە بەردەست کە لە نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتدا هەیە. بە واتایەکی دیکە لەنێو گشتێتی رۆژهەڵاتدا ئەو خەسڵەتە تایبەتانەش دەردەکەون کە کاریگەرێتی لەسەر بواری پەروەردەو فێرکردن دادەنێن،

چونکه هەر وڵاتە بەپێی بارودۆخی تایبەتی و رووکاری سیاسیی خۆی سیستمی پەروەردەو فێرکردن ئاراستە دەکاتو لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتی سیاسی- ئابووری-کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی خۆی سیستمەکە بونیاد دەنێت. لەبەرئەوە (بۆ نموونە) جیاوازیی سیستمی پەروەردە لەنێوان (سعودیەو یابان) یان لەنێوان (هیندو چین) یان (ڤێتنامو مالیزیا)و ... هتد هەیە؛ نەك هەر ئەمە بەڵکو جیاوازی لەنێوان سیستمی پەروەردەی ئەو وڵاتانەشدا هەیە کە پەیڕەوی هەمان ڕێبازی یەکتر دەکەن وەك (ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، سودان) کە هەر هەموویان وەك دەوڵەتی ئیسلامی خۆیان دەناسێنن کەچی لە واقیعدا جیاوازییان لەنێواندا هەیەو سیستمی هەر وڵاتەیان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بۆیە لە سایەی بەکارهێنانی زاراوەیەکدا وەك زاراوەی (رۆژهەڵاتی، ئیسلامی) ناتوانرێت وردەکارییەکانی پێکهاتەی سیستمەکە ببینرێت. لەبەرئەوە لە تۆژینەوەی هەر سیستمێکی پەروەردەییدا راستتر وەهایە لە گشتو تایبەت پێکەوە بکۆڵرێتەوە تا تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەو زانستی لەسەر وەربگیرێت.

## تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی لە عێراقدا

بۆ ناسینی سیستمی پەروەردە لە عێراقدا، وەك هەر وڵاتێکی رۆژهەڵات، دەبێت بۆ لایەنی (تایبەت)ی سیستمەکە بگەڕێینەوە تا لەڕێی تایبەتمەندییەکانەوە چۆنایەتی سیستمەکە دیاریبکەین. بۆ ئەمەش، سەرەتا لە فەلسەفەی دەوڵەتی عێراقەوە دەستپێدەکەین، لە ئاراستەکردنەکانو شێوەی جێبەجێکردنی واقیعیو بەکردەوەی فەلسەفەکەوە دەستپێدەکەین...

فەلسەفەی دەوڵەت لە عێراقدا، فەلسەفەی نەتەوەی باڵادەستە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، فەلسەفەیەکە پێگەی شۆڤێنیستی و فاشیستانەی هەیە کە نەك هەر نەتەوەو کەمایەتییە بندەستەکانی وەکو کوردو تورکمان بەڵکو جەماوەری نەتەوەی عەرەبیش بە دەستییەوە گیرۆدەن. سەرچاوەی ئەم فەلسەفەیە لەڕووی بونیادییەوە بیرێکی نەتەوایەتی تەسکەو، لەڕووی ستراتیژیشەوە ئاڕاستەیەکی نەتەوەپەرستانەی تەماعکارە بۆ دواڕۆژ بە نیازی بەزاندنی سنووری عێراق و پەلهاویشتن بۆ وڵاتانی دیکەی عەرەب؛ پاساوی ئەمانەش پێکهاتەی فەلسەفەی حزبی دەسەڵاتدارە لە عێراقدا، کە فەلسەفەیەکی نەتەوەیی بەرچاوتەنگەو لە ئاستی (نیشتمانی عەرەب)دا کاردەکات، واتە ئاڕاستەیەکی ڕێکخراوەیی نەتەوەیی هەیە نەك سنووردار لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا. ئەم ئاڕاستەیە تێڕوانین و ستراتیژی پەروەردەییشیان دیاریدەکات و بنەمایەکی فیکری سیستمی پەروەردە لەسایەی ئەم دەوڵەتەدا پێکدەهێنێت.

لە دیدگای فەلسەفەی نەتەوەیی دەوڵەتی عێراقدا وڵاتێك بەناوی کوردستانەوە نییە. دان بەو ڕاستییەدا نانێت کە بەشێکی کوردستان بە بەشێکی نیشتمانی عەرەبەوە لکێنراوە. کورد بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناژمێرێت و ئەو پارچەیەی کوردستان بە بەشێك لە خاکی عەرەب دادەنێت. ئەم دیدگایەی حزبی دەسەڵاتدار لە عێراقدا، بە ئاشکرا، لە نووسینەکانی (مێشێل عەفلەق)دا جەختی لەسەرکراوە.

دەوڵەتی نەتەوەی عەرەبی باڵادەست لە عێراقدا بە درێژایی ساڵانی جەنگی عێراق-ئێران، کوردستانی عێراقی هەر لە (سیدەکان)ەوە هەتا (بەدرە وجەسان) کردبووە مەیدانی جەنگ، کەچی لە ڕاگەیاندنەکانیدا ئەم مەیدانەی وەك دەروازەی ڕۆژهەڵات (البوابە الشرقیە)ی نیشتمانی

عەرەب لە قەڵەم دەدا، ئەمە بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە وڵاتێك بەناوی کوردستانەوە لە فەرهەنگی دەسەڵاتی نەتەوە پەرستی عێراقدا نییە، دیارە ئەم چەمکە شۆڤێنییەش بنەمای سیستمی پەروەردەو فێرکردن دەبێتو، بەو پێیە کورد وەکو (هاووڵاتی) پلە دوو یان پلە سێ، نەك هاوبەش سەیردەکرێت.

ناوەرۆکی شۆڤێنیستیو فاشییانە خەسڵەتی سیستمی پەروەردەو فێرکردنن لە عێراقدا. یەکێك لە خەوشەکانی سیستمی پەروەردەی عێراقی ئەوەیە کە سیستمێکی فاشیانەو نەتەوەپەرستانەیە بەرامبەر کوردو سیستمێکی باڵادەستانەو خۆسەپێنەرانەشە بەرامبەر بەسەرجەم گەلانی عێراق، بەگەلی عەرەبیشەوە لە ناوەڕاستو خوارووی عێراقدا، ئەم سیماو تایبەتمەندییەش لەفەلسەفەی حزبی سەرکردە (الحزب القائد)و سەرکردەی ناچاریی (القائد الضرورة)دا بەرجەستە دەبێتو، فەلسەفەی چینی باڵادەستی نەتەوەی سەردەست لەعێراقدا لەم تێزانەدا خەستدەبێتەوەو، روانگەی فەلسەفەی پەروەردەییو بنچینەی سیستمی باوی پەروەردەنو ئاڕاستەی هەموو توخمەکانی کرداری پەروەردەو فێرکردن دەکەن.

دەوڵەتی عێراق لەماوەی سیی ساڵی رابردوودا، بۆ ئاڕاستەکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆی هەندێك لە کۆلیژو پەیمانگەکانی قۆرخ کرد، ئەو خوێندنگاو پەیمانگەو کۆلیژانە بەرنامەی تایبەتییان تێدا پێڕەوکراو، دەوڵەت بەو شێوەیە ئاڕاستەی کردن کە ببنە ئامرازی هەیمەنەکردن بەسەر پەروەردەو فێرکردندا هەر لەوەی مەرجی ئینتیمایان بۆ حزبی دەسەڵاتدار بەسەر خوێندکارەکاندا سەپاند، بەتایبەتی لە پەیمانگەو کۆلیژەکانی

پێگەیاندنی مامۆستایاندا، هەتا سەرسەپاندنی فەلسەفەی خۆیان لە بەرنامەکانی خوێندندا.

پرۆسەی دەستکاریکردنی بەرنامەکانی خوێندنو دارشتنەوەی بەپێی فەلسەفەو سیاسەتی حزبی دەسەڵاتدار هەر لە ساڵی ١٩٦٨ەوە، واتە لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا، دەستیپێکردو بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان دەستیانتێوەردا. ئەو کتێبانەی خوێندن کە لە نوێ چاپیاندەکردنەوە پڕیان لە بۆچوونی شۆڤێنیانەکرد، (بۆ نموونە) کتێبی رێزمانی عەرەبی قۆناغی ناوەندی، بۆ هێنانەوەی نموونەو بەڵگەی مەسەلە زمانەوانییەکان، دوابەدوای ئایەتێکی قورئانو حەدیسێك یەکسەر قسەیەکی سەرۆکی عێراقیان تۆمارکردووە. دانانی وتەکانی سەرۆکی عێراق لەریزی ئایەتەکانی قورئانو حەدیسەکان بۆ چەسپاندنی تێزی (سەرکردەی ناچاریی) بوو کە بەردەوامو بەگەرمی هەوڵی پەستاندنی لە مێشکی خوێندکاراندا لەئارادا بوو.

بەڵگەیەکی دیکەی سیاسەتی فاشیانەی دەسەڵات لە عێراقدا ئاراستەکردنی تایبەتیی خوێندکاران بوو لەلایەك لەرێی بوارەکانی هونەرەوە وەك سروودو گۆرانیو مۆسیقاو نواندنو.. هتد، لەلایەکی دیکەوە لەرێی پەروەردەکردنی سەربازییانەی قوتابیانو خوێندکاران لەرێی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلو پێکهێنانی رێکخراوەکانی (طلائع و فتوە)و ئۆردوگاکانی (العمل الشعبی) خوێندکاران لەهاویناندا. ئەم کارە رێکخراوەییە بەگیانێکی میلیتاریستیو بەهەستی شۆڤێنیانەی نەتەوەی بالادەست، ئاراستە دەکراو بۆ گشتیکردنەوەو بەباوکردنی فەلسەفەو سیاسەتی حزبی دەسەڵاتدار سوودی لێوەردەگیرا.

حزبی فەرمانڕەوا گرنگیی بواری پەروەردەو فێرکردنی دەزانی، بۆیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی كۆنترۆڵكردنی داو ((زیرەكانە)) بۆ بەرژەوەندیی حزبەكەیان لەو بوارەدا هەنگاویان دەناو، جگە لە خۆیان بۆ هیچ حزبو لایەنێكی دیكە نەبوو تێكەڵ بەو مەسەلەیە ببنو تەنها قۆرخی خۆیان بوو، لێرەوە دەگەینە ئەو راستییەی كە تایبەتمەندییەكانی سیستمی پەروەردە لە عێراقدا لە تایبەتمەندیی فەلسەفەو سیاسەتی دەسەڵاتەوە سەرچاوەی دەگرت، چونكە هەر لە سەرەتاوە پرنسیپەكانی ئازادیو دیموكراسیو یەكسانیو سۆسیالیزمو سەربەستیی فیكر لە فەلسەفەی دەوڵەتدا نەك هەر جێگەیەكیان نەبوو بەڵكو رەتكرابوونەوە، سەبارەت بەوەی لەگەڵ چەمكەكانی (یەكگرتنو ئازادیو سۆسیالیزم)ی ئەواندا یەكیاننەدەگرتەوە، دیارە كە ئەم پرنسیپانەش لەئارادا نەبوون ئەوا بارودۆخەكە دەچێتە خزمەتی دەسەڵاتدارانەوەو، فەلسەفەی ئابووریو سیاسیو كۆمەڵایەتیی دەوڵەتو حزبی دەسەڵاتدار لەبوارەكانی پەروەردەو فێركردندا رەنگدەدەنەوە.

## شۆڤێنیزم لە بەرنامەكانی خوێندندا

پێشتر ئاماژەمان بەوە كرد كە دژایەتی بەعس بۆ ئەو نەتەوەو كەمایەتییانەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدان، دژایەتییەكی بونیادییەو لایەنێكی سەرەكیی فەلسەفەكەیانە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەبەرنامەكانی خوێندندا رەچاوی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی كورد نەكراوە بەڵكو لەبنەڕەتەوە هەر سەروەرییەك كە نەتەوەی كورد بەهی خۆی دەزانێ لە بەرنامەكاندا جێیان نەبۆتەوەو بەلایدا نەچوون،

خۆ ئەگەر لەبارودۆخێکی سیاسیی دیاریکراودا جاروبار ئەو سەروەرییە نەتەوەییانە لەنێو بەرنامەکاندا سەریانهەڵدابێت، ئەوا هەوڵی سڕینەوەیان داوە.

بەرنامەکانی خوێندن لەعێراقدا بە ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی شۆڤێنیو ئەقڵییەتێکی تەسکی حزبییانەدا بڕاون. ئەو داموو دەزگایانەی ئەم ئەرکەیان پێسپێردرابوو، هەوڵیان داوە نەخشەو پلانە شۆڤێنییەکانی کایەی سیاسەتو جەنگی دژە مافە رەواکانی گەلی کورد لەبواری پەروەردەو فێرکردندا جێبەجێ بکەن، ئەوەی لەبواری پەروەردەو فێرکردندا کراوە، بۆ سەرخستنی سیاسیو سەربازیی نەخشەو پلانەکانی رژێم بوو کە ئامانجیان سڕینەوەی بوونو ماهییەتی نەتەوەیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بووە.

یەکێك لەو نەخشانەی بۆ تەواوکردنی سیاسەتی سڕینەوەی بوونو ماهییەتی نەتەوەیی گەلی کوردستان پەیڕەوکرا، سەپاندنی وازهێنانی خەڵکی بوو لەو دەستکەوتە کەمەش کە خۆیان لەبەیاننامەی ١١ی ئازاردا سەبارەت خوێندن بە زمانی کوردی دانیان پێدا نابوو؛ تەنانەت دەیانویست سیاسەتی سەپاندن بکەن بە خواستو ئارەزووی خەڵکیو لەیەك دوو ساڵی پێش راپەڕیندا، بەبەرنامەیەکی فریودەرانەوە، سەرپەرشتیارانی پەروەردەییان رەوانەی قوتابخانەکان دەکرد تا لەگەڵ دایكو باوکی قوتابیاندا کۆببنەوەو هانیان بدەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بەعەرەبی بخوێننو قوتابخانەکانیان تەعریب بکەن بەبیانووی ئەوەی زمانی عەرەبی زمانێکی زیندووەو زانکۆکان بەزمانی عەرەبینو (گوایا) بۆمنداڵ باشترە هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە بەزمانی عەرەبی بخوێنێت، ئەم تەڕویجکردنەی خوێندن بەزمانی عەرەبی راستەو ڕاست بە

پێچەوانەی بەیاننامەی یازدەی ئازار بوو کە گەلی کورد بە رەنجو خەباتو خوێن بەدەستیهێنابوو.

ئەگەرچی ئەم سیاسەتی تەعریبە شکستی هێناو، جگە لە کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی عەرەبیو ناردنی منداڵان بۆیان بەهەڕەشەو چاولێسوورکردنەوە، بۆ بەرژەوەندیی رژێم هیچی لێ سەوز نەبوو، بەڵام لە زەوتکردنی دەستکەوتەکان بەردەوامبوونو بەرنامەکانی خوێندنیان بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنا تا کار گەیشتە ئەوەی لە بەرنامەکاندا بوونی کوردو سەروەرییە نەتەوەییەکانی باس نەکرێن.

لە واقیعدا کۆمەڵێك هێماو سەروەریی نەتەوەیی هەن کە نەتەوەکان شانازییان پێوە دەکەن وەك: دەوڵەت، ئاڵا، قارەمانو سەرکردەی نەتەوەیی، جەژنی نەتەوەیی، دابو نەریتی تایبەت بە نەتەوە، کەلتووری ماددی نەتەوە. ئەم سەروەرییانە لەبەرنامەکاندا بۆ کورد نەبوو بەڵکو هەر هەمووی بۆ نەتەوەی باڵادەست لەعێراقدا (نەتەوەی عەرەب) بوو. منداڵی کورد بەسەروەرییەکانی نەتەوەکەی پەروەردە نەدەکران بەڵکو بەرنامەکان بۆ نامۆکردنیانو تەعریبکردنی هۆشو بیرو ئەقڵیان ئاڕاستە کرابوون؛ مێژووی دێرینی هەزاران ساڵەی کورد پشتگوێخرابوو، مەسەلەی جوگرافیاو سنووری کوردستان لە مەسەلە مەترسیدارەکان دادەنراو بەهیچ شێوەیەك لەبەرنامەکانی خوێندندا توخنی نەدەکەوتن.

ئەم سیاسەتە کاریگەرێتی لەسەر خوێندکارانو کەسوکاریان هەبوو، بەحوکمی سیاسەتی توندو تیژیو زەبروزەنگی رژێم، جەمسەرەکانی ژیانی خەڵکیان پێ کۆنترۆڵ کردبوو، رێگەیەکیان بۆ خەڵکی نەهێشتبۆوەو، مەسەلەی کەسایەتیی سەربەخۆو شانازیکردن

بەکەسایەتیی نەتەوەیی و بوونی نەتەوەیی، بەواقیعی، لەبەر مەترسیی کاڵبوونەوەو لەدەستداندا بوون؛ بەڵام بەرهەڵستی و گیانی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەری کوردو خۆڕاگریی هێزە سیاسییەکانی لەلایەکو، راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ خەونەکانی رژێمی پووچەڵکردەوەو پرۆژەکانی هەڵوەشاندەوە.

لێرەدا پێویستە ئەو راستییە هەمیشە دووپاتبکرێتەوەکە بەرنامەکانی خوێندن لەسایەی رژێمی عێراقدا کاریگەرێتی سەلبی بۆسەر جەماوەری عەرەبیش هەبوو، هیچ بوارێک بۆ هیچ هێزێکی سیاسیی عەرەب جگە لە حزبی دەسەڵاتدار نەرەخسێنرابوو، تەنانەت ئازادیی بیروڕاو کەسایەتیی سەربەخۆ بۆ خەڵکی عەرەبیش لەعێراقدا بە رەوا نەبینرابوو، ئەوانیش (عەرەبەکان) لەژێر سایەی سیستمی پەروەردەیی عێراقیدا ناچار بە وەرگرتنی ئەو بەرنامە داسەپاوانە کرابوون کە پڕاوپڕی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتداران بوو.

بەرنامەکانی خوێندن لەعێراقی ژێر سایەی بەعسدا نەک هەر بۆ خەڵکی کورد گونجاو نین، بەڵکو بۆ خەڵکی عەرەبیش گونجاو نین و زیانیان پێدەگەیەنێت، پیاهەڵدانی عەرەب وەک باشترین نەتەوەی سەر رووی زەمین، پفکردنی قوتابیانی عەرەب بە ئایدیای ناسیۆنالیستی عەرەبی و فیزلێدان بەوەی (گوایا) عەرەب سەرچاوەی هەموو زانستەکانی ئەم دنیایەن، تەنانەت لە زانستەکانی وەک، (فیزیا، کیمیا، ماتماتیک، جەبر، سۆسیۆلۆژی...هتد)دا، پڕکردنی بەرنامەکانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و نەخشەدانان بۆ جۆری ئەو بابەتانەی نامەی ماجستێرودکتۆرایان لە زانکۆکانی عێراقدا لەسەر دەکرێت، بەپێی پێداویستییەکانی رژێم و سەپاندنی رەنگدانەوەی بیری

نەتەوەیی و حزبیی دەسەڵات تێیاندا؛ ئەمانە ئەو ڕێڕەوە شۆڤێنییەیە کە عەرەبە پێشکەوتنخوازەکان دژین و، لەدوا شیکردنەوەدا بە بەرژەوەندیی جەماوەری نەتەوەی عەرەب لەعێراقدا ناشکێتەوە و دوژمنایەتییان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بۆ دروست دەکات، بۆیە بەرنامەکانی خوێندن بەو شێوەو ناوەرۆکەیەوە پێویستییان بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە چونکە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراقن بەکورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانەوە.

## سیاسەت و بەرنامەکانی خوێندن

بە سیاسەتکردنی بەرنامەکانی خوێندن و فەرامۆشکردنی بەها زانستییەکان تایبەتمەندییەکی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنە لەعێراقدا. لەماوەی سیی ساڵی رابردوودا سیاسەتی حزبی دەسەڵاتدار لە بەرنامەکاندا ئەولەوییەتی هەبووەو ئامانجە زانستییەکانی پەروەردەو فێرکردن بەقوربانی ئامانجە سیاسییەکان کراون.

ئامانجی پێگەیاندنی زانستییانەی خوێندکاران و خستنەوەی نەوەیەکی زانستیخواز کە رۆڵی گەورەی، لەپێشکەوتنی زانستدا بەگشتی و، پێشکەوتنی وڵاتدا بەتایبەتی، هەبێت یەکێکە لەو ئامانجانەی کە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لەجیهانی ئیمڕۆدا شان بەشانی کۆمەڵێك ئامانجی پەروەردەیی دیکە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، بەڵام لەعێراقدا نەك هەر ئەم ئامانجە بەڵکو سەرجەم ئامانجە پەروەردەییەکان بەرگی سیاسەتی حزبی فەرمانڕەوایان بەبەردا کراوەوئاوێتەی هەڵوێستی سیاسی کراون. ئەم سیاسەتە کاریگەرێتی لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن داناوەو، کۆسپێکی گەورەی بۆ

پیادەکردنی شێوازو دینامیزمی گونجاوو لەباری پراکتیکی پەروەردەیی دروستکردووەو نایەڵێت پرۆسەکە سەر سکەی خۆی بکەوێتو ئامانجە پەروەردەییەکانی بەدیبهێنێت، چونکە کاتێك سیاسەت بەتەنهاو بەچڕی قورتمی هەموو بوارەکان دەگرێت، ئەوا هەناسەیان لێدەبڕێتو ڕێگەی پەلهاویشتنو گەشەکردنیان نادات، تەنانەت ئەو ئامانجانەشی مەبەستیانەو بۆ خۆیان دایدەنێنو تەواوی توانای ماددیو مەعنەوییان بۆ بەگەڕدەخەن، شکست دێننو بۆیان نایەتەدی، بۆ (نموونە)، عێراق لەساڵی ١٩٧٠ وە سێ کۆنگرەی بۆ بەرنامەڕێژیی پەروەردەو فێرکردن بەست. لەم کۆنگرانەدا بەرنامەی کاری خۆیان دیاریکردو لەکۆمەڵێك ئامانجدا دایانڕشت. ئەم ئامانجانە بەگشتی، چەند ئامانجێکی لێدەرچێ، پەروەردەییو زانستیانە بوونو نموونەیان لەبەرنامەی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتانی دیکەشدا هەبوو، بەڵام لەمەیدانی پراکتیکدا سەرنەکەوتنو بۆیان جێبەجێ نەکرا بەتایبەتی ئامانجی ((پەروەردەکردنی خوێندکاران بەشێوازی بیرکردنەوەی زانستی))، بۆیە ئەگەر تەماشای تێکڕای دەستکەوتی سیستمی پەروەردەو فێرکردنی عێراقی لەماوەی (٣٠) ساڵدا بکەین، کە (٣٠) نەوە خوێندکاری پێگەیاندووە، (٣٠) نەوە هێزی کاری بەرهەمهێناوەو تێکەڵ بە کۆمەڵگابوون، چوونەتە نێو دەزگاکانی دەوڵەتەوەو بەبازاڕی کارەوە پەیوەست بوون؛ بەڵام ئەم سیستمە نەیتوانیوە تا ئەندازەیەکی کەمیش گۆڕانکاریی بکاتو ئەو ئامانجەی (بیرکردنەوەی زانستی) لە مێشکی نەوەکاندا بچێنێتو کارێکی وەها بکەن خەڵکی بەشێوەیەکی زانستییانە بیربکەنەوە، سیستمی پەروەردە نەك هەر نەیتوانیوە ئەم خاڵەی

ئامانجەکان ئەنجام بدات، بەڵکو بەهۆی سیاسەتی سەپێنراوی شەڕەنگێزیو هەڵوێستی تاکتیکیو دیماگۆگییەوە، بیرکردنەوەی زانستی لەئەندێشەی تاکەکەسدا، کورد بێت یان عەرەب یان هەر هاووڵاتییەکی دیکە، شوێنێکی بۆ نەماوەتەوە، واتە سیاسەتی پەروەردە لە عێراقدا نەیتوانی ئەو ئامانجانەی لەچەندین کۆنگرەدا دایانڕشتبووو جەختیان لەسەر دەکردنەوە بەدیبهێنن، هەر لەم میانەیەدا ئاماژە بەئامانجێکی دیکە دەکەین کە پێگەیاندنی هاووڵاتی باشە (المواطن الصالح) کە وەك ئامانجێکی رەوشتیی پێشکەوتووانە لەبەرنامەڕێژیی سیاسەتی پەروەردەیی عێراقدا هاتووە، کەچی دوای زێتر لە (٣٠) ساڵ بەسەر داڕشتنی ئەو خاڵەدا، ئەو داڕزانە رەوشتییە گەورەیە لە کۆمەڵگای عێراقدا دەبینرێت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە سیستمی پەروەردەو فێرکردن هیچ جۆرە کارکردێکی لەسەر گۆڕینی هاووڵاتیان، بەشێوەیەکی ئیجابی، بەرەو پێشەوە نەبووە، ئەمە جگە لەوەی (دیسان لە ٣٠ ساڵی رابردوودا) لەبواری داهێناندا، کە ئامانجێکی پەروەردەیی دیکەی سیستمەکەیە، هیچ داهێنانێك لەعێراقدا، بۆ تاکەکەسیی عێراقی کە بەرهەمی سیستمی پەروەردەیە تۆمار نەکراوە تا لەبەردەمی دنیادا شانازی پێوە بکەین.

نەبوونی داهێنانو نوێکاریی لەم وڵاتەدا، لەکاتێکدا وڵاتانی جیهان هەر رۆژەو، لەهەندێك وڵاتدا هەرساتە، داهێنانێکی نوێیان هەیە، بەڵگەی ئەوەیە کە سیستمی پەروەردەو فێرکردن شکستی هێناوەو بەشێوەیەکی چاك ئاراستە ناکرێتو بەردەوام خۆی دەخواتەوەو لە گێژەنێکدا لوول بووەو ناتوانێت سنووری داخراوەکەی ببەزێنێت.

لێرەدا سەبارەت بەچاوگێڕانەوە بەسیاسەتی پەروەردەیی و ئیرادەی بەزاندنی بەستەڵەکی سیستمی باو ئەزموونێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنموونە دەهێنمەوە کە شایستەی ئەوەیە پەندی لێوەرگرین و لانی کەم زات و کەڵکەڵەی گۆڕانکاریی لەدەزگا پەروەردەییە بەرپرسیارەکانی کوردستاندا دروست بکات. مێژووی ئەو ئەزموونەش بۆ ساڵی ١٩٥٧ دەگەڕێتەوە، لەو ساڵەدا یەکێتیی سۆڤیەت بۆ یەکەمجار مرۆڤێکی بەناوی (یۆری گاگارین) بۆ ئاسمان نارد، سەرکەوتنی گەشتە ئاسمانییەکەی (گاگارین) هەموو رۆژئاواو ئەمەریکای هەژاند، پێشکەوتنی سۆڤیەتی بەسەر ئەمەریکادا نیشان دا، سەبارەت بەوەی لەبواری گەشتە زانستییەکان بەرەو ئاسمان پێش ئەمەریکاو وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا کەوت، ئەم سەرکەوتنەی زانستی سۆڤیەتی هەڵڵایەکی گەورەی لەئەمەریکا نایەوە، رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی پێکهاتەی هەمەلایەنەی سیستمی فەرمانڕەوای ئەمەریکا کرا، کە یەکێک لەوانەو گرنگترینیان، سیستمی پەروەردەو فێرکردن بوو، بۆیە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەیەکی ئێجگار بەربڵاو لەسەرانسەری ناوەندە زانستییەکانی ئەمریکادا بەرپاکراو بەملیار دۆلار بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە خەرجکرا تا لەئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە سیستمی خوێندن لەبەرامبەر سیستمی خوێندن لەیەکێتیی سۆڤیەتدا دواکەوتووە بەتایبەتی بەرنامەکانی (فیزیا و ماتماتیک)، لەبەر ئەوە لە سەرانسەری ئەمریکادا بەرنامەکانی خوێندنی ئەو دوو ماددەیەیان گۆڕی و دواتر کە ئەمریکا توانی یەکەم مرۆڤ بۆ سەر مانگ بنێرێت، زۆر لەزانایان ئەو

سەرکەوتنەیان بۆ ئەو چاکسازییە گێڕایەوە کە ئەمەریکا لەبەرنامەکانی خوێندندا ئەنجامیدا.

سەرنجدان لەو ئەزموونە راستییەکمان پێدەسەلمێنێ کە پێشکەوتنی وڵات پەیوەستە بە سیستمی پەروەردەو فێرکردنەوە، بۆیە ئەو بەرنامانەی دادەنرێن و لەخوێندنگاکاندا جێبەجێ دەکرێن، پێویستە ئاوێتەی کەسایەتی خوێندکاران بن و زانیارییەکان ببنە بەشێك لە توانایان تا دواتر بۆ خزمەتی کۆمەڵ بەگەڕیبخەن، ئەگەر ئەوزانیارییانە بەشێوەیەکی باش نەبنە بەشێك لە دەستکەوتی ماندوبوون و کۆششی خوێندکاران خۆیان، ئەگەر بەشێوەیەکی باش ئاوێتەی بیروهۆشیان نەبێت، کەسایەتییان بینانەکاتەوە، ئەوا ناتوانن لەژیانی رۆژانەیاندا مومارەسەی بکەن و لەپراکتیکدا سەرکەوتووبن.

لەبەر ئەوە کاتێك خوێندکارانی کۆلیژەکان خوێندن تەواو دەکەن و لەدەزگایەك، یان هەر شوێنێکی کاردا، ئەو کارە بەرهەمهێن یان کارگوزاریی بێت، دەبێت تیۆری و پراکتیکی بوارە پسپۆڕییەکەیان کەسایەتییەکی نوێی لێپێکهێنابن؛ پێچەوانەکەشی بۆ سەرنەکەوتنی بەرنامەکان و کەموکووڕی و بێتوانایی سیستمی پەروەردەو فێرکردن بەڵگەیە، چونکە بەرنامەکان و سیستمی پەروەردە بەگشتی ئامرازی بەرەوپێشەوە بردنی کۆمەڵن، ئەو بەرەوپێشەوەچوونەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراق پەکیانخست و لە واقیعدا دوای دەیان ساڵ هێشتا هیچیان لێسەوز نەبووە.

## سیستمی پەروەردەی (سادی)و (ماسۆشی)

دروستکردنی کەسایەتییەکی شەڕەنگێزو کینە لە دڵو ئاڵۆز لەلایەکو، ترسنۆکو بێهەڵوێستو لەرزۆك لەلایەکی دیکەوە، تایبەتمەندیی سیستمی پەروەردەیی رژێمە شێوە فاشیستییەکانە لە مێژووداو لەسەرانسەری جیهاندا. ئەم تایبەتمەندییەش بەروخساری سیستمی پەروەردەی عێراقییەوە ئێجگار زەقەو نکوولی لێناکرێت. ئەوەش بۆ فەلسەفەی دەوڵەتو چینی دەسەڵاتدار دەگەڕێتەوە.

بونیادی فەلسەفەی دەوڵەت لە عێراقدا لەسەر ئەو بنەمایە خۆیگرتووە کە یەکگرتوویی ناوەوەی مرۆڤ بشێوێنێو مرۆڤی دووفاق دروست بکات، نەك مرۆڤێك کە کەسایەتییەکی یەکدیوو یەکگرتوو و خاوەن بیروڕەفتاری ئاشکرای پشتبەستوو بەکۆمەڵێك پرنسیپ هەبێت.

دەوڵەتی عێراق ئەم سیاسەتەی لەڕێی گرتنو کوشتنو داپڵۆسینی خەڵکەوەو، بەفریودانو پارەڕشتن بۆ هەندێ دەستەو توێژی کۆمەڵایەتی، پیادەکرد. ئەم دوو سیاسەتە جگە لەوەی کاریگەرێتییان لەسەر داڕزاندنی کەسایەتیی هاووڵاتیی عێراقی هەبوو، زەمینەی کڕینی کەسانی هەلپەرستیان خۆشکردو لەناوەندی دەسەڵاتی نزیککردنەوەو، لەڕێی پلەو پایەو دەسەڵاتەوە توانای کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی پێبەخشین؛ هاوکاتی ئەوەش، رژێم لاوەکانی بەنەخشەو پلانی جۆراوجۆر بۆ ژێر سایەی رێکخراوە هەمەجۆرەکان راکێشاو توانی کاریگەرێتی لەسەر خووڕەوشتیان دابنێتو گەندەڵییان تێدا بڵاوبکاتەوە، ئەوانەشیان کە ملیان نەداو وەك کەسانی خۆڕاگرو خاوەن هەڵوێست بەرگرییان لەبوونی کەسایەتیی سەربەخۆو بە پرنسیپی

خۆیـان دەکـرد، ئـەوا بـەرێگای ترسـاندنو تۆقـاندنو سـەرکوتکردن مامەڵەیان دەکرا.

ئەم سیاسەتانە لەخزمەتی دەوڵەتدا بوون،بۆیە گوشاری دەوڵەت بۆ ناواخنکردنی سیستمی پەروەردە پێیان، زۆر بەتوندیو چڕی پەیڕەو دەکرا، لەبەر ئەوەش سیستمی پەروەردەیان بە تەواوی کۆنترۆڵ کردبوو.

پەروەردە لەئاستی ئەو گوشارە گەورەیەی سیاسەتەکانی دەوڵەتدا - ئەگەرچی لەخودی خۆیدا هەندێ شتی باشیشی تێدابوو کە رەنگدانەوەی رووکارێکی جیهانیی پێشکەوتنخواز بوو لەبواری فێربووندا، نەیتوانی خۆی رابگرێتو لەدوا سەرەنجامدا بووە ئامرازێکی زەبروزەنگو سەرکوتو رەگەزپەرستیی رژێم.

یەکێك لەدیاردە بەرچاوەکان سەرهەڵدانی تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆژییە کە ئەم جۆرە سیاسەتانە سەرچاوەین. ئەم دیاردەیە بریتییە لەوەی کە هەر کەسە لەشوێنی خۆیدا دوو جۆرە کەسایەتی تێدا دروست دەبێت: کەسایەتییەك (سادی) واتە توندو تیژو بەزەبروزەنگو دڕندە بەرامبەر بەو کەسانەی لەخوار خۆیەوەنو بەرێگایەك یان بەشێوەیەك دەستی بەسەریاندا دەڕوات، لەهەمان کاتدا کەسایەتییەکی (ماسۆشی) واتە سووكو خۆبەدەستەوەدەرو ترسنۆكو بەزیوو کڕنووشبەر بەرامبەر بەو کەسانە یان بەو لێپرسراوو کەسایەتییانەی لەسەروویەوەن. کەواتە کەسایەتیی مرۆڤ، لەسایەی ئەم شێوە دەسەڵاتو سیاسەتانەدا کە بنکەی حوکمڕانیی لە وڵاتدا هەیە، لەسەر خۆی دابەش دەبێتو لە خودی کەسایەتییەکەدا ئەم دوو فاقییە دروست دەکاتو سەرتاپێی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵاتو نوێنەرەکانیدا

دەگرێتەوە؛ ئیتر هەر تاکە کەسێك لەو کۆمەڵەدا (سادی)یە بەرامبەر خوار خۆیو بەرامبەر خۆشیو لەئاستی سەروویدا (ماسۆشی)یەو بەبێدەسەڵاتیو دەستەمۆییو زەلیلی خۆی قایلە. ئەم کەسایەتییە، هەمان ئەوجۆرە کەسایەتییەیە کاتی خۆی لەسەردەمی (هیتلەرو مۆسۆلینی) لە ئەڵمانیای نازیو ئیتالیای فاشستیدا لەئارادابووەو، هەمان تایبەتمەندیی دوو فاقانەی رەفتارو کەسایەتییان تێدابەرجەستەبووە، کە سیستمی پەروەردە نەك هەر رۆڵێکی لە رەتکردنەوەیدا نەبووە بەڵکو ئامرازێکی پێکهێنانیشی بووە سەبارەت بەوەی گوشاری سیاسەتەکانی دەوڵەتو شێوازەکانی تۆقاندنو سەرکوتکردن لەبەرنامەو ئامانجە پەروەردەییە باشەکان بەهێزتر بووەو مامۆستاکان، خوێندکاران، تێکڕا کۆمەڵ، ناچار بەخۆسازاندن کراون لەگەڵیانداو، بەتێپەڕبوونی کاتو دووبارە بوونەوەیان، کەسایەتییەکی گونجاوو تەبای لەگەڵ نیازەکانی دەسەڵاتدا لێبەرهەمهاتووە.

## راپەڕینو ئەرکی گۆڕانکاریی پەروەردەیی

بەر لەوەی باسی ئەوە بکەین حکومەتی کورد لەکایەی پەروەردەو فێرکردندا چی بکات، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئیمڕۆ هەشت ساڵ بەسەر راپەڕیندا تێدەپەڕێت. ئەم ماوەیە دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی پەروەردەیی، بەڵام حکومەتی دوای راپەڕین، چ ئەو قۆناغەی کە بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی هەبووو، چ ئەو ماوە زۆرەی کە حکومەتی هەرێم ئیدارەی کوردستان دەکات، لەبەر ئەوەی کەم ئەزموون بوون نەیانتوانی ئەو ئەرکە بەجێبگەیەننو لەدامو دەزگاکانی پەروەردەوفێرکردندا کەسانی پسپۆڕو شارەزا دابنێن.

لەراستیدا سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی دوای راپەڕین لەرووی بونیادەوە لەگەڵ سیستەمی پێش راپەڕیندا جیاوازییان نییە مەگەر جیاوازیی دەسەڵاتی سیاسیی ئێستاو دەسەڵاتی سیاسیی ئەوسا نەبێت، بە رووکەش نەبێت هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، ئەمەش پێویستیی بەلێکۆڵینەوەو توێژینەوە هەیە تا هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت، دیارە لەنێو هۆکارەکانیشدا دەبێت تایبەتمەندێتی بارودۆخی کوردستانو ئەو ئابڵووقە ئابوورییەی لەسەرێتیو ئەو کێشانەش کە ئابڵووقە ئابورییەکە بۆ (پەروەردەو فێرکردنی) دروستکردووە رەچاو بکرێن؛ ئەمە جگە لەهۆکارە هونەرییەکان (لایەنە پسپۆڕییەکان) کە دەکرا هەر زوو بایەخیان پێبدرایەو لەوەی ئێستا هەیە چاکترو باشتر لەلایەن دامودەزگاکانەوە بەگەڕ بخرانایەو ئێستا سیمایەکی گەش بەروخساری پەروەردەو فێرکردنەوە لە کوردستاندا ببینرایە.

حکومەتی هەرێم، کە لەرێی نوێنەرایەتییەوەو بەدەنگدانی زۆربەی خەڵکی کوردستان دەسەڵاتی ئیمڕۆیە لە کوردستاندا، دەیتوانی سوود لەمافی یاسایی خۆی وەربگرێتو، سەربەخۆ لە دەوڵەتی عێراقو بەبێ دانانی هیچ ئیعتیبارێك بۆ دەوڵەتی ناوەندی، گۆڕانکاریی بەسەر سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا بهێنێت، بۆ نموونە: حکومەتی هەرێم دەیتوانی سەر لەنوێ ئامانجە پەروەردەییەکانی دابڕژتایەتەوەو، سیستەمی قۆناغەکانی خوێندنی بگۆڕییایەو، گۆڕانکاریی بەسەر بەرنامەکانی خوێندندا بهێنایە.

ئەوە مافی بێ ئەملاوئەولای حکومەتی هەرێم بوو چونکە لەهەموو جیهاندا ئەو هەرێمانەی سەربەخۆن لەدەوڵەتی ناوەندی، مافی خۆیانە سیستمی پەروەردە لە هەرێمەکەی خۆیاندا چۆن و بە چ شێوەیەك دەیانەوێت ئاراستەی بکەن، هەروەها حکومەت دەیتوانی سوودێکی باش لەو دەرفەتە وەربگرێت تا گۆڕانکاریی گەورە لەبەرنامەکانی مێژووی کوردو جوگرافیای کوردستان و پەروەردەی نیشتمانی بکردایەو بابەتی نوێو هاوچەرخی تێبخستنایە.

دەسەڵاتی پەروەردەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەندێ کاری سەرەتایی بۆ چاکسازیی کردووە، بەڵام ئاستی ئەو کارانە لەئاستی داخوازیو چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستاندا نین. دەبوایە ئێستا زۆر هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوەمان، لەبواری پەروەردەو فێرکردن بەگشتیو گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن بەتایبەتی، بنایە. بەڵام سەرباری کەموکوڕییەکانی نێوخۆی دەزگای پەروەردەییمان، گەلێك هۆکاری دیکە رێگری ئەو چوونە پێشەوەیە بوون، هەر لە ئابڵووقەی ئابووریی نێو دەوڵەتیی سەر عێراقەوە هەتا ئابڵووقەی ئابووریی عێراق لەسەر کوردستان و، شەڕی ناوخۆیی کە کاریگەریی لەبەرامبەر سەرجەمی هۆکارەکانی دیکەدا زێترەو کارێکی خراپی لەپرۆسەی پێشخستن و پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا کردووە، ئەم شەڕە نەگریسە بووە هۆی ئەوەی کورد نەتوانێ لەم بەشەی کوردستاندا هەموو تواناکانی خۆی کۆبکاتەوەو شیاویی کادیرەکانی ئاراستە بکات و بۆ خزمەتی بواری پەروەردەو فێرکردن یەکیانبخات، بۆیە هێشتا کاری پەروەردەیی بەدەوری خۆیدا گێژدەخوات و

بەشێوەیەکی گشتیو لەرووکاری گشتیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان پەروەردەی ئیمڕۆو دوێنێدا بەدیناکرێت.

ئەم واقیعە، زۆرجار لەلایەن کاربەدەستانی سیاسیی دەسەڵاتەوە یان لەلایەن بەرپرسانی دەزگا پەروەردەییەکانەوە، بەنالەباریی بارودۆخەکە پاساو دەدرێت. ئەمە لایەنێکی ڕاستیی تێدایەو بارودۆخ ڕۆڵی خۆی هەیەو دەشێت بۆ ماوەیەکی کورتخایەنو دیاریکراو ئەو پاساوە بسەلمێنرێت، بەڵام بارودۆخ لەئاستی ئیرادەی مرۆڤە تێکۆشەرەکانو ئەوانەی دڵسۆزنو ئەرکی گەورە بەرامبەر دواڕۆژی میللەتەکەیان لەئەستۆ دەگرن خۆی ناگرێتو، دەتوانرێت بخرێتە ژێر رکێفی مرۆڤەوە.

## خوێندکارانو پرۆژەی گۆڕانکاریی پەروەردەیی

پرۆژەی گۆڕانکاریی پەروەردەیی پەیوەندی بەهەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵەوە هەیە، بەتایبەتی، بەمامۆستایانو خوێندکارانەوە. خوێندکاران تەوەرەی سەرەکیی کرداری پەروەردەو فێرکردنن، بۆیە دەبێت بەرژەوەندیی ئەوان لەگۆڕانکارییەکاندا لەپێشچاو بگیرێت.

لەراستیدا خوێندکاران (بەشێوەیەکی رێکخراو) دەبێت خاوەنی بەرنامەی خۆیان بن بەجیا لە بەرنامەی مامۆستایان کە دەشێت بیرکردنەوەوبۆچوونیان بۆ مەسەلە پەروەردەییەکان لەهەندێ خاڵدا یەکانگیر نەبێت یان جیاوازبێت.

رێکخراوە خوێندکارییەکان، هەریەکەیان بەجیا بەرنامەو ئامانجی خۆیان هەیە. ئەم رێکخراوانە لە بەرنامەکانیاندا، بەگشتی، خاڵی هاوبەشو خاڵی ناکۆکییان لەنێواندا هەیە، مەسەلە پەروەردەییەکانو (پیشەییەکان)ی تایبەت بە خوێندکاران خاڵە ناوکۆییەکاننو،

ناكۆكییەكان زێتر لایەنی سیاسی دەگرنەوە. لەبەر ئەوە دەكرێت لە بۆچوونیاندا بۆ سیستمی پەروەردەو فێركردن یەكبن و بتوانن بیروبۆچوونەكانیان سەبارەت بەم سیستمە یەكبخەن و لەبەرنامەیەكی ناوكۆییدا یان لە كۆمەڵێك ئامانج یان پرۆژەیەكی پەروەردەییدا دایبرێژن و، پرۆژەكە لەسەر ئاستی هەموو كۆمەڵدا بخەنەڕوو.

یەكگرتوویی گوتاری خوێندكاران (قوتابیان) لەوەدایە بەرنامەیەكی یەكگرتوویان هەبێت كە لانی كەمی داواكاری و ئامانجەكانیانی لەخۆگرتبێت و بتوانن بەگشت كۆمەڵیان ئاشنا بكەن، نەك ئەوەی تەنها لەچەند یاداشتێكدا تۆماری بكەن و لەسنوورێكی بەرتەسكدا بیدەنە كاربەدەستێكی دەوڵەت یان چەند دامودەزگایەكی دیاریكراوی لێئاگاداربكەن.

دەبێت رێكخراوە خوێندكارییەكان لەكوردستانی ئیمڕۆدا یەك پرۆژەی ناوكۆییان هەبێت كە بۆچوونیان سەبارەت بەگۆڕانكاریی لەسیستمی پەروەردەو فێركردندا دەربڕێت. خوێندكاران كێشەی تایبەتی خۆیان لەگەڵ سیستمی پەروەردەی عێراقیدا هەبووەو هەتا ئێستاش ئەو كێشانەیان لەگەڵ ئەو سیستمەدا چارەسەر نەكراوە، كێشەكانیان بەرئەنجامی واقیعە سیاسییەكەو واقیعی سیستمە پەروەردەییەكەیەولەوانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەبێت بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە سەپێنراوە پرۆژەیان هەبێت و لەڕێی هۆیەكانی راگەیاندنەوە بەكۆمەڵی بگەیەنن و داوای پرۆژەش لە چین و توێژەكانی دیكەو لە دەسەلاتی سیاسی و پەروەدەیی هەرێمیش بكەن، چونكە بوونی چەند

پرۆژەی پەروەردەیی بواری دایەلۆگی پەروەردەیی زێتر دەکەن و چەندین ئەلتەرناتیڤ دێننە کایەوە.

بوونی پرۆژەی جیاجیا زەمینەی گۆڕانکاریی خۆشتر دەکات، بۆیە کارێکی گونجاوو لەبارە سکرتارییەتی یەکێتیی مامۆستایان پرۆژەی خۆیان هەبێت، وەزارەتی پەروەردە پرۆژەی هەبێت، حزبەکان و رێکخراوە پەروەردەیی و رۆشنبیریی و منداڵپارێزییەکان پرۆژەی خۆیان هەبێت؛ هەموو پرۆژەکانیش لەڕێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بخرێنەڕوو و مشتومڕیان لەسەر بکرێت.

دەشێت تەلەفزیۆنەکان و رۆژنامەکان لەم مەسەلەیەدا رۆڵێکی کاریگەریان هەبێت. حکومەتی هەرێم، بەتایبەتی دوای یەکگرتنەوە، دەتوانێ بەرنامەیەکی پەروەردەیی هەبێت و بیکاتە دەسکەگوڵی بەرهەمی ئاشتی کە خەڵکی ستەمدیدەی کورد بەپەرۆشەوە چاوەڕوانین بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی لەوەپێش کراون نەکرێنەوەو ئەو کەموکووڕییانەی لە هەلومەرجی دوای راپەڕین و دواتر لەشەڕی ناوخۆدا هاتوونەتەکایەوە پڕبکرێنەوەو چارەسەری دروستیان بۆ دابنرێت و شوێنی هەڵەکان و هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێن.

هەڵەکان لەچیدایە؟ هەڵبەت وەڵامی جیاجیا بۆ ئەم پرسیارە هەیە، فراوانیی بواری پەروەردەو فێرکردن فراوانیی وەڵامی ئەو پرسیارەی لێدەرسکێت. یەکێك لە وەڵامە بەجێیەکان هەڵەی گەورەمان لەجۆری ئەو کاربەدەستانەدا دەبینێت کە دوای راپەڕین ئەرکی پەروەردەیان لەئەستۆ نراوەو لەئاستی ئەرکەکەدا نین یان بەهەمان ئەقڵییەتی پێش راپەڕین

کاردەکەن و توخم و کەرەسەکانی سەردەمی رژێمیان لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا دەست ئاوەڵاکردووە.

وەڵامێکی دیکەی پرسیارەکەی سەرەوە، خەوشەکان لەپێکهاتەی مامۆستاکاندا دەبینێت کە بەدرێژایی ماوەی (٣٠) ساڵ کەلتووری بەعس حوکمی کاری پەروەردەییانی کردووەو دامودەزگا حزبی و حکوومەتییەکانی دوای راپەڕین هەتا ئێستا نەیانتوانیوە پاکتاوی ئەو کەلتوورە بکەن.

جگە لەو وەڵامانە هەندێ پاساوی تر هەیە کە تا رادەیەك پێگەیەکی واقیعی هەیە، بەڵام دەکرێت لەئاستیاندا دەستەوەستان رانەوەستین وئیرادەی گۆڕانکارییان لێبەکاربخەین، لەوانە هۆکاری توانایی ماددییە کە زۆر جار لەلایەن مامۆستایان و پەروەردەکارانەوە دەکرێتە بیانووی بێدەربەستی و، هەر پێشنیازێکی گۆڕانکارییان بۆدەکرێت بەبەهانەی بێتوانایی ماددی بەرپەرچیدەدەنەوە، کە ئەم تێڕوانینە لە هۆکاری ماددی بەتەنهاو دابڕینی لەزۆر هۆکاری دیکە هەڵەیەکی تیۆرییەو دەبێت هەوڵێکی تیۆری و عەمەلی بۆ سڕینەوەی بدرێت.

مامۆستایانی کوردستان توێژێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەوارین. ئەم توێژە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، زۆر بەپەرۆشەوە، کاری خۆیان ئەنجام داوەو رۆڵێکی ئیجابییان لەبەرەی گەلدا دژی دوژمنە دێرینەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان دیوەو شایانی ستایش و رێزلێنان و سەلماندنی ئەم رۆڵەیانن لە مێژووی خەباتی جەماوەری گەلی کوردستاندا، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنەی رۆڵی

مامۆستایان نابێت خەمساردیو بێدەربەستیو پشتگوێخستنی ئەرکە سەرەکییەکەیان لێبکەوێتەوە.

مامۆستایان دەتوانن، لەدژوارترین بارودۆخی سیاسیدا، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە وانەکانی خۆیان بڵێنەوە، سوود لەوانەکان وەربگرنو بەشداریی گۆڕانکاریی بکەنو رۆڵی شیاوی خۆیان ئاوێتەی گوتنەوەی وانەکان بکەنو لەئاستی پێویستدا ئەرکی خۆیان، بەشێوازێکی گونجاو بۆهەرکاتە بەجێبهێنن.

بارودۆخی ئێستای کوردستان لەهەموو رووپەکەوە پێویستیی بەگۆڕانکاریی هەیە. سیستمی پەروەردەو فێرکردن لەریزی پێشەوەی ئەو بوارانەدا دێت کە گۆڕانکاریی پێویستەو دەبێت دەستپێشخەریی تێدا بکرێت. نابێت ئاسەواری داگیرکەران بەسەر خەڵکی کوردستانەوە بمێنێت. کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵ کەدارمانێکی بەرچاویان تێدا بەدیدەکرێت، دەبێت لەرێگای گۆڕانکاریی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە سەرلەنوێ بنیاتبنرێتەوە، لەم بنیاتنانەوەیەشدا دەبێت پەروەردە رۆڵێکی سەرەکی هەبێت. ئەمە ئەرکێکی ئێجگار گرانو گەورەیەو، پەروەردەو فێرکردن لە دروستکردنەوەی کۆی کەسایەتیی کۆمەڵو تاکە کەسەکانیش بەرپرسیارەو تەنها بەو دەکرێت، سەبارەت بەوەی بونیادنانەوەی کەسایەتیی مرۆڤ کارێکی ئاسان نییەو زۆر جیاوازە لە بونیادنانەوەی شارستانیو پرۆژە گەورەکانی ئاوەدانکردنەوە.

لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر کەرەسە بەشەرییەکانی گۆڕانکاریی بکەینەوە، بەتایبەتی ئەوانەی جڵەوی کاروباریان بەدەستەوەیە،چونکە

لەبارودۆخی ئێستای کوردستانداو دەسەڵاتێك کە دوای شۆڕشێکی درێژخایان بەدەستهاتووەو، نوێنەرایەتییەکی دەسەڵات کە لە دامودەزگا حکومەتییەکان بەگشتیو دەزگاکانی پەروەردە بەتایبەتی هەیە؛ ئەگەر خەڵکی، ئەوانەی قوربانییانداوەو بەرژەوەندییان لەگەڵ سەرکەوتنی پرنسیپەکانی شۆڕشو راپەڕیندایە، دییان ئەو کاربەدەستانە، ئەو نوێنەرانەی دەسەڵات هەر هەمان کەرەسەکەی پێشوون، هەر هەمان رەفتاروهەڵسوکەوتو شێوازو رۆتین دووبارە دەبنەوە، ئەوا ئەمجارەیان دوو چەندانەو زێتریش، ئەم دەزگایانە، ئاسەواری خراپ بەجێدەهێڵنو کەسایەتیی مرۆڤی کورد بەرەو هەڵدێری داڕمانێکی گەورە دەبەنو رۆڵی پەروەردە لەبونیادنانەوەی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵدا بۆ مەودایەکی مێژوویی گەورە دوا دەخەن.

پەروەردەو فێرکردنی نوێ لەکوردستاندا بە کەرەسەی کۆن ئەنجام نادرێت. دەبێت ئیرادەو بڕوای گۆڕانکاریی بەتین بکرێت، بەسوود وەرگرتن لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان رێو شوێنی زانستیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگیرێتەبەر. پێویستە لەدانانی کاربەدەستاندا، بەتایبەتی کاربەدەستانی دامودەزگا پەروەردەییەکان وردو بەئاگابین، بەدواداچوونو لێپرسینەوە هەبێت، هەڵسەنگاندن لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەشێوازی زانستی پەیڕەو بکرێت تا بتوانین رادەی چوونە پێشەوەمان راستگۆیانە دەستنیشان بکەین.

**گۆڤاری (رێبازی خوێندکاران)**
**ژمارە (٣١) شوباتی ١٩٩٩**

# پەروەردەو هاوسەنگیی نێوان بەرنامەکانی خوێندن

ململانێی کۆن و نوێ یاسایەکی سروشتی و کۆمەڵایەتییەو هیچ دیاردەیەك بێ ئەو ململانێیە گەشە ناکات و لەئاستێکەوە بەرەو ئاستێکی بەرزترو پێشکەوتووتر ناڕوات.

مێژووی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ، مێژووی خەباتێکی سەختی هەمەلایەنەیە کە لە جەمسەرێکیدا بەململانێی هەمیشەیی نێوان کۆن و نوێ بەرجەستە دەبێت. پەروەردەی ئاراستەکراوو فێرکردنی سیستەماتیک، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی گریکەکانی پێش زایین دەگەڕێتەوە، بەرنامەی تایبەتی و شێوازی تایبەتی خۆیان هەبوو. ئەم بەرنامەو شێوازە لەڕووی فەلسەفییەوە پشتیان بەتیۆریی (ئامادەکردن بۆ ژیان) دەبەست. کرۆکی ئەم تیۆرییە لەبواری ئەرکی پەروەردەو فێرکردندا زانیاری بوو، سەبارەت بەوەی زانیاری سەرچاوەی هێزەو، هێزیش بۆ تاکەکەس سەرچاوەی توانا و گونجان و ژیانی ئاساییەتی لە کۆمەڵدا؛ لەبەر ئەوە دەبێت منداڵ لەرێی زانیارییەوە ئەم هێزو توانایەی بدرێتێ هەتا بۆ ژیان ئامادەبکرێت، ئیتر لەم شێوە بیرکردنەوەیەدا منداڵ راسپاردەیەکە لە ملی گەورەکانی کۆمەڵداو ئەوان بەرپرسی هەڵبژاردن و دانانی ئەو زانیارییانەن کە بۆ دواڕۆژ سوودی لێوەردەگرن، بۆیە ویست و مەیل و ئارەزووەکانی منداڵ، تواناکانی، بەهرەی، گرنگ نین و دەبێت بەویستی گەورەکان ئاڕاستە بکرێن و نەوە بەدوای نەوە ئەرکی

بەڕێوەبردن و یەکبینەیی و نوێبوونەوەی ژیان لەئەستۆ بگرن. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، لەتەواوی مێژووی دووسێ هەزار ساڵی رابردوودا، بیرکردنەوەی باوی بواری پەروەردەو فێرکردن بووە، هەر لەبەر ئەمەشە بابەتەکانی خوێندن تەوەرەی سەرەکیی بەرنامەکانی فێرکردن بوون و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەرنامەی ماددەکانی خوێندن (منهج المواد الدراسية) بەرنامەی سەرەکیی خوێندنە لەزۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهاندا. لەبەرنامەی خوێندنی ئەم وڵاتانەدا، بەرنامەی گریکەکان بەهەندێك دەستکارییەوە دەبینرێت و تیۆریی (مەلەکات)و شێوازی (راهێنانی شێوەگەریی) ئیفلاتون هەوێنی هەموو بەرنامەکانی خوێندنە، ئامرازی ساخکردنەوەی بیروبۆچوون و زانیاری و ویست و ئارەزووی گەورەکانی کۆمەڵە بەسەر منداڵداو، مافی هەڵبژاردن و بەدیهێنانی داخوازی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان لە منداڵ زەوت دەکات.

ئەم تیۆری و میتۆدە لەجیهانی مۆدێرن و پێشکەوتووی ئیمڕۆدا، لەو جیهانەی زانست و تەکنەلۆژیا تێدا باڵادەستە، وەك فەلسەفەو تیۆریی پەروەردەو فێرکردن و بەرنامەکانی خوێندنی کۆن ناو دەبرێت، لەبری ئەوەش فەلسەفەو تیۆرییەکی دیکەی پەروەردەو فێرکردن و بەرنامەو شێوازێکی تری بەڕێوەچوونی خوێندن پەیڕەودەکەن. تەوەرەی ئەم تیۆرو شێوازە منداڵەو لەپێداویستییە راستەقینەکانی منداڵەوە هەڵقوڵاوە. شێوەی لێکدانەوە لەم رێبازەدا سەبارەت بەبابەتەکانی خوێندن لەسەر بنەمای کەسایەتیی منداڵ دارێژراوەو پێی وایە منداڵ

ئامانجەو ناشێت گەورەکان لە قاڵبیان بدەن‌و وەکو خۆیان‌و لەسەر بیرو ڕەفتارو شێوەی خۆیان دروستیان بکەن. منداڵ زادەی چەرخێکەو، لەسەردەمێکدا دەژی کە بەتەواوەتی لەسەردەمی گەورەکان جیاوازە. بۆیە دەبێت بەرنامەکانی خوێندن بۆ ئیمڕۆ گۆشیان بکات‌و بۆ ئایندەیەك ئامادەیان بکات کە ئەوان تێیدا سەروەرن.

بەم پێیە یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی پەروەردەی نوێ جێ‌وڕێی دیارو ڕپبایەخی منداڵە لە بڕیاردانی چۆنایەتی بەرنامەکان‌و بابەتەکان‌و شێوازەکانی پەیڕەوکردنیاندا.

منداڵ لە پەروەردەی نوێدا، وەك کەسایەتییەکی سەربەخۆ سەیری دەکرێت. کەسایەتی منداڵ یەکەیەکی تەواوو تێروپڕە لەهەموو ڕوویەکەوە، مەبەست لەتەواوی ئەم یەکەیە ئاوێتەبوون‌و بەرجەستەبوونی لایەنەکانی جەستەیی‌و ئەقڵی‌و ویژدانی‌و کۆمەڵایەتییە لە کەسایەتیی منداڵدا کە بۆ مەسەلەی لێکۆڵینەوەی زانستی نەبێت ناتوانرێت هیچ لایەکیان لەوانی دیکە جیابکرێتەوە، چونکە منداڵ تێکڕاییەکی جەستەیی - دەروونی - کۆمەڵایەتیی ئەو لایەنانەیە کە کەسایەتییەکەی پێکدەهێنن. بۆیە پەروەردەی نوێ، کە منداڵ تەوەرەی سەرەکییەتی، ئامانجی پەروەردەکردنێکی هاوسەنگییانەی منداڵە بەشێوەیەك کە یەکبوونی کەسایەتییەکەی بپارێزێت‌و لەهەموو کایەکاندا گەشەی پێبدات. لەبەر ئەوە وەکو یەك، چوونیەك دەڕوانێتە هەموو لایەنەکانی کەسایەتی‌و، پێگەیشتن‌و گەشەکردنی هاوتاو هاوسەنگیی

هـــەموويانی مەبەســـتەو ئـــەرکی خـــۆی لـــەم گەشـــەپێکردنەدا دەبینێتـەوە؛دیارە کـە بەرنامـەکانی خوێنـدن ئـامرازی پـەروەردە بـن بـۆ پێگـــەیاندن و گەشـــەکردنی منـــداڵ، دەبێـــت ئـــەم ئامانجـــەی تێـــدا رەنگبداتەوەو رووەو پەروەردەکردنێکی تـەواوو هاوسـەنگ بەرنامـەکانی بەکاربهێنێت. ئەمەش پێویستیی بەوە دەبێت بەرنامەکان بەهاوسـەنگیی بەسـەر لایەنـەکانی کەسـایەتیی منداڵـدا دابـەش بکرێـن. ئـەم رووکـارە پەروەردەییە جگە لەوەی لەشوێنیخۆیدا بەرنامەی تایبەتی هەیەو خۆی لە بەرنامەی چالاکی (منهج النشاط) دا دەنوێنێ و قوتابخانەکانی ناسراو بـە (قوتابخانـەی پێشـکەوتووانە) پـەیڕەوی لێدەکـەن، کاریگەرێتیشـی لەسـەر بەرنامـەکانی خوێنـدن لـە وڵاتـە دواکـەوتووەکاندا دانـاوەو ئـەو بابەتانەی بۆ خوێندنـی خوێندکاران لـە هـەموو قۆناغـەکانی خوێندنـدا بڕیاریان لەسەر دراوە، تا رادەیەکی زۆر، بەمەبەستی بەدیهێنانی مەرجی گەشەکردنی کەسایەتیی یەکگرتووی منداڵ دانراون، لەبەر ئەوە تێکڕای بابەتـــەکان لـــەدەوری گەشـــەکردنی جەســـتەیی و ئـــەقڵی و ویژدانـــی و کۆمەڵایـــەتی و رەوشـــتیی منـــداڵ دەســـووڕێنەوە. ماددەکـــانی: زمـــان، بیرکاری، کۆمەڵایەتی، وێنەو کاری دەست، وەرزش، سـروودو مۆسـیقا، پەروەردەی نیشتمانی، ماڵداری، کشتوکاڵ.. هتد بەهۆی ئەو بابەتانـەی پێشکەشـی دەکـەن و لەکتێبـەکانی خوێنـدن و وانـە پراکتیکییـەکاندا دەگوترێنـەوە، هەریەکەیان بۆ گەشەکردنی لایـەنێك یـان چـەند لایـەنێك دانـــراوەو، لەحاڵـــەتی جێبـــەجێکردنی ســـەرکەوتووانەیاندا لـــەڕێی

ماموٚستای باش‌و سازو ئامادەبوونی هەموو ئامرازو پێداویستییەکانی خوێندنـەوە، ئـەوا دەتوانێـت هــەموو لایەنــەکانی کەسـایەتیی منــداڵ گەشەپێبدات‌و تا رادەیەکی زوٚر سیمای پەروەردەی نوێی ئەم سەردەمە لەخوٚیدا بنوێنیٚ؛ بەپێچەوانەشەوە، لەسایەی کاریگەرێتی تێگەیشتنی کلاسیکی‌و کوٚنـی پـەروەردەوە، ناوەروٚکی پێشکەوتووانەو زانستیانەی رێبازە نوێیەکان پووچەڵ دەبێتەوەو هەموو چالاکی‌و هەوڵ‌و کوٚشش‌و توانـای سیسـتمی پــەروەردە لەســەر یــەك دوو لایــەنی کەســایەتی رادەوەستن‌و پەروەردەیەکی ئیفلیجی ناتەواو بەدەستەوە دەدەن. ئەمــە ئـەو بـارە نالەبارەیەکـە سیسـتمی پــەروەردەو فـێرکردن‌و پراکتیکـی کردەوەیـی پـەروەردە لـە قوتابخانـەکانی ئێمـەدا تێیـدان‌و بـەو هوٚیـەوە سیمای پــەروەردەی کوٚنــی پوٚشـیوەو لــەکاروانی پــەروەردەی نــویٚ‌و پێشکەوتووانەی جیهانی بـەجێماوە کـە لـێرەدا چـەند دیاردەیـەکی بـوٚ سەلماندنی هەڵسەنگاندنەکەمان دەخەینەڕوو:

سـەرەتا دەبێـت ئـەو راسـتییە نەشـاردرێتەوە کـە کاربەدەسـتانی پـەروەردە هــەر لـە دەسـگابالاٚکانەوە تـا ئەڵقـەکانی خـوارەوە خوٚیـان پــەروەردەی دەسـتی شـێوە کوٚنەکـەن‌و لـە قوتابخانــەی ئیفلاتونیــدا خوێندوویانەو بەپرنسیپەکانی پەروەردەی کوٚن گوٚشکراون. لەبەر ئەوە گوٚڕانکـاریی لـە سیسـتمی پــەروەردەدا هەمیشــە رێگرییــەکی زوٚری لــە بەردەمدا بووەو دەبێت. هەر دەنگێکی نوێخوازی، کە ناوە ناوە لێرەو لەویٚ بەرزبووبێتەوە، بەربەرەکانی کـراوە یـان بەشـێوەیەك لەشـێوەکان

تاسێنراوە، لەبەر ئەوە لایەنە سەلبییەکان لە پەروەردەدا مەشروعییەتی پێدراوەو تەنانەت وەك بیروڕاو ڕێبازی پەروەردەیی ڕاست لە قەڵەمدراوە، بەڵگەو بەهانەش بۆ ئەمە چاولێکردن و گەڕانەوە بۆ پەروەردەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و دوا تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان نەبووە بەڵکو پشت بە چەند (پسپۆڕێك) یان (شارەزایەك) لەکارە کارگێڕی و ڕۆتینییەکاندا بەستراوە.

ئەم پسپۆڕو شارەزایانە، زانیاری و شێوازەکانی بیرکردنەوەو چارەسەرکردنیان بۆ گرفت و کێشە پەروەردەییەکان شێوەی تەقلیدی گرتووەو، سیمای کورتبینی و کاری رووکەش و پینەوپەڕۆکردن و لەکۆڵی خۆداماڵینیان پێوە دیاربووە. بۆیەمایەی سەرسامی نییە هەڵەکان دووبارە ببنەوەو کێشەکان بەبەردەوامی سەرهەڵبدەنەوە.

یەکێك لەو دیاردانەی لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، پەرت پەرتکردنی پەروەردەیی لایەنە جیاجیاکانی کەسایەتیی منداڵە لەڕێی بایەخدان بەهەندێك وانەو پشتگوێخستنی هەندێك وانەی ترەوە. سەرپەرشتیارەکان، بەڕێوەبەرەکان، مامۆستاکان بەگشتی وانەکانی خوێندنەوەو بیرکاری بە پلەی یەکەم و ئینجا وانەکانی ئایین و زانستەکان و کۆمەڵایەتی بەپلەی دووەم و وانەکانی وێنەو سروودو وەرزش بێ پلەو بایەخ دادەنێن و لەسەر ئەم بنچینەیە مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکاندا دەکەن و ئاستیان هەڵدەسەنگێنن.واتە لەگەڵ ئەوەدا کە بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەم وانانە هەموویان چوونیەکن و بۆ خەملاندنی

نمره له ئەزموونەکاندا وەکو یەکن‌و جیاوازییان لەنێواندا نییە، بەڵام لەواقیعدا ئەم جیاوازییە هەیەو هەمیشە وانەکانی هونەرو وەرزش‌و سروود وەك وانەی لاوەکی‌و پاشکۆی وانەکانی دیکە وەهان‌و رادەی نمرەکانیان بەنمرەی خوێندکاران لەوانەکانی دیکەدا بەندە. جگە لەمە مامۆستایانی وانەکانیش لەچاوی کارگێڕی قوتابخانەو سەرپەرشتیارەکانیشەوە بەپێی بایەخی وانەکانیان سەیردەکرێن‌و جیاوازییەکە ئەوانیشی گرتۆتەوە. مامۆستاکانیش لەبەر تیشکی ئەم شێوە تێڕوانینەدا بۆماددەکان بەکردەوە وانە (لاوەکی)یەکان دەکەنە قوربانی مادده (سەرەکی)یەکان‌و، ئەوە کارێکی ئاساییە لە قوتابخانەکاندا مامۆستا وانەیەك بەوانەیەکی تر بگۆڕێت یان وانەیەکی (لاوەکی) وەربگرێت بۆ ئەوەی بیکاتە یەکێك لە مادده (سەرەکی)یەکان‌و بەرنامەی ئەمەی دواییانی پێ تەواو بکات، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاو سەرپەرشتیارانیشەوە نەك هەر لێیان ناپرسرێتەوەو هەڵەی ئەم کارەیان پێڕاناگەیەندرێت‌و بەربەستیان ناکرێت، بەڵکو ئافەرینیشیان دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی خوێندکاریش چ لەماڵەوەو چ لە قوتابخانە لەسەر ئاستی زانستی‌و خوێندنی بۆ وانە (سەرەکی)یەکان ستایش دەکرێت‌و پاداشتی ماددی یان مەعنەوی وەردەگرێت. ئەمە راستییەکی واقیعییە لە خوێندنگاکانداو ئەو حاڵەتانەش کەم نین کە قوتابیانی خاوەن بەهرەی هونەری‌و کارامەیی جەستەیی سەرزەنشت کراون‌و هیچ هاندانێکیان نەبووەو بەناچاری کۆڵیان داوەو کۆمەڵ

لەتواناو بەهرەیان بێبەش بووە. لەبەرئەوە، لەهەر هەنگاوێکی نوێدا بەرەوپێشەوەو، لەهەر پەرەپێدانێکی ئاڕاستەکراوو نەخشەکێشراو بۆ مۆدێرنکردنی سیستمی پەروەردەوفێرکردن لەوڵاتەکەماندا، دەبێت ئەم دیاردە سەلبییانە لەپێش چاو بگیرێن و سیاسەتێکی پەروەردەیی راستیان لەبەرامبەردا بگیرێتەبەر. ئەو سیاسەتە راستەش لەسەر ئەم پرنسیپانە راوەستاوەو دەبێت بخرێتە بەرنامەی کاری مامۆستایان و بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیاران و هەموو بەرپرسانی پەروەردەوە:

١) بایەخدان بەهەموو وانەکان بێ جیاوازی لە نێوانیانداو بەرنامەیەکی هاوسەنگ لەهەموو روویەکەوە پێشکەش بە قوتابیان بکرێت بۆ ئەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان بێنەدی و منداڵ لەهەموو لایەنەکانی کەسایەتییەوە گەشە بکات و بەرنامەکان رۆڵی خۆیان لەم گەشەکردنەدا ببینن.

٢) بەراستی هەر وانەیەك نمرەی خۆی هەبێت و دانانی نمرەی هیچ وانەیەك بەوانەیەکی ترەوە نەبەسترێتەوە، ئەو راستییەش بسەلمێندرێت کە مەرج نییە خوێندکاران لەهەموو وانەکاندا ئاستیان وەکو یەك بێت. دەبێت نمرەکان ئاوێنەی ئاستی راستەقینەو بەهرە جیاجیاکانی خوێندکاران بن.

٣) سەرپەرشتیاران و کارگێران بەجیددی چاودێری خشتەی وانەکانی هەفتە بکەن و نەهێڵن هیچ وانەیەك بەوانەیەکی تر بگۆڕدرێت یان وانەیەك پشتگوێ بخرێت بەڵکو چوونیەك لەسەر پلانی خوێندنی ساڵانەو

هەفتانەی وانـەکان لـە مامۆسـتایان بپرسـنەوەو ئامۆژگـاریو ڕێنمـایی پەروەردەییان بکەن.

٤) وانـەکانی هونـەرو وەرزشو سـروودو (مـاڵداریی قۆنـای دووەم) کـە ئێسـتا ئـەزموونیان تێـدا نـاکرێت یـان ئـەزموونێکی رووکـەشو بـێ بایـەخیان تێـدا ئـەنجام دەدرێـت، بەتایبـەتی سـۆراخ بکرێـنو دەسـتی سەرپەرشـتیارانی پسـپۆڕی ئـەم بوارانـە بـۆ ئـەم سـۆراخکردنە ئـاوەڵا بکرێــتو دەســەڵاتی لێپرســینەوەیان پێبدرێــتو بــە شەخســی سەرپەرشتیی شێوەی ئەزموونی ئەم ماددانە بکەنو کەموکوورپییەکانی پڕبکەنـەوەو، دەسـتی ئـەو مامۆسـتایانەش بگـرن کـە لـەم بـوارەدا شـارەزاییان نییـە،تـا هـەموران دەسـت لەناودەسـت ئـەم کـارە بـەرەو سـەرکەوتن بـەرنو بەمـەش یـەکێك لـە پرنسـیپە گرنگـەکانی پـەروەردەی نـوێ لەسیسـتمی پـەروەردەو فـێرکردنـدا جێگـیر دەبێـتو زەمینـەی پەروەردەیـەکی هاوچـەرخ لەسیسـتمی خوێنـدنـدا خـۆش دەکرێـتو پەروەردەی کۆن جێ‌ورێییەکی لەنێو خوێندنگاکانماندا نامێنێت.

ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (١٨٠٢)
١٩٩٩/٢/١٥

# دەربارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری

نــەخوێندەواری دیاردەیــەکی کۆمەڵایەتییــە، لەهــەر کۆمەڵگایــەکدا سەرهەڵدان‌و مانەوەی بەچەندین هۆکارو بارودۆخی مێژووییەوە بەندە. لــەرووی مێژووییــەوە، نــەخوێندەواری، لەکۆمــەڵگا دێرینــەکاندا بــاوبووە،لــەو کۆمەڵگایانــەدا شــێوازی سادەی ژیــان، بــەهۆی ســادەیی خواســتەکانی ئــەو ســەردەمەی مــرۆڤ‌و، کــەمیی پێداویســتییە ئابوورییــەکان‌و، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە داخراوەکـان لـەچوارچێوەی کۆمەڵە بەشەرییە پەرتەکاندا، بەبێ خوێندەواری، رەوتی ئاسایی خۆی گرتــووەو کێشــەیەکی بــۆ نەناونەتــەوە. دواتــر لەگــەڵ ســەرهەڵدانی پێداویســتیی نــوێ‌و گەشــەکردنی هۆیــەکانی بەرهــەم هێنــان‌و فراوانبوونــەوەی ئــەو پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییانــەی بەرئــەنجامی گەشەکردنەکە بــوون، کۆمــەڵگا پێویستیی بەخۆڕێکخستنەوە هــەبووە، بوارەکانی کاری کۆمەڵایــەتی فراوانــتر بــوون‌و ئاراستەکردنی چالاکیی ئــابووری‌و رێکخستنی کۆمــەڵ توێژێکی کۆمەڵایــەتی خواســتووە کــە رێنمایی‌و ئاراستەی ئەو گەشەکردنە بکات، نەك هەر لــەبواری کارکردنی راستەوخۆدا بەڵکو لەبواری گواستنەوەی شارەزاییش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

ئەو هۆکارانە، کە لە بنچینەدا وابەستەی ئابووریی کۆمــەڵگاکان بــوون، خوێندەوارییان، کە لــە خوێندنــەوەو نووسیندا بەرجەستە دەبێت، وەك ئــامرازی پەیوەندییــەکانی کــارو ململانێکــردن لەگــەڵ سروشــت‌و رێکخستنی سیستمی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان بــە وجودهێنــاوەو کاریگەرێتییان لــەسەر گەشەکردنی دواتری بەشەر لەکایەی چاکترکردنی هەلومەرجــەکانی ژیــانیدا هــەبووە. ئــەو کۆمەڵگایانــەی هەلومەرجــە سروشتییەکان بۆیان لەبار بوون‌و پرۆسەی کار تێیاندا هــەنگاوی بــەرەو پێشــەوە نــاوە، گەشــەی خوێندەواریشــیان زێــتر بــووەو ژیــاری خۆیــان

بنیاتنـاوه.کۆمـەڵگاکانی دیکـە پابـەندیو پاشـکۆییو ژێردەسـتەیی دەسـەڵاتی زاڵـی ئـەم ژیارانـەیان بەرکـەوتووە، دیـارە بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکان بۆ چینـە سەردەستەکان بنەمای هێشتنەوەی زۆربەیـەکی نـەخوێندەوار بـووە. بـەم پێیـە هۆکـاری سـەرەکیی نـەخوێندەواریو سەپاندنی نەزانیو خـەرافیات بۆ ئەو بەرژەوەندییانە دەگەڕێتـەوە، کـە لـەڕووی مێژووییـەوەو، لەئاسـتێکی جیـهانیدا، هـەتا سـەردەمی ڕێنیسـانسو پاشـان شۆڕشـی بۆرژوازیـی فەرەنسا درێـژەی کێشاوەو سیستمی ئابووریی زاڵیش لەجیهاندا، هـەتا ئیمـڕۆش، بەشێوەیەك لـە شـێوەکان، هـەر ئـەو بەرژەوەندییانـە درێـژە پێـدەدات بەتایبـەتی لـەو وڵاتانەدا کە بە باشوور ناودەبرێن.

کۆمەڵگـەی کوردسـتانیش یەکێکـە لـە قوربانییـەکانی ئـەم مێـژووەو، بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکانی چینـی باڵادەسـتی ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشکراوە، ئـەو واقیعـەیان خەسـتو چڕتـر کردۆتەوە.

دیـارە بـۆ پاکتـاوکردنی ئـەم میراتـە مێژووییـە، دەبێـت دەرئەنجامـە مەترسیدارەکانی تەشەنە کردنو مانەوەی نەخوێندەواری دەستنیشـان بکرێت، ئەو دەرئەنجامە ترسناکانەی نەخوێندەواری بـەرەوڕووی هـەر کۆمەڵگایـەکی دەکاتـەوەو، لـەم سـەردەمەی پێشـکەوتنی زانسـتو تەکنەلۆژیادا لە جیاوازی نێوان ژیاری ڕۆژئاواو ژێرخـانو سـەرخانی کۆمەڵگاکانی دیکەی جیهاندا بەدیدەکەین، بۆ کۆمەڵگای کوردستانیش هەڕەشـەی زاڵبوونـی ئایدیـای ژێردەسـتیو باڵادەسـتیی ڕۆشـنبیریی داگیرکەرانو خـەرافیاتو بزرکردنـی کەسایەتیی سـەربەخۆو دابـەزینی ئاستی هوشیاریی نەتەوایەتیو چینایەتییە بۆ ژێر سفرو، ئاکامەکەشی سـەرنەکەوتنی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی گـەلی کـوردو

بەدەستنەهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەپاندن و درێژەپێدانی ژیانی نامۆیی و چەسپاندنی دەسەڵاتی بەربەرییانەیە بەسەریدا.

نەخوێندەواری بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، سەرچاوەیەکی مانەوەی کوردستانە بەداگیرکراوی و، بۆ خەڵکی کوردیش هۆکاری گیانی بێدەربەستی و ساویلکەیی و فریوخواردن و سڕینەوەی شوناسی کەلتووری بووە، ئەگەرچی بوونی کەمایەتییەکی خوێندەوار مایەی پێشگرتن بەنیازی داگیرکەران بووە.

کۆمەڵگەی کوردستان، هەتا ئێستاش، لەکەمایەتییەکی خوێندەوارو لەوکەمایەتییەش کەمتر (رۆشنبیر) و زۆربەیەکی نەخوێندەوار پێکدێت.

دیارە ئەو کەمایەتییە لەهەموو قۆناغە مێژووییەکانی هەوڵی داگیرکەراندا توانیویەتی، لە بازنەیەکی تەسکدا، رۆڵی خۆی ببینێت و هەتا رادەیەك بەر بەلەناوبردنی ناسنامەی نەتەوایەتی بگرێت، بەڵام ئەم رۆڵە بەهۆی بارودۆخی بابەتیانەی کوردستان و هۆکاری (خودیی) بزووتنەوەی سیاسی و فیکری و رۆشنبیریی کەمایەتییە خوێندەوارەکە گشتیی نەبۆتەوە، بەهێزێکی ماددی جەماوەریی وەرنەچەرخاوە.

هەموو بزووتنەوە سیاسی و فیکری و رۆشنبیرییەکان، تەنانەت ئەو شۆڕشانەش کە توێژی منەووەرەکانی پێشووو رۆشنبیرانی ئەم سەدەیەش سەرکردایەتییان کردووە، ستراتیژێکی روون و ئایدیایەکی هەتا سەر خەباتگێڕیان نەبووە کە بەشێوەیەکی بونیادی لەڕووی هۆکارەکانی ژێردەستەیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی گەلی کورد و بەرهەڵستی رابوەستێت. خۆ ئەگەر لەهەندێك دەرفەتی مێژووییدا هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نابێت، ئەوا دواتر چەند هەنگاوێك هاتۆتە دواوە و دەستی داگیرکەرانی بەئاوەڵایی هێشتۆتەوە.

کەمایەتییە خوێندەوارە (رۆشنبیر)ەکەش، لەگەڵ هەموو ماندوو بوون و خۆبەختکردن و گیانی بەرهەڵستکارییاندا، توانای خستنەوەی

هوشیاریو سازدانی زۆربەو پاکتاوکردنی ئەو بنەمایانەیان نەبووە کە داگیرکەران بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان پشتیان پێبەستووە؛ بەواتایەکی تر کێشەکە لەخودی نەخوێندەواری بەمانای (خوێندنەوەو نووسین) نەبووە بەڵکو لە بێئاکامیی هەوڵەکانی کەمایەتیدا بۆ پووچەڵکردنەوەو ریسواکردنیداب و نەریتی کۆنەپەرستانەو شۆڤێنیستانەی ئەو نەتەوە سەردەستانە بووە کە لە سنووری دەوڵەتێکدا لەگەڵیاندا دەژین. ئەو مەترسییە بەپێی قۆناغەکان شێوەکەی گۆڕاوەو بەشێوازی جیاجیا بەردەوام بووەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

ئەمڕۆ خوێندەواریی، هەر لە واتا سادەکەیەوە کە (خوێندنەوەو نووسین)ە تا سەر هوشیاریی سیاسیو کۆمەڵایەتی، پێداویستییەکی چارەنووسسازە کە دەبێت تەواوی تواناکانی بۆ تەرخان بکرێتو، هەرچی هەلو بوارو دەرفەتە بۆی بقۆزرێتەوەو چرکەساتێك لەم پێناوەدا بەفیڕۆ نەدرێت، ئەوەش دەبێت بە هەڵمەتێکی نەهێشتنی نەخوێندەواریی چەند سەرەو چەند مەبەست بکرێتو، بەچەند ڕەهەندێکدا ئاڕاستەبێت. هەڵبەت لەبارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، کۆمەڵێك کۆسپ ڕێگری هەڵمەتێکی سەرانسەرین. بارودۆخی سیاسی کوردستانو، نەبوونی ئیدارەو دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و، داتەپینی ژێرخانی ئابووریو، باڵادەستیی کۆنەپەرستیی بەشێوە جیاجیاکانیەوە بەسەر ئایدیاو هۆشی خەڵکیداو، نەبوونی ئامارێکی باوەڕ پێکراوو...هتد، بەشێکی ئەوتەگەرانەن کە بەربەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەکەنو، دەبێت لەهەر بەرنامەڕێژییەکی کورتماوەو درێژخایەن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، زۆر بەوردی حسابیان بۆ بکرێت.

سلێمانی

کانوونی دووەمی ١٩٩٩

# تاووتوێکردنی کێشەکانی پەروەردەو فێرکردن بەدەسەڵاتی چوارەم دەسپێرینەوە!

ئەگەرچی لە یەك دوو ساڵی رابردوودا، بزافێکی رۆژنامەگەریی بەربڵاو کوردستانی گرتۆتەوەو بەدەیان رۆژنامەو گۆڤار لەشارەکاندا دەردەچن و، کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەهەواڵ و ریپۆرتاژو وتارو لێکۆڵینەوە شەن و کەو دەکرێن، بەڵام ئەوەی سەرنج رادەکێشێ و وەك دیاردەیەك لەبەرچاوە کەمیی رێژەی چارەسەرکردنی رۆژنامەگەرییانەی پەروەردەو فێرکردنە لەچاو بابەتەکانی تردا.

لەبواری رۆژنامەگەریدا، جگە لەوەی پانتاییەکی گونجاوو رێکوپێکی مەنهەجی بەکێشەکانی پەروەردەو فێرکردن نەدراوە، هیچ رۆژنامەیەکیش کێشە پەروەردەییەکانی بەهەند هەڵنەگرتووە، بۆیە قەڵەمی نوێ لەم کایەیەدا نەدرەوشاوەتەوەو، کۆمەڵێك تۆژینەوەو پۆلیمیك و مشتومڕی جیددی سەروتارو لێکۆڵینەوە رۆژنامەگەرییەکانی سالانی ٩٩٢-٩٩٦ سەبارەت بەکێشەکانی پەروەردەو فێرکردن نەخراوە.

دیارە ئەم خەمساردییە لەئاستی مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەك پەروەردەو فێرکردندا هۆکاری خۆی هەیەو شایانی ئەوەیە لەیەکەم دەرفەتدا خەمخۆرانی دواڕۆژی پرۆسێسی پەروەردە لە کوردستاندا پێنووسەکانیانی لێبخەنەکارو رەخنە ئاراستەی ئەقڵییەتی بەرپرس لەم هەڵویستە سەلبییە بکەن و چارەسەرکردنیشی بۆ دەستنیشان بکەن.

لەڕاستیدا بایەخی پەروەردەو فێرکردن لەپاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵ و بەرنامەرێژکردنی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا یەکێکە لەو سەلمێنراوانەی کە سیستمە سیاسییەکان، بەهەموو ئەو جیاوازییانەی لەنێوانیاندا هەیە،لەدەستووری کاری خۆیاندا دایدەنێن و لەریزی بوارەکانی سەربازی و

راگەیاندن و ئاسایشی نەتەوەییدا دەینرخێنن، بۆیە پشتگوێخستی لەهەر دیدگایەکەوە بێت، ئەگەر بۆ کەمهۆشی و تەنگبینی نەگەڕێتەوە، ئەوا بۆ دەستکورتیی تیۆری و پراکتیکی دەسگا بەرپرسەکانی ئەم مەیدانە نیشانەیە.

کێشەکانی پەروەردەو فێرکردن، هەر لەلایەنە ماددییەکانەوە بیگرین تا دەگاتە لایەنە مرۆیی و مەعنەوییەکانی،بەرادەیەکن نەك هەر تاووتوێکردنی رۆژنامەگەرییان دەوێت، بەڵکو گۆڤارو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی مەیدانی و زنجیرە کتێبی تایبەتیشیان گەرەکە. ئەم کێشانە بونیادین و زۆر لەوە بەرفراوانترن کە تا ئێستا لەهەواڵ و چاوپێکەوتنەکاندا بەیان دەکرێن، بۆیە شایانی ئەوەن سیاسەتێکی نوێ بۆ یەکلاییکردنەوەیان پیادە بکرێت وئەم سیاسەتە لەکارو پراکتیکی لەمەودوای دەزگا پەروەردەییەکاندا رەنگبداتەوە.

هەڵبەت رۆژنامەگەریی وەك دەسەڵاتی چوارەم لەم نێوەدا دەتوانێت کاریگەریتی هەبێت چ لەرێی رەخنەو وروژاندنی کێشەکان و چ لەرووی سازدان و بنیاتنانی رایەکی زانستیانەو پەروەردەییانەی گشتیدا. لەبەر ئەوە رووی ئەم وتارە وەك بانگەوازێك دەکەمە نووسەران و مامۆستایان و کارگێڕان و سەرپەرشتیاران و پسپۆڕانی پەروەردەیی و گشت ئەو مرۆ دڵسۆزانەی دەربەستی دواڕۆژی نەوەکانی ئێستاو ئایندەیانن کە لەو هەلانەی رۆژنامەکان دەیانڕەخسێنن سوود وەرگرن و بەگیانی هەست بە بەرپرسیارێتییەوە بێنە مەیدان و دیسان بەگورو تەوژمێکی نوێوە قەڵەمەکانیان تاو بدەنەوەو تاووتوێی کێشە پەروەردەییەکان بەدەسەڵاتی چوارەم بسپێرنەوە.

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (١٧٨٨)

١٩٩٩/١/٢٦

# کۆرسە بەپەلەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان

لە ١١/٨ هەتا ١٩٩٧/١٢/٨ کۆرسێك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی سەرەتایی لەشاری رانیە کرایەوە،لەم کۆرسەدا دەرچووانی ئامادەیی گشتیو ئامادەییەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیو بازرگانیی ناوچەکە وەرگیران بەنیازی ئەوەی بەزوویی ببنە مامۆستاو بۆ گوندەکانی ناوچەکە بنێردرێنو خوێندنگاکان لە گرفتی بێ مامۆستایی رزگار بکرێن. ئەم کۆرسە لەسەر زاری بەڕێوەبەرەکەی بەکۆرسی پێگەیاندنی مامۆستایانی (سەوریو فەوری) ناوزەدکراو، ئەنجامی کۆرسەکەشی بەسەرکەوتوو لەقەڵەم دا*.

مەبەست لەم وتارە شیکردنەوەی ئاخافتنەکەی بەڕێوەبەری کۆرسەکە نییە، مەبەستی ئەوە نییە پێوانەی (سەوری) یان سەرکەوتنو سەرنەکەوتن لەلای لێپرسراوی کۆرسەکە هەڵبسەنگێنێ، بەڵکو بەسەرکردنەوەیەکی ئەو کوێرەوەریو شڵەژانەیە کە دەسگای پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا تووشی بووە؛ راکێشانی سەرنجی بەرپرسیارانی پەروەردەیە لەهەموو ئاستەکاندا لەو دواڕۆژە پڕ نەهامەتییەی چاوەڕێی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکات. دەبێ چی لەوە زیانبەخشتر بێت کە پەروەردە کردنی منداڵان دەست کەسانێك

---

* رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) ئێوارەی رۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٥. چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراوی لەگەڵ مامۆستا (محەمەد) بەڕێوەبەری کۆرسی پێگەیاندنی مامۆستایان لە رانیە بڵاوکردەوە. لەو چاوپێکەوتنەدا بەڕێوەبەری کۆرسەکە چەندین جار بەشانو باڵی کۆرسەکەدا هەڵیداو وەك کۆرسێکی (سەوری)و (فەوری)و سەرکەوتوو ناوی برد.

بدرێت ناوی مامۆستایان لێنرابێت‌و تەنها مانگێك (بەواقیعی‌و بەحسابی ڕۆژ کەمتر لە مانگێك) بۆ ئەم کارە ڕاهێنرابن** دەبێت چی لەوە زیاتر جەزرەبە بە بەبونیادی زانستی‌و ڕۆشنبیریمان بگەیەنێت کە مۆری شەرعییەتی مامۆستایەتی لەدەرچووانی ئەو کۆرسە کورتماوانە بدرێت کە بەدەر لە مەرجەکانی مامۆستایەتی ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ دەنرێت.

بەراستی جێی سەرسوڕمانە لە دەسگاکانی پەروەردەو فێرکردندا تەنها لێپرسراوێك پەنجەی ڕەخنەو ناڕەزایی دژی ئەم هەنگاوە هەڕەمەکییانە بەرز نەکاتەوەو داوای ئەوە نەکات، سنوورێك بۆ ئەم پاشاگەردانییە دابنرێت‌و، چیتر بەهیچ شێوەیەك مامۆستای (ناچاریی) ڕەوانەی خوێندنگاکان نەکرێت، چونکە ئەزموونی دابینکردنی مامۆستای (ناچاریی) لەمێژووی سەدەیەکی پەروەردەو فێرکردن لەعێراقدا ئەوەی سەلماندووە کە بەرئەنجامی ئەم شێوازە لەپێگەیاندنی مامۆستایان سوودێکی بەرەوتی بەرەوپێشەوە بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن نەگەیاندووە. ئەگەر لە ڕۆژانی رابردوودا ناردنی ئەم جۆرە مامۆستایانە بۆ قوتابخانەکان، سەبارەت بەدواکەوتوویی‌و پێداویستیی گشتیکردنەوەی خوێندن پاساوێکی هەبووبێت، ئەوا ئیمڕۆ لەکۆتایی سەدەی بیستەم‌و سەرەتای چەرخی کۆمپیوتەردا سیاسەتێکی

---

** ئەم شێوازەی پێگەیاندنی مامۆستایان بۆ قۆناغی سەرەتایی لەدوو کۆرسی دوو هەفتەییدا بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان لە چەمچەماڵ‌و کەلار دووبارە کرایەوە. لەو دوو کۆرسەدا زێتر لە (١٥٠)خوێندکار کرانە مامۆستاو بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠١-٢٠٠٢) ڕەوانەی گوندە دوورەکانی ئەو دوو قەزایە کران.

چەوتو خەتایەکی گەورەیە بەرامبەر دواڕۆژو کۆمەڵو رۆشنبیریو مێژووی ئایندەمان دەکرێت.

مامۆستایەتی وەك هەر پیشەیەکی تر مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، بەرنامەو پێداویستیی تایبەتی هەیە، باری سایکۆلۆژی، واتە توانایی جەستەییو ئەقڵیو ویژدانیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو..هتد تایبەتی هەیە کە دەبێت لەژێر سایەی سیستمێکی تۆکمەو لێهاتووی خوێندنی پسپۆڕییانەدا – نەك پرۆژەی خێرخوازی – ئاراستە بکرێن تا بەراستی مامۆستای شایستەو کارامەو لێزان پێبگەیەنن و پڕکردنەوەی کەموکووڕیو دابینکردنی پێداویستیی قوتابخانەکانی کوردستان زامن بکەن.

وەنەبێت ئەو مەرجانەی داوایان دەکەینو بۆ پیشەی مامۆستایەتی پێویستو پێشمەرج بن، بەدەر لەتوانا و بوون بن، یان گرانو دەگمەن بن هەتا بەلاوەیان بنێینو هەرەمەکی بۆ ئەم پیشە گرنگە کۆمەڵایەتییە خەڵك کۆبکەینەوە! ئەمە نە لە جیهانی ئەمڕۆدا پەیڕەو دەکرێتو، نە لە هیچ وڵاتێکدا، کە کەمێك هوشیاری تێدا بێتو کاربەدەستەکانی ڕوو لە مۆدێرنکردنی ژیان بن، پەیڕەوکراوەو، نە لە پەروەردەی کۆنیشدا شێوازێکی پەسەند بووە؛ تەنانەت ئا لەم عێراقەدا،بەرلە سەدەیەك، کاربەدەستان لەرێگەی خوێندنگای تایبەتیی ئامادەکردنی مامۆستایانەوە مشووری ئاستێکی گونجاوو توانایییەکی پسپۆڕییان بۆ مامۆستایان خواردووە، بۆ نموونە ساڵی ١٨٩٩ یەکەم خوێندنگای پێگەیاندنی مامۆستایان لەبەغداو، ساڵی ١٩٠٠یش خوێندنگایەکی تر

بۆ هەمان مەبەست لە (موصل) کراوەتەوە کە خوێندن تێیاندا دوو ساڵ بووە، دواتریش کە ساڵی ١٩١٥ خوێندنگایەکی دیکە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان لەشاری (بصرە) کراوەتەوە، خوێندن لەهەر سێ خوێندنگاکەدا کراوە بە چوارساڵ***.

ئەوە نزیکەی بیست ساڵە خوێندنگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان لە عێراقدا بەرەو چەسپاندنی ئاستێکی بەرزی خوێندن لە پەیمانگای تایبەتیدا دەچن – ئەگەرچی سیاسەتی چەوتی رژێم رێگری ئەو ئاستەبووە – بۆ ئەوەش دوو جۆرە پەیمانگا هەن کە خوێندکاران لەیەکێکیاندا دوو ساڵ دوای دەرچوونیان لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی‌و ئەویدیکەیان پێنج ساڵ دوای دەرچوونیان لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەخوێنن. رووکاری پەروەردەیی بەرە بەرە رووەو ئەوە دەچێت، وەك زۆر وڵاتی پێشکەوتووی ئەم جیهانە، مامۆستا لە زانکۆکانداو لە کۆلیژی تایبەتی مامۆستایاندا پێبگەیەندرێن، کەچی تازە بەتازە لە کوردستاندا (ئامێری کات) بەرەو دواوە ملدەنێت‌و مامۆستای (ناچاریی)و (نەبەکام) یان (سەوری‌و فەوری)مان بۆدادەمەزرێنن‌و بۆ

---

*** یەکێك لەسەرچاوە کۆنەکان کە یاسای (المعارف العام) ژمارە ٢٨ی ساڵی ١٩٢٩ یە سێ جۆر خوێندنی بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان داناوە کە بریتین لە (خانەی مامۆستایانی بەرایی، خانەی مامۆستایانی سەرەتایی، خانەی مامۆستایانی باڵا) کە یەکەمیان بەبڕوانامەی سەرەتایی‌و دووەمیان بەبڕوانامەی ناوەندی‌و سێیەمیان بەبڕوانامەی ئامادەییەوە خوێندکارانیان وەردەگرت‌و خوێندن تێیاندا ٢ ساڵ‌و ٣ ساڵ بووە.

سیی هەتا چل ساڵی تر لەگەردنی پەروەردەو فێرکردنی قۆناغی سەرەتاییان دەئاڵێنن.

ئەگەرچی ئەمڕۆ کوردستان بە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەڕوات‌و لەریزی پێشەوەی ئەو بارودۆخەدا شەڕی ناوخۆو گرانی‌و برسێتی‌و بێکاری چۆکی بەسەر کۆڵەی سنگی خەڵکی زەحمەتکێش‌و ستەمدیدەی کوردستاندا داداوە، بەڵام لەسایەی هیچ بارودۆخێکداو لەهیچ کایەیەکدا نابێت پرنسیپەکان تووڕبدرێن‌و دواڕۆژ بەقوربانی دەسکەوتێکی کاتیی هەنووکەیی بکرێت. ئەمە جگە لەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەکان بە پەلەپەل‌وبێ بیرکردنەوەو پلاندانان لەبەش‌و لایەنە پچڕپچڕو بچووکەکاندا ئاکامێکی کاتی‌و دەستکەوتێکی دڵخۆشکەرانەی (فەوری) دەبێت، بەڵام بۆ دەیان ساڵ سەلبیاتەکانی بەجەستەی پەروەردەو فێرکردندا سووڕدەخوات‌و لەناوەوە کلۆری دەکات‌و ئەندامەکانی دادەڕزێنێت. بۆیە دەبێت چارەسەرکردنی کێشەکان، لەوانەش کێشەی نەبوونی مامۆستا لە گوندە دوورەکاندا، وەك بەشێك لەکێشەی گشتیی سیستمی پەروەردەو فێرکردن سەیر بکرێت. دەبێت چارەسەرکردن گشتی بێت‌و پەل‌وپۆ بۆ هەموو بەش‌و لایەنە جیاجیاکان بهاوێت، ئەوەش تەنها بە بەرنامەرێژکردنی پەروەردەو فێرکردن‌و سازدانی توخمە ماددی‌و بەشەرییەکانی پرۆسەکە دەکرێت نەك بە پڕۆژەو هەنگاوی (سەوری) و (فەوری)!!

هەولێر

کانوونی دووەمی ١٩٩٨

# پڕۆژەی ناوکۆیی
# باوکان - دایکان - مامۆستایان

لەسایەی پەروەردەی شێوە بۆرژوایی ئیمڕۆدا، منداڵان پڕۆژەیەکی ناوکۆیی نێوان ماڵەوەو قوتابخانەن. ئەرکی پەروەردەکردن و پێگەیاندنیان سەرەتا لە ئەستۆی دایکان و باوکان و پاشان لە ئەستۆی ئەوان و مامۆستاکانیانن، کە دەوڵەت و کۆمەڵ سنووری هاوکاریکردن و یەکتر تەواوکردنی کۆششەکانیانی لەم بوارەدا بۆ دیاریکردوون. داڕشتنی کەسایەتیی خوێندکاران لەسەر داب و شێوەو نەریتێک کە فەلسەفەو سیستمی سیاسی گەرەکیەتی ئامانجی هەرە سەرەکی پەروەردەو فێرکردنی منداڵانەو، هەر ئەمەشە ئەرکێکی گەورەی دامەزراوەی خێزان و قوتابخانەی بەسەرخستنی ئەم پڕۆژە ناوکۆییە دەستنیشان کردووەو هاریکاریی نێوانیانی، وەک ناچارییەکی پەروەردەیی بۆ خزمەتی بونیادی کۆمەڵایەتی و بەردەوامیی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی، سەپاندووە. لەبەر ئەوە هەر لایەنێک چاوەڕوانی و پێشبینی خۆی هەیە بۆ ئەرک و ڕۆڵی لایەنەکەی دیکەیان لە مشوورخواردن و بایەخدان بەم پڕۆژە بەشەرییەدا. دیارە تێکەڵکردنی ئەرکەکان، یان بەرزبوونەوەی ئاستی پێشبینی هەر لایەنێک سەبارەت بە ڕۆڵی بەرامبەرەکەی، کەم و زۆر کار لە پرۆسەکە بەگشتی دەکات و، منداڵان کاریگەرێتییە سەلبییەکەیان بۆ دەمێنێتەوەو زیان بە ڕەوتی ئاسایی پەروەردە کردن و پێگەیاندنیان دەگەیەنێت.

باوکان ـ دایکان لەمامۆستاکانیان دەوێت منداڵان وەک سپاردەیەکیان لێوەربگرن. دەیانەوێت مامۆستایان جێی ئەوان لەدەرەوەی ماڵدا

بگرنەوەو ئەو بینایە تەواو بکەن کە لەماوەی پێنج هەتا شەش ساڵدا لەماڵەوە بناغەی داڕێژراوە، داوا دەکەن لەڕووی زانستی و رەوشتەوە منداڵەکانیان بۆ پەروەردە بکەن، ئاستیان بەرزبکەنەوە، دوا داهێنان و دوانەریتی ئەرێیانەی ئادەمیزادی هاوچەرخیان پێبگەیەنن. دەیانەوێت ماموستایان چاوو دەستی ئەوان بن و لە ئاراستەکردنی رۆڵەکانیاندا سەرپشکیان کردوون. خوازیاری ئەوەشن لەهەواڵ و رادەی گەشەکردن و فێرکردنی جگەرگۆشەکانیان ئاگاداربن. دەیانەوێت ماموستاکان نموونەی هەرە بەرزی بەرچاوی منداڵەکانیان بن و هەمیشە بۆیان سەرچاوەی زانست و هوشیاری و رەوشت بن تا بەراشکاوی کێشەکانیان بخەنە بەردەستیان و، ئەوانیش رێنوێنییان بکەن و بۆ چارەسەرکردنیان، شێوازی بیرکردنەوەی زانستییان فێربکەن؛ کۆمەڵیش داواکاریی خۆی هەیە و دەیەوێت ماموستایان هۆکارو ئامرازی راستکردنەوەی هەر خواروخێچی و شلەژانێکی پەروەردەیی بن کە لەرەفتارە جۆراوجۆرەکانی خوێندکاراندا دەربکەون و ژینگەی بەر لە ژینگەی خوێندنگا لە رەفتارو رەوشتیاندا چاندبێتی.

لێرەداو، بەرامبەر بەم ئاستی خواست و پێشبینییەی دایکان و باوکان، ماموستایانیش چاوەڕوانیی ئەوە لەوان دەکەن کە باری سەرنجێکی باش سەبارەت بە قوتابخانەو رۆڵی خوێندن لە دواڕۆژی رۆڵەکانیاندا بەمنداڵەکانیان بدەن. خۆشەویستی و رێزگرتنی قوتابخانەو ماموستا لەدڵ و دەروونیاندا بچێنن. هەمیشە وەك پەیامبەری زانست و رەوشت و کردەوەی پەسەندو کەسایەتییەکی گران و بەبەهای کۆمەڵایەتی قسەو باسیان لەسەر بکەن. دەیانەوێت باوکان و دایکان سۆراخی منداڵەکانیان بکەن، لێیان بپرسنەوەو فەرامۆشیان نەکەن.

ڕۆژانە بزانن چی دەخوێنن، چییان لێداواکراوە، چ گرفتێکیان لەم میانەدا تووشهاتووەو، چۆن بۆ چارەسەرکردنی گونجاو بۆیان بەرەوپیری دەچن؟

مامۆستایان دەیانەوێت باوکانو دایکان پاڵپشتی هەوڵەکانی ڕێکخستنی کات بن بۆ رۆڵەکانیان. دەیانەوێت هەموو پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ ئامادەکردبنو، هەر لە دابینکردنی خۆراکو پۆشاکو کەرەسەی نووسینەوە تا سەر حەسانەوەو پاکوخاوێنیو بارودۆخێکی لەباری کۆششکردنی ڕۆژانەوە، گرفتێکیان لەبەردەمدا نەمابێتەوە کە زیان بەخوێندنیان بگەیەنێت.

مامۆستایان خوازیارن باوکانو دایکان پەیوەندییان لە قوتابخانە نەپچڕێنن، هەرگیز لە بەڕێوەبەرێتیو دەستەی مامۆستایانی خوێندنگای منداڵەکانیان دانەبڕێن، بەڵکو هامشۆی بەردەوام بۆ خوێندنگا بکەنو لەکێشەی ڕۆژانەی منداڵەکانیان ئاگاداربنو، مامۆستاکانیش لە گرفتەکانی ماڵەوە ئاگاداربکەن. بەمە هەردوولا دەست لەناو دەست دەتوانن ئەم پڕۆژە ناوکۆییە بەرەو سەرکەوتن بەرن.

هەولێر

کانوونی یەکەمی ١٩٩٧

# وەرگرتنی مامۆستایانی سەرەتایی لە زانکۆکاندا

سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندن، چەند کورسییەك لە زانکۆکاندا بۆ مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی دادەنرێتو لەلایەن دەزگای پەروەردەی پارێزگاکانەوە بانگەوازی پێشبڕکێ بۆ وەرگرتن رادەگەیەنرێت، دواتر رۆژێك بۆ چاوپێکەوتنی مامۆستاکان دادەنرێت بەپێی ئەو مەرجانەی دانراوە بۆ وەرگرتن کاندید دەکرێن.

ئەو مامۆستایانەی وەردەگیرێن چوارساڵ قوتابخانەکانیان بەجێدەهێڵنو لەسەر خەرجیی حکومەت دەخوێنن، واتە لەلایەك تەواوی مووچەکەیان وەردەگرنو لەلایەکی دیکەوە بێ بەرامبەر دەخوێننو ئەو ماوەیە بەمۆڵەتی خوێندن بۆیان دەژمێردرێت.

ئەو مامۆستایانە بەسەر بەشو لقە جیاجیاکانی کۆلیژەکانی (پەروەردە، ئاداب، زانستەکان، کارگێڕیو ئابووری)دا دابەش دەبن، دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکەن بەپێی پسپۆڕێتییان لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە بۆ خوێندنگاکانی قۆناخی ناوەندیو ئامادەیی دەگوێزرێنەوە.

ئەم وتارە لە شێوازی وەرگرتنو، چۆنایەتی چاوپێکەوتنو، بوونی عەدالەت یان نەبوونی لە وەرگرتنداو،کێ وەردەگیرێو، کێ وەرناگیرێو، چۆن وەرگیراوان بۆ ئەم خوێندنە دەستنیشان دەکرێن، ناکۆڵێتەوە بەڵکو لە جەوهەری وەرگرتنی مامۆستایانی سەرەتایی لە زانکۆکاندا دەدوێت بە هیوای ئەوەی رێگایەکی راستتر لەوەی ئیمڕۆ پەیڕەودەکرێت بخاتە ڕوو، هەتا هەوڵو کۆششو رەنجی چ مامۆستاکانو چ زانکۆکان جێی

بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو خوێندنگاو دەزگا پەروەردەییانە دابنێن، کە کاری تێدا دەکەن‌و بەرەو ئەو خوێندنە ئاراستەیان کردوون کە خزمەت بەکارەکەیان بکات.

ئایا ئەم ئامانجە پەروەردەییە تاچ رادەیەك لە خوێندنی مامۆستایانی سەرەتایی لەزانکۆکانی ئێمەدا بەدیدێت؟

پێشەکی دەبێت ئەو راستییە دەستنیشان بکەین کە وەرگرتنی مامۆستایان لە کۆلیژەکاندا بەشێك نییە لە بەرنامەڕێژیی دەزگای بالای پەروەردە بۆ راهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردندا. وەرگرتنی مامۆستایان وەك کارێکی سەربەخۆو چاکەیەکی زانستی‌و رۆشنبیری‌و لە نێو بەرنامەی زانکۆکانەوە سەرهەڵدەدات‌و پەیوەست نییە بەبەرنامەی دەزگای بالای پەروەردەو فێرکردنەوە، واتە بەشێك نییە لە پلانێکی گشتیی بڕیار دراوو بەردەوام کەبەرنامەی پەروەردەی هەمیشەیی (التربية المستديمة)لەسەر ئاستی وڵات، نەخشەو پلانی پشت بەستوو بە ئامارو پێداویستییەکانی بۆ دانابێت و ساڵانە پەیڕەوی بکات. لەبەر ئەوە مامۆستاکان دوای دەرچوونیان لەسەر کارەکانی خۆیان‌و لە شوێنی خۆیان نامێننەوە بەڵکو دەڕۆنە کەناڵێکی دیکەی کارکردنەوە کە هەندێ جار زۆر لە کەناڵی پێشووی کارەکانیانەوە دوورە. بەم پێیە ئەو هەوڵ‌و کۆشش‌و ماندووبوون‌و خەرجییەی دەکرێت دەبێتە سوودێکی تاکە کەسی بۆ مامۆستاکان‌و خزمەت بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی قۆناخی سەرەتایی ناکات؛ ئەوانەشیان کەخزمەتیان لە قۆناخی سەرەتاییەوە بۆ قۆناخی ئامادەیی دەگوێزنەوە، ئەگەرچی لە بواری پەروەردەو فێرکردن دوورناکەونەوە، بەڵام هیچ کاریگەرێتییەکی ئەرێیانەیان لەسەرخوێندی قۆناخی ئامادەیی نابێت چونکە هەرهەموو

ماموستایانی ئەم قۆناخە پسپۆڕێتییان هەیەو ئەگەر لەمان کارامەترو شارەزاتر نەبن کەمتر نینو، بوونی ئەمان حاڵەتێکی پێشکەوتووتر لەوەی هەیە پێکناهێنێت، تەنانەت لەڕووی چەندایەتیشەوە ساڵانە بەسەدان خوێندکار لە کۆلێژەکانی پەروەردەو ئادابو زانستەکان دەردەچنو لەم سەرچاوەیەوە دەتوانرێت چارەسەری کەمیی ماموستایان لە قوتابخانەکانی قۆناخی دووەم بکرێتو، ئیتر هیچ پێویستییەك بەوە نابێت ساڵانە چەند دە ماموستایەك لە قۆناخی سەرەتاییەوە بۆ ئەم قۆناخە بگوێزرێنەوە.

بۆ ئەوەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە ئاکامی ئەم بایەخدانە بە گەشەکردنی ماموستایان بێبەش نەبن، بۆ ئەوەی ئاستی زانستیو پسپۆڕیی ئەم ماموستایانە خزمەت بە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکات، ئەوا پێویستە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆ هەر لە شوێنی خۆیان بهێڵرێنەوەو ئەوەی پێویست بکات لە پاداشتو ئیمتیازاتی ماددیو مەعنەوی بیاندرێتێ تا لەم بوارەدا خزمەت بکەنو هۆکارێکی ئەرێیانەی بەرز کردنەوەی ئاستی خوێندنو پڕۆسەی کرداری پەروەردەبن لە قۆناخی سەرەتاییدا کەبەبەردی بناخەی خوێندن لە قۆناخەکانی دیکەدا دەژمێردرێت.

لەلایەکی دیکەوە دەتوانرێت بە ڕێگایەکی تر سوود لەو ماموستایانە وەربگیرێت ، ئەوەش لە ڕێی ئامادەکردنیانەوە بۆ بوارەکانی بەرنامە ڕێژکردنو هەڵسەنگاندنو رابەرێتی دەروونیو سەرپەرشتیی پەروەردەیی . بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێت سوود لە تواناییەکانی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆکان وەربگیرێتو لقی تایبەتی پەروەردەو سایکۆلۆژی لەم زانکۆیانەدا بکرێتەوە تا ماموستایانی سەرەتایی وەربگرن؛ بەمەش

دەتوانرێت بەرەبەرە بڕوانامەی مامۆستایانی ئەم قۆناخە بەرز بکرێتەوە بۆ بەکالۆریۆس و، پسپۆڕێتی پەروەردەو سایکۆلۆژی خەسڵەتی شایاندنی گشتیی مامۆستایان بێت، ئەو مامۆستایانەشی پلەی یەکەمی دەهێنن یان بەهرەو توانای زانستییان تێدا دەردەکەوێت لە بەشە هونەرییەکانی دەزگای پەروەردەدا وەك (بەرنامەڕێژیی، بەرنامەکانی خوێندن، ئامادەکردن و راهێنان، تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە، ئامار، ئەزموونوکان....هتد) بواری خوێندنی بالآیان بۆ ئاوەلآ بکرێت و، لەو بەشانەدا دابنرێن ودەرفەتی گەشەکردنی بەهرەو توانا زانستییەکانیان بۆ برەخسێنرێت؛ ئەمە جگە لەوەی کە دەرچووانی ئەم بوارە پەروەردەییانە لەڕووی ئەکادیمییەوە سازو ئامادەی ئەوەن ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان و خوێندنگاکان و سەرپەرشتیی پەروەردەییشیان پێبسپێردرێت.

ئەمە، ئەو رێگەیەیە کە دەبێت بیریلێبکرێتەوەو نەخشەوپلانی بۆ دابڕێژرێ و ئامانجی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکرێت تا لێوەشاوەیی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن پەرەبسێنێ و بەرهەمی باشی لێبکەوێتەوە؛ بە پێچەوانەشەوە ، بەردەوامبوون لەسەر ئەو رەوتەی ئێستا سالآنە زیان بە پرۆسەی خوێندنی قۆناخی سەرەتایی دەگەیەنێت و بەرژەوەندیی گشتی تێدا فەرامۆش دەکرێت و کردارەکە تەنها لە چوار چێوەی سوودی شەخسی ئەو مامۆستایانە دەمێنێتەوە کە وەردەگیرێن و، هیچ سوودێکی بەرچاو بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ناگەیەنێت.

هەولێر

کانوونی یەکەمی ١٩٩٧

# ئەركی دوولانەی
# پەیمانگای هونەرەجوانەكان

سەرەتای بایەخدانی دەسگای پەروەردەیی عێراق بە گەشەكردنی منداڵ لە بواری هونەردا بۆ ساڵەكانی سیی ئەم سەدەیە دەگەڕێتەوە. وەزارەتی مەعاریفی عێراق ساڵی ١٩٣٦ پەیمانگایەكی بۆ مۆسیقا كردەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٠دا ناوی (پەیمانگای هونەرە جوانەكان)ی لێنرا كە جگە لە بابەتی مۆسیقا، وێنەو هەڵكۆڵینو نواندنیشی تێدا دەخوێندرا*.ئامانجی ئەم پەیمانگایە پێگەیاندنی مامۆستایانی پسپۆڕ لە هونەرە جوانەكاندا بوو تا بتوانن چالاكییە هونەرییەكان لەخوێندنگا سەرەتاییەكاندا پەرەپێبدەن. هەروەها مەبەستێكی دیكەی ئەم پەیمانگایە پێگەیاندنو دەستگرتنی خاوەن بەهرە هونەرییەكان بوو بە شێوەیەك بتوانن خزمەتی گەشەكردنی هونەر لە عێراقدا بكەن.

لەم پەیمانگایانەدا خوێندكارانی دەرچووی پۆلی سێیەمی ناوەندی وەردەگیران، سەرەتا پاش سێ ساڵو دواتر چوار ساڵ دەبوونە مامۆستاو ئێستاش پێنج ساڵ دەخوێننو دەبنە مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەكان.

ئەم بایەخدانە بە هونەرو كردنەوەی پەیمانگایەكی تایبەتی لەو ساڵانەدا هەنگاوێكی گەورەو پێشكەوتووانەی پەروەردەیی بووە كە

---

* زانیارییە تایبەتییەكانی ئەم وتارە دەربارەی پەیمانگاكانی هونەرە جوانەكان لە عێراقدا لە لێكۆڵینەوەیەكی دكتور بدیع محمود مبارك القاسم وەرگیراوە بەناوی (اعداد المعلمین وتدریبهم فی العراق – دراسة وثائقیة تحلیلیة– بغداد / طباعة المنتصر / ١٩٨٩م)

رووناكبیرانی ئەو سەردەمەی نێو دەسگای پەروەردەو فێركردن توانیویانە بیهاون، كە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئاستی هوشیاریی گشتیو رۆشنبیریو بارودۆخی كۆمەڵایەتیی ئەو كاتە نەك هەر نایەتەوە بەڵكو بەماوەیەكی ئێجگار بەرین پێشیدابووەوە....

ئەم پەیمانگایەی هونەر، لەو كاتەوەو، دوای فراوانبوونەوەیو كردنەوەی پەیمانگای هاوشێوەی لە چەند پارێزگایەكی دیكە – جگە لە بەغدا ـ هەتا ئێستاش یەكێك لە كەناڵەكانی پێگەیاندنی مامۆستایان بۆ قۆناخیسەرەتایی پێكدەهێنێت.

ئەم مامۆستایانە، ئەگەرچی پسپۆڕێتییان لە هونەردا هەیە، بەڵام كە پێیاننایە قوتابخانەكانەوە، دەبێت وەك هەر مامۆستایەكی تر (نصاب)ی خۆیان بڵێنەوەو، لەبەرئەوەی وانەكانی هونەر ئەوەندە نییە (نصاب)ی پێپڕبكرێتەوە، ناچار وانەی دیكەیان بەسەردا دەدەن، ئەمەش بۆ خۆی كێشەیەكە قوتابخانەكان بەدەستیەوە دەناڵێننو، مایەی دەردیسەرییەكە كەبەرەو رووی ئەم مامۆستایانە دەبێتەوە.

بابەتەكانی وێنەوكاری دەستو رێگاكانی گوتنەوەی پەروەردەی هونەریی لەقۆناخی سەرەتاییدا هەمیشە لەریزی بابەتەكانی دیكەی خوێندن لە خانەو پەیمانگاكانی مامۆستایاندا بوون، تەنانەت ئەو كۆرسە پەروەردەییانەش كە بۆ ساڵێك یان شەش مانگ، بۆ ئامادەكردنی مامۆستایانی قۆناخی سەرەتایی كراونەتەوە، دیسان هەر بابەتێكیان دەربارەی پەروەردەی هونەریی تێدا بووە.

لە سیستمی فێركردنی عێراقیدا، هەر لە ساڵەكانی سییەوە تا ئیمڕۆ خانەكانی پێگەیاندنی مامۆستایان بە شێوە جیاجیاكانیەوە (ئەووەڵی ـ ریفی ـ سەرەتایی)و دواتر پەیمانگاكانی پێگەیاندنی مامۆستایان (سێ

ساڵ دوای پۆلی سێیەمی ناوەندی، پێنج ساڵ دوای پۆلی سێیەمی ناوەندی، دووساڵ دوای پۆلی شەشەمی ئامادەیی) لە بەرنامەکانی خوێندنیاندا بابەتی پەروەردەی هونەرییان بە لقە جیاجیاکانیەوە هەبووە. ئەم بابەتانە بایەخی خۆیان هەبووە لە پێگەیاندنی خوێندکارە بەهرەدارەکانی بواری هونەردا تا بتوانن بەهرەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵو منداڵانی قۆناخی سەرەتاییدا دابنێن.

دەسگای پەروەردەیی لە عێراقدا، بە هێڵێکی بەیانی سەرەوژوور ڕێژەی بایەخدانی بە پێگەیاندنی مامۆستایانی هونەر تۆمارکردووە. لە هەندێ پەیمانگای مامۆستایاندا لقی هونەریی وەك لقە پسپۆڕییەکانی دیکە کردۆتەوە. لەم لقانەدا بابەتە پەروەردەییە گشتییەکانو بابەتە تایبەتییە پسپۆڕییەکانیش لە هونەردا، بەڕێژەیەکی نزیکە چوونیەك دەخوێندرێن: مەبەستیش ئەوەیە خوێندکارانی دەرچوو لەم بەشانەدا بتوانن ئەرکێکی دوولانە لە قوتابخانەکاندا ببینن، ئەوەش بەوەی لەلایەك مامۆستای تایبەتی هونەر بنو لەلایەکی دیکەشەوە بۆ گوتنەوەی بابەتەکانی تر دەستەوسان نەبنو بتوانن ڕۆڵی خۆیان وەك هەر مامۆستایەکیتر ببینن.

لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ئەم بەرنامەیەی بەم شێوەیە بۆ بەشەکانی پەروەردەی هونەریی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان (پێنج ساڵە) دانراوە، بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان دانەنراوە، لەکاتێکدا کە دەرچووانی ئەم پەیمانگایەش دەبنە مامۆستاو پێویستییان بە هەردوو کۆمەڵە بابەتەکان (پەروەردەیی، هونەری) دەبێت، چونکە ئەمانیش دیسان ئەرکێکی دوولانەیان لەئەستۆیە بەڵام واقیعی خوێندنەکەیان بۆ ئەم ئەرکە دوولانەیە ئامادەیان ناکاتو پتر

بەرنامەکـە بایـەخ بەلایەنـە هونەرییەکـە دەدات و لایـەنی پـەروەردەیی و سایکۆلۆژی فەرامۆشکردووە بەبەڵگەی ئەوەی ڕێژەیەکی ئێجگار کەمی لەنێو بەرنامەی خوێندنی بەشەکانی (شێوەکاری و شانۆو مۆسیقا) هەیە کە سێ بابەتی سەرەکین ئەوانیش (سەرەتاکانی پەروەردە، سایکۆلۆژیی منداڵ، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە)ن.

ئـەم ڕێـژە کەمـە نیشـانەی بایەخنەدانـە بەلایـەنی سـایکۆلۆژی و پـەروەردەیی لـە پێگـەیاندنی خوێندکـارانداو نانـەوەی تەنگوچەڵەمەیـە بۆیان لە دواڕۆژدا، کاتێك دەبێت کاری مامۆستایەتی لە قوتابخانەکاندا بکەن، بۆیـە ئەگـەر ئـەم پەیمانگایانـە وەکـو خۆیـان بمێننـەوەو ساڵانە خوێندکار وەربگرن و چارەنووسی خوێندکارەکانیش مامۆستایەتی بێت، ئـەوا دەبێـت چـاو بـە بەرنامـەکاندا بخشـێنرێتەوەو ڕێـژەی بابەتـە پـەروەردەیی و سـایکۆلۆژییەکان زیـاد بکرێـت و مامۆسـتای پسـپۆڕی شارەزاو بەئەزموونیان لە بواری پـەروەردەو سـایکۆلۆژی بـۆ دابـنرێت هـەتا وەکـو خوێندکـارانی پـەیمانگاکانی پێگـەیاندنی مامۆسـتایان بەراستی بۆ مامۆستایەتی ئامادە بکرێن.

ئیمـڕۆ دوای تێپـەڕبوونی چـەند دە سـاڵێك بەسـەر کردنـەوەی ئـەم پەیمانگایانـە لـە بـەغداو شـارە گـەورەکان و چـەند سـاڵێك بەسـەرکردنەوەیاندا لـە شـارەکانی تـر، دوای ئـەو هـەموو گۆڕانکارییـە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەی ڕویـداوەو، لە پێنانە سـەدەی بیسـت ویەکەم نزیکدەبینـەوە، بوونـی ئـەم پەیمانگایانـە، لـە ڕوانگـەی زانستی بەرنامەڕێژی و گەشەکردنەوە، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوەو هەقە وەڵام بـەو پرسـیارە بدرێتـەوە کـە ئایـا چ پاسـاوێك (هونـەری یـان پەروەردەیی) بۆ مانەوەیان هەیە؟ بەتایبەتی کە خوێندنی ئەکادیمی لە

هونەردا سەریهەڵداوەو لە ئاستێکی بەرزتردا بایەخ بە هونەر دەدرێتو خەریکە لە ئاستی کۆمەڵدا ڕێزو پایەی هونەر برەو پەیدا دەکاتو جێی خۆی لە بونیادی کەسایەتیی نەوەی نوێدا دەکاتەوە؛ ئایا شێوازێکی دیکە بۆ بەردەوامیی پێگەیاندنی پسپۆڕانی هونەر پێویست نییە؟ ئایا ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستایانی هونەر، کە لە چەند کەناڵێکەوە ئامادە دەکرێن بۆ مامۆستایەتی، بەرەو کوێ ڕەوانە دەکرێنو چۆن جێیان بۆ دەکەنەوەو تا چ ڕادەیەك سوود دەگەیەنن؟ ئایا تەنها بەشێکی هونەر لە پەیمانگاکانی مامۆستایاندا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بۆ مامۆستایانی هونەر لە قوتابخانەکاندا بەس نییە؟

ئەگەر بەوردی باری ئێستای پێگەیاندنی مامۆستایان شیبکەینەوەو بەپێی بەرنامەڕێژییەکی زانستیانەی پشتبەستوو بە ئامار مامۆستایان بەسەر قوتابخانەکاندا دابەش بکرێن، ئەوا هیچ پاساوێکی هونەریو پەروەردەیی بۆ بەردەوامیی پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان (بەو شێوەیەی ئێستا) نامێنێتەوە.

ئەوە چەند ساڵێکە، دەزگای پەروەردەو فێرکردن، خوێندکارانی دەرچووی پۆلی سێیەمی ناوەندی لە پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان (پێنج ساڵە) وەرناگرێت سەبارەت بەو ئامارو پێشبینییەی بۆ پێداویستی خوێندگاکانیان کرد، واتە ئەم پەیمانگایانە لەیەك دوو ساڵی داهاتوودا بەئێجگاری نامێننو دادەخرێن. جا ئەگەر سەرڕێژبوون لە بواری پێگەیاندنی مامۆستایاندا مایەی داخستنی پەیمانگاکان بێت، دەبێت پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکانیش بەر ئەو داخستنە بکەون بۆ ئەوەی لەم کەناڵەوە هەڵاوسانەکە بەردەوام نەبێت، بەتایبەتی وانەکانی وێنەو سروودو مۆسیقا ئەوەندە کەمن کە ئەو هەموو مامۆستایەی

ناوێت، ئەمە جگە لەوەی کە دەرچووانی بەشی (هونەرە شانۆییەکان)و بەشی (سینەما)و بەشی (خۆشنووسیو زەخرەفە) کە لە هەندێ پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا هەن، هیچ کارێکی راستەقینەیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا نییەو، کە دەبنە مامۆستا ئەوەی پراکتیکی نەکەن پسپۆڕێتییەکەی خۆیانەو ناچارن بەپێی سیستمی قوتابخانەکان وەك هەر مامۆستایەکی تر وانەی هەمە جۆر بڵێنەوە، کە بۆ خۆشیان لە بنچینەدا بۆ ئەم بابەتانە ئامادە نەکراونو، بەرنامەکانی پەیمانگا لە چەند وانەیەکی کورتو کوێری پەروەردەییو سایکۆلۆژی بەولاوە چیتری تێدا نەبووە کە لە قوتابخانەکاندا بەهانایانەوە بێتو بە ئاستێکی بەرزو پەسەندەوە کاری مامۆستایەتی ئەنجام بدەن، لەنێو کۆمەڵیشدا ئەو دەسگایانەی سوود لە تواناو بەهرەی هونەریی ئەم دەرچووانە وەردەگرن، یان هەر نین، یان ئەوەندە گشتینەبوونەتەوە کە لەو بوارانەدا کارێکیان دەستبکەوێتو دەستبەتاڵ نەسووڕێنەوە. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەم چەند خاڵە بەنیازی تاووتوێکردنیان دەخەینەروو:

١ـ بیر لە داخستنی ئەم پەیمانگایانە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بکرێتەوە، ئەوەش بەشێوەیەکی لەسەرخۆ، وەك چۆن پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان بەو شێوەیە لە کۆتاییهاتندان.

٢ـ لە جیاتی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بکرێتەوەو ئاستێکی بەرزی بۆ زامن بکرێت. هەروەها تواناى ماددیو بەشەری پەیمانگای هونەرە جوانەکان بخرێتە خزمەتی ئەم مەبەستەوە بەبێ ئەوەی دەرچووانی ئەم ئەکادیمیانە ناچار بە هەڵبژاردنی پیشەی مامۆستایەتی بکرێن بەڵکو ئازاد بن لەوەی ئەم

پیشەیە هەڵدەبژێرن یان لەهەر بوارێکی هونەریی دەسگاکانی دیکەدا کاردەکەن، یان دامەزراوەی هونەریی سەربەخۆ وەك سەندیکا و رێکخراوو کۆمەڵەو تیپ و دەستەی جیاجیای هونەریی دادەمەزرێنن.

٣ــ بۆ زامنکردنی هەبوونی مامۆستای هونەر بە بەردەوامیی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، بەرنامەی پەروەردەی هونەریی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان ( ئەوانەیان کە ماون و دووساڵ دوای قۆناغی ئامادەیی بڕوانامەی دبلۆم دەدەن) بەهێز بکرێت و وەك بابەتێکی سەرەکی بایەخی پێبدرێت و ئەو خوێندکارانەی بەسەرکەوتوویی دەردەچن و دەستڕەنگینن لە قوتابخانەکاندا وانە هونەرییەکانیان پێبسپێردرێت و بواری خوێندنیان لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بۆ بڕەخسێنرێت. ئەو مامۆستایانەش کە ئێستا هونەر دەڵێنەوە یان پسپۆڕێتییان لە یەکێك لە هونەرە جوانەکاندا هەیە لەڕێی پلانی ساڵانەی راهێنانی پەروەردەییەوە بخرێنە کۆرسەکانی هەر دوو مەڵبەندی کاری دەست و هۆیەکانی فێرکردن و بەشی هونەرە پیشەسازییەکان و هەر بوارێکی دیکەی راهێنانی هونەری کە دامەزراوەی پەروەردەیی بۆیان دەڕەخسێنێ، بۆ ئەوەی پەیوەندییان بە پسپۆڕێتییە هونەرییەکەیانەوە نەپسێت و ئەو زانیاری و کارامەیی و توانایی و ئاستە بەرزە هونەرییەی بەدەستیدەهێنن بۆ فێرکردن و گەشەپێکردنی بەهرە هونەرییە دیارو شاراوەکانی قوتابیان بەگەڕی بخەن.

هەولێر

تشرینی دووەمی ١٩٩٧

# کۆمەڵگاو دزیکردنی منداڵ

کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی، بەجیاوازیی پلەی شارستانێتیو فەلسەفەی کۆمەڵایەتییان، هەریەکەیان لەسنووری ئەو ئامانجانەدا کە هەوڵی بەدیهێنانیان داوە، گرنگییان بەپەروەردەکردنی منداڵ داوە، سەبارەت بەوەی منداڵ گرنگترین سامانێکەو چۆنیەتی بەکارهێنانی سامانی ماددیو پاشەڕۆژی کۆمەڵگاکان لە رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، بەدواڕۆژی ئەوانەوە بەندن. بۆیە هەر کۆمەڵگایەك مشووری چۆنیەتی پەروەردەکردنی رۆڵەکانی دەخواتو، ریّو شوێنی ئامادەکردنیان بۆ وەرگرتنی ئەرکەکانیان نەوە لەدوای نەوە، دادەنێت.

هەر کۆمەڵگایەك رەوشتو نەریتی کۆمەڵایەتی خۆی لەرێی گۆشکردنو گەورەکردنی منداڵەکانییەوە دەپارێزێو بەردەوامبوونی زامن دەکات، بۆیە دڵنیایی لەمانەوەی هەمیشەیی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییانە لەوەدا دەبینن کە تا چ رادەیەك توانیویانە یان دەتوانن لەناخی کۆرپەکانو لاوەکانیاندا بچەسپێنن.

بایەخدان بەپەروەردەکردنی منداڵو فێرکردنیان لەرێی کەلەپووری رۆشنبیریو ئاراستەکردنێکی نەخشە بۆ دانراوەوە، یەکێکە لەو ئەرکە گرنگانەی کۆمەڵ لەسەر شانی خۆی داناوە، دیارە ئەم ئەرکە گرنگە لە کۆمەڵگایەکەوە تا کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە بەپێی ئەو کەلەپوورە رۆشنبیرییەو جۆری ئەو نەخشەکێشراوەو ئەو ئامانجانەی دەویسترێت بێتەدی، هەر بەم پێیەیش چۆنیەتی لێکدانەوەی گیروگرفتەکانی منداڵو ژیانی کۆمەڵایەتییانو ئاراستەکردنیان جیاوازی هەیە، هەروەك

چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەو نەهێشتنیان جیاوازە بەپێی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك.

دزیکردنی منداڵ یەکێکە لەو گیروگرفتانەی سایکۆلۆجیستەکان زۆری لەسەر دواون و چەندین لێکدانەوەیان بۆ کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سایکۆلۆجیی بۆرژوازی لە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆجییەکانی ئەم سەردەمەدا باوە، هەموو ئەو لێکدانەوانە شەقڵێکی ئایدیالیستی یەکلایەنییان هەیەو تەنها نیشانەو دیاردەکانی دیوی دەرەوەیان دیاری دەکەن و خۆیان لەبواری گەوهەرە بنچینەییەکەی نادەن.

سایکۆلۆجیستەکان کە باسی دزی دەکەن بەگشتی لێی دەدوێن. دەڵێن ئەم رەفتارە لەلایەن کۆمەڵەوە نەفرەتی لێدەکرێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی نائاسایی لەنێوان دزەکەو کۆمەڵدا، واتە ئاوەژوو بۆ مەسەلەکە دەچن و پەیوەندیی نائاسایی و لەیەکترازاوی نێوان تاك و کۆمەڵ ناکەنە بنچینەی لێکدانەوەی دزیکردن و گەڕان بەدوای هۆیەکانیدا.

لەم بۆچوونەی سایکۆلۆجیستەکاندا جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگاکاندا نەکراوە، بەڵکو وەکویەك تەماشاکراون و ئەو راستییەیان تێدا فەرامۆش کراوە کە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و چۆنایەتیی رەوشتی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك دەستنیشانی رەفتاری پەسەندو ناپەسەند، پەیوەندیی ئاسایی و نائاسایی دەکات.

راستە دزیکردن وەك دیاردەیەك لەهەموو کۆمەڵگاکاندا بە کردەوەیەکی نەشیاو دادەنرێت و نەفرەتی لێدەکرێت و سزای لەسەر

دادەنرێت، بەڵام ئایا چی بەدزی دەزانرێت؟ لەمەدا تێڕوانینی جیاجیا هەیە.

لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانەدا کە پلەیەك یان چەند پلەیەکیان بەرەو سۆشیالیزم ماوە بیبڕن، دزیکردن مەفهومێکی یاسایی هەیە، دیارە یاسایش لەدانانی ئەو چینانەیە کە دەسەڵاتدارن‌و، دزی تەنها بە زەوتکردنی ماڵی یەکێکی تر دەزانن کە یاسا کردوویەتە خاوەنداری، واتە کرداری دزیکردن لەبەردەم یاسادا تەنها لایەنێکی رووکەش‌و ئاشکراو راستەوخۆ دەگرێتەوە.

ئەم مەفهومە یەکلایەنییە لەبەر تیشکی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی تردا، کە ئاوێنەی بەرژەوەندیی زۆربەی خەڵك بێت تەنها لە سنووری یاسادا گیرناکرێت، بەڵکو پەلدەهاوێت بۆ لایەنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی. لە روانگەی ئەم فەلسەفەیەوە دزیکردن هەر لایەنی ئاشکراو راستەوخۆی نییە بەڵکو لایەنی شاراوەو ناڕاستەوخۆشی هەیە کە رەفتارە ئاشکراکە رەنگدانەوەیەتی.

سەرمایەدارەکان کە هێزی کارکردنی کرێکاران دەدزن‌و پێی دەئاوسێن، دەرەبەگەکان کە رەنجی شانی جووتیارەکان دەخۆن، ئەو کاسبکارەی خەڵکی دەڕووتێنێتەوە، ئەو قاچاخچییەی لەسەر حسابی ئابووریی نیشتمانی‌و ناچاربوونی خەڵك‌و پێداویستییەکانیان دەوڵەمەند دەبێت، ئەو فەرمانبەرەی بەرتیل لەخەڵك بەرامبەر راپەڕاندنی ئیشەکانیان وەردەگرێت، ئەو کاربەدەستەی دیاری بەناوی برادەرایەتی‌و یادگارەوە وەردەگرێت، ئەو فەرمانبەرەی خۆی لە ئیشکردن دەدزێتەوەو هەندەی ئەو پارەیەی وەری دەگرێت کارناکات.. هتد، ئەمانە هەموویان

ئەو دزانەن کە بەدزیکردنی شاراوەو ناڕاستەوخۆیان کار دەکەنە سەر منداڵو هەرزەکارەکانو، ئەوانیش هەمان نەریتی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکەنەوە، بۆیە دزیکردنی منداڵ لە کۆمەڵگایەکی ئاوەهادا، ئەگەرچی شێوەکەی دووربێت یان جیاوازبێت لەمانەی باسمان کرد، شتێکی ئاساییەو، کۆمەڵ لە گەوهەری خۆیدا، هۆکاری سەرەکیو بنچینەییە بۆ دروستبوونی؛ نەك هەر ئەمە بەڵکو دزیکردنی گەورەکان ئەنجامی چاولێکردنو ژیانیانە لە کۆمەڵگایەکدا کە هەمان دزیکردنیان بەشێوەی جیاجیا لە نەوەی پێش خۆیاندا دیوەو، ژیانی ئەمڕۆیان لەگەڵ شێوەی ئەو راهاتنو پەروەردە کۆمەڵایەتییەدا گونجاوە کە پلەبە پلە هەر لە منداڵییەوە هەتا ئیمڕۆ پێیدا تێپەڕبوون.

منداڵەکانی ئیمڕۆیش کە دزیکردنیان لێدەوەشێتەوە، ئەگەر نەتوانرێت رەوشتیان پاراوبکرێتو لەگەڵ گۆڕانو گەشەکردنی ژێرخانی ئابووریدا بەرەو پێشەوە، گۆڕانو گەشەکردن لەبیریاندا نەکرێت، ئەوا بەهەمان دەوری گەورەکاندا تێپەردەبنەوە.

هەندێکی کە لە سایکۆلۆجیستەکان رایان وایە کە هەندێ کەس هەر لە لەدایکبوونەوە ئامادەییان بۆ تاوانکردن تێدایە، ئەمانە هەندێ رەفتاری تاوانکارانەو رەوشتی ناپەسەند بەچۆنیەتی دروستبوونی لەشی مرۆڤ دەبەستنەوە، بەتایبەتی بەشێوەی دروستبوونی کاسەی سەرو روخسارەوە، بەلای ئەم سایکۆلۆجیستانەوە هەندێك دەموچاو نیشانەی بوونی ئامادەییەکی زگماکە بۆ تاوانکردن کە دزی یەکێکیانە، هەروەها لەو بڕوایەشدان کە خوورەوشتی وا بە میرات لەڕێی (جینات)ەکانەوە منداڵ لەدایكو باوکی وەردەگرێت، ئەم رایە کە

ماوەیەکی زۆر لە مەیدانی سایکۆلۆجیدا باو بوو، ئیمڕۆ لەلایەن زۆربەی زۆری سایکۆلۆجیستەکانی هاوچەرخەوە رەتدەکرێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەو تاقیکردنەوانەی لەسەر دووانەکان (جمکەکان) کران، لەم تاقیکردنەوانەدا دەرکەوت کە کۆمەڵگا و جۆری پەروەردەی منداڵ چۆنیەتی رەفتار دیاری دەکات. بۆ ئەم مەبەستە منداڵە دووانەییەکانیان هێنا (ئەوانەی کە بەرهەمی تۆوکردنی یەك هێلکەن، واتە (جینات)ەکانی دایكو باوك لە هەردووکیاندا وەك یەکن)، لە دوو شوێنی کۆمەڵایەتی جیاجیادا پەروەردەیان کردن بە دوو شێوە پەروەردەی پێچەوانە بەیەکتری، ئەنجامەکەی دوو کەسایەتی جیاواز دەرچوون لە رەفتارو بیرکردنەوەو رەوشتیاندا. هەروەها چەندین تاقیکردنەوە لە سەر ئەو منداڵانە کراوە کە دایكو باوکیان لەوانە بوون کە بەتاوانبار دەناسرێن ئەوەیش بەجیاکردنەوەو پچڕاندنیان لەدایكو باوکیانو، پەروەردەکردنیان بەجۆرێکی تر، ئەمەیش بەرەنجامەکەیان دەریخست کە رەوشتی دایكو باوکیان بەهیچ جۆرێك بەمیرات بۆیان نامێنێتەوە.

ئەم سایکۆلۆجیستە هاوچەرخانە بەشێوەیەکی زانستی سەلماندیان کە پێکهاتنی لەشو روخسار هیچ پەیوەندییەکی بە رەوشتەوە نییە سەبارەت بەوەی پێکهاتنی سیفاتی شەخسیی ئەندامانی کۆمەڵ میراتێکی کۆمەڵایەتییە، هەرچەندە هەتا ئیمڕۆیش کەمایەتییەك لە دەروونناسەکان، بەتایبەتی رەگەزپەرستەکان، نکوولی لەم راستییە زانستییانە دەکەن.

مەسەلەی رادەو پلەی پەیوەندی لەنێوان شێوەو رەوشتدا نەك هەر پێویست بەو تاقیکردنەوانە ناکات بەڵکو بۆ هەموو یەکێك زۆر ئاسانە

لـەناو کۆمەڵـە بچووکەکـەی خۆیـدا چـاو بگـێڕێت‌و ناڕاسـتی ئـەو (پـەیوەندی)یـەی بـۆ دەربکـەوێت، زۆر ئاسـانە کـە تێبینـی کەسـایەتی تاوانبارەکان بکرێت کە هەمان جۆر شێوەو روخسارو لەشی جیاجیایان لە رووی پێکهاتنەوە تێدایە، تەنانەت خاڵێکی ناوکۆیی نـاتوانرێت لـە سیفەتەکانی لەشیاندا بەدیبکرێت.

لێرەدا پێویستە ئـەو رایـە بـاوو ناڕاسـتە رەتبکرێتـەوە کـە هـەندێك بەرامبـەر هـەندێك کـەس هەیانەو گوایە هـەر بـەدەموچاویاندا دیـارن کـە تاوانبـارن، خـۆ ئەگـەر رێکـەوت چـەند نموونەیـەك لەکۆمـەڵدا هـەبێت شێوەیان لەو جۆرە بێت کە بنووسێنرێت بەمەسەلەی تاوانکردنەوە، ئەوا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو دەورەی کـە کۆمـەڵ دەیبینێـت لـە شـکاندنیان‌و تەماشاکردنیان بەچاوێکی سووك‌و بەردەوام چەوساندنەوەیان هەر لـە منداڵییـەوە، کـە دەبێتـە مایـەی دروسـتکردنی چـەندەها گـرێ لـە دەروونیانداو پاشان لـە رەوشـتیاندا رەنگدەداتـەوەو هەڵوێسـتی وەهـا وەردەگرن کە بە پێچەوانەی رواڵەتی نەرێتی کۆمەڵایەتی بێت.

هەموو مرۆڤێك کە لەدایك دەبێت هیچ میراتێکی کۆمەڵایـەتی لەگـەڵ خۆیـدا نـاهێنێ‌و، هیـچ جـۆرە رەفتـارو رەوشـتێك لەناوچـەوانی نەنووسراوە، بەڵکو ئـەم میراتـە بـەرە بـەرە لـە کۆمەڵـەوە وەردەگرێـت‌و هـەموو شانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمـەڵگا (قوتابخانـە، دەزگاکـانی تـری پەیوەندیی کۆمەڵایـەتی) هاوبەشـیی لـە بەرهەمـهێنانی کەسایەتی ئـەو مرۆڤە دەکەن.

رووکـاری دەروونیـی (کۆمـەڵی شـیکردنەوەی دەروون) کـە (فرۆیـد) رابـەرێتی، دزیکـردن‌و هـەموو لادانـەکانی تـری رەوشـت بـۆ چۆنیـەتی

پێكـهاتنی دەروون دەگێڕنـەوە، فرۆیدییـەكان رایـان وایـە كـە ((رێبـازی ئاگایی و نائاگایی دایك و باوك كاردەكاتە سەر دروستبوون و پێكهاتنی چۆنایەتی منی باڵا (الأنـا العلیـا) لـەمنداڵدا، هـەروەك كاردەكاتـە سـەر پێكـهاتنی نـەریتی رەوشـت لـە رێـی هـەڵگرتنی رەوشـتەكانی ئـەوان و وەرگرتنی كەسایەتییانەوە)).

هـەروەها دەڵێـن كـە منداڵـی لاسـار كەسـایەتییەكی لاوازی هەیـەو ویـژدان و رەوشـتی هێشـتا پێنەگەیشـتووەو ((لاوازیـی كەسـایەتی و زاڵنـەبوون بەسـەر پێداویستییەكانیان و، توانا نـەبوون لـە دەربڕینـی ئـەو پێداویستییانە بە رێگەیەكی چاك، دەگەڕێتەوە بۆ بوونـی ئامادەییەكی زگماكی و تاقیكردنـەوە تاڵـەكان و شڵەژاویی پـەیوەندیی كۆمەڵایـەتی لـە پلە سەرەتاییەكانی منداڵیدا)).

ئـەم قوتابخانـە سـایكۆلۆجییە وەهـا بـۆ مەسـەلەی دزیكـردن و درۆكردن و.. هتـد دەچێـت كـە هۆكـەی ئەوەیـە منـداڵ لـە چـەند سـاڵی سەرەتای ژیانیدا رێگەیان دەدرێت بە ئارەزووی خۆیان بجووڵێنەوە بەبێ ئەوەی دایك و باوك ئامۆژگارییان بكەن و رێگەی هەندێ كاریان نەدەن كە لەگەڵ نـەریتی كۆمەڵایەتیدا ناگونجێ، واتـە باوك و دایـك هیـچ دەورێـك لـەرێكوپێككردنی هەستە زگماكییەكاندا نـابینن و موتوربـەی ناكـەن بـە رەوشتی كۆمەڵایەتیی پەسەندكراو، لەبەر ئەوە ئەو منداڵانە گەورەدەبن و روانگەیـەكی نەبـەكامیان بەرامبـەر پێوانـەكانی رەوشـت و نـەریتی كۆمەڵایـەتی دەبێـت كـە ئەمـەیش دەبێتـە هـۆی رەفتـاری نـەفرەتلێكراو لەلایەن كۆمەڵەوە، بەلای ئەم قوتابخانە دەروونییەوە وەهایە كە دزیكردن

دەبێتە شتێکی سروشتیو دزەکە زۆر لای ئاسایی دەبێت بەو ڕەفتارە هەڵسێت.

ئەم رایانەی قوتابخانەی فرۆید بنچینەیەکی ئایدیالیستی هەیەو لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە (ئاگایی)و ئەوەی ناوی لێناوە (نائاگایی) بەسەرچاوەی ڕەوشتو ڕەفتار دەزانێت، لەکاتێکدا زانست ئەوەی سەلماندووە کە ڕەوشت ڕەنگدانەوەی واقیعەو ئەنجامی تێکەڵبوونێکی چەند لایەنیو بەردەوامیی هەر یەکێکە لەگەڵ ژیانی ماددیو کۆمەڵایەتیدا. ئێمە هیچ نکوولی لەوە ناکەین کە ڕێبازی ئایدیۆلۆجیو ڕەفتاری ڕۆژانەی دایکو باوکو چۆنیەتی پەروەردەکردنیان بۆ منداڵ دەورێکی کاریگەرو گەورە دەبینێت لە پێکهاتنی کەسایەتی ئەو منداڵەدا، بەڵام ئەوە ڕەتدەکەینەوە کە وەها لە ڕەفتارو ڕەوشتی خەڵك بگەین کە گوایا شێوەیەکەو ئەنجامی رووکاری ئاگاییو نائاگاییەکانی دایكو باوکەو لە منداڵییەوە دروست بووەو بەدرێژایی ژیانی ئەو کەسە لەگەڵیدا دەبێت.

مێشك لە تەفاعولیدا لەگەڵ ژیان، لەگەڵ کۆمەڵ، لەگەڵ ڕۆشنبیری، هەمیشە لە گۆڕاندا دەبێتو، ئەو گۆڕانانە لە مەفاهیمی کۆمەڵایەتیدا جۆری تازەی ڕەفتارو ڕەوشت دێنێتە کایەوە؛ هەر ئەمەیشە کە هۆی بەرەو پێشەوەچوونی هۆشی مرۆڤایەتییەو، هەر ئەم هۆیەیە کە نەوەی ئیمڕۆ بە جیاواز لە نەوەی پێشوو دەبینین، یان زۆربەی زۆری منداڵەکان دەبینین بیروباوەڕو ڕەوشتو ڕەفتاریان لە بیروباوەڕو ڕەوشتو ڕەفتاری دایكو باوکیان جیاوازە. هەروەها هەندێك هۆی تر هەمیشە کار لە منداڵ دەکاتو گۆڕانی تێدا دروست دەکات، لەوانە: قوتابخانەو هاوڕێکانی

یاریکردن و تاقمی منداڵانی گەڕەك و رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ و رۆژنامە و گۆڤار... هتد. ئەم هەموو رۆشنبیرییانە توانای گۆڕینی رێبازی تاکیان هەیە، لەبەر ئەوە ئەم هۆیانە و بەسەدان و هەزاران هۆی تری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کار لە منداڵ دەکات و، لەپلە بە پلەی گەورەبوونیدا، رووکاری (ئاگایی و نائاگایی) دەگۆڕێت، ئەگەر گریمان لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا لەدایك و باوکیشیەوە وەریگرتبێ.

لایەنێکی تری چەوتیی لێکدانەوەی فرۆیدییەکان ئەوەیە کە هەموو رەفتارێکی دژ بە کۆمەڵ و، هەموو لادانێك لە نەرێتی کۆمەڵایەتی بە تێکچوونی رەوشت و لاوازیی کەسایەتی و هەست بە کەموکورتی لەقەڵەم دەدەن. ئەمە جگە لەوەی لەبنچینەدا رایان وەهایە کە هەموو رەفتارێکی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە هەتا دەمرێت (جنس) هۆی سەرەکییەتی.

فرۆیدییەکان بەمە دەیانەوێت پارێزگاریی باری کۆمەڵایەتیی جیهانی سەرمایەداری بکەن و خەباتی چینایەتی تێدا بەژێرەوە بکەن و بەرەنگاری تەوژمی تێکۆشانی خەڵکی ببنەوە، کە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و لەریشە دەرهێنانی نەرێتە باوە رزیوەکان بەرێوەیە.

لەراستیدا چۆنیەتی ئەو رەفتارانەی کە لەلایەن کۆمەڵەوە ناپەسەندە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت، هەر لەنێو کۆمەڵێکیشدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە، هەروەها چۆنایەتی ئەو رەفتارەیش، بۆیە بەرەهایی ناتوانین هەموو لادانێك بەکارێکی ناپەسەند بزانین، ناتوانین بەهەموو یەکێکی دژ بە سیستمی کۆمەڵایەتی بڵێین: لەرووی دەروونییەوە نەخۆشە، چونکە بۆ ئەوەی رەفتاری یەکێك هەڵبسەنگێنین کە پەسەندە یان ناپەسەندە، پێویستە قۆناغی

کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە دەستنیشان بکەین و، دەروونی ساغ یان نەخۆش بەو پێیە دیاری دەکرێت؛ ئەو تاکانەی کۆمەڵ کە بەگژ نەریتی کۆمەڵایەتی گەندەڵدا دەچن نموونەی کەسانێکی دەروون ساغن و، بەپێچەوانەوە ملشۆڕکردن بۆ هەموو نەریتێکی کۆمەڵایەتی و نەوێرانی رووبەڕوو بوونەوەی، نەخۆشییە.

هەموو پیاوە مەزنەکانی مێژوو چ لە کایەی زانستداو، چ لە کایەی بیری مرۆڤایەتیدا، ئەوانە بوون کە ((راستی))یە باوە رەگداکوتاوەکانیان رەتکردۆتەوەو بەئازایەتییەوە بەگژیدا چوون و ((راستی))ی نوێیان لەشوێنەوار داناون. ئەوانە سەبارەت بەوەی رێبازیان گونجاو بووە لەگەڵ رێبازی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و یاساکانی سروشتدا نموونەی هوشیارترین و ئازاترین و بەرزترین گیانی مرۆڤایەتی بوون، بەپێچەوانەی رای فرۆیدییەکان کە بە نەخۆشیان دادەنێن.

فرۆیدییەکان دزیکردن و هەموو لادانێك لەرێڕەوی کۆمەڵایەتیی باو بەکارێکی زگماکی دادەنێن، بنەمای ئەم رایەیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رایە کۆنەی لەسەردەمی فەیلەسووفەکانی یۆنانەوە باو بووەو گوایا مرۆڤ بە سروشتی خۆی درندەیە، واتە سروشتی مرۆڤ خراپەو، ئەگەر دیسپلینێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە رێگەیان لێنەبەستێت، بەلای خراپەدا دایدەشکێنن. بۆ سەلماندنی هیچ و پووچی ئەم رایە پێویست بەلێکۆڵینەوەیەکی دووردرێژ ناکات، تەنها ئەوەندە بەسە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەلماندوویانە کە مرۆڤ کاتێك لەدایك دەبێت، وەك زیندەیەکی بایۆلۆجی، هەموو رەوشت و سروشتێکی، چنراوی دەستی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تیادا دەژی، بۆیە کارتێکردنی خێزان لە مرۆڤ لە

پێنج ساڵی یەکەمی ژیانیدا، هیچ بایەخێکی لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا نامێنێت کە منداڵ تیادا رووبەرووی هەزاران هۆی کاریگەر دەبێت کە کەسایەتیو رووکاری ژیانی دیاری دەکات. خۆ ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوویش بدەینەوە، بەتایبەتی لە بزووتنەوە سیاسییە شۆڕشگێڕییەکان زۆر نموونەی گۆڕانی ئایدیۆلۆجیو، بەو پێیەیش گۆڕانی رەفتارو کردەوە لەژیانی زۆر مرۆڤدا دەبینرێت کە رێبازی سەرەتای ژیانیان بەجێهێشتووەو رووەو رێبازێکی ئاوەژوو بەرێبازەکەی یەکەمجار هاتوون. هەروەها لەژیانی رۆژانەدا نموونەی گۆڕانی رووکاری زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵ دەبینین کە رەفتارو کردەوەو ئارەزوو و رێبازیان زۆر جیاوازە لەوەی دایكو باوکیان نەخشەیان بۆ کێشاون یان لەوەی پێشبینییان بۆ دەکرا بە تێڕوانینی پێنج ساڵەی یەکەمی ژیانیان. ئەمە جگە لەوەی کە تەنها ئامۆژگاریی دایكو باوكو، دەستنیشانکردنی رێگای چاكو خراپ، ئیشی پەسەندو ناپەسەند بۆیان، بۆ دروستکردنی هەستێکی وەها لە منداڵدا مەرج نییە، واتە بۆ دروستکردنی (منی باڵا) بەچاکی، چونکە لێرەدا ئەو مەسەلەیە دێتە کایەوە، کە ئایا ئەو دایكو باوکە تا چ رادەیەك دەتوانن چاکیو خراپی، ئیشی پەسەندو ناپەسەند هەڵبسەنگێنن، دیارە رادەی رۆشنبیریو باری چینایەتییانو کارتێکردنیان لەلایەن کۆمەڵەوە کار لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنیان لەو چاکیو خراپیو پەسەندیو ناپەسەندییە دەکات.

هەروەها گوێزانەوە لە پلەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ پلەیەکی تر، لەشوێنی چینایەتی چینێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ شوێنی چینایەتی چینێکی کە، کار لە رەفتارو رەوشت دەکات سەبارەت بەوەی هەرچینە

خـاوەن رەفتـارو رەوشـتـی تایبـەتی خۆیـەتی، بۆیـە لـەکاتێکدا مـرۆڤ شوێنی چینایەتی دەگۆڕێت، هیچ پەیوەندییەکی بەشوێنی پێشوویەوە نامێنێت چ جای پەیوەندی بەساڵەکانی سەرەتای ژیانییەوە.

بەکورتی (منی باڵا) بارێکی چەسپیوو راوەستاو نییە بەڵکو هەمیشە لەگۆڕاندایـەو لەهـەر پلەیـەکی ژیـاندا راوەسـتان لـەریزی چینێکـی کۆمەڵایەتیدا چۆنایەتی‌و سیفاتی ئەو (منە باڵایە) دیاری دەکات.

لەلێکدانەوەی دیاردەی دزیکردن‌و هەموو ئەو لادانە کۆمەڵایەتییانەی رەوشـت، قوتابخانەیـەکی تـر هەیـە کـە پێـی دەوتـرێ (قوتابخانـەی کۆمەڵایەتی). ئەم قوتابخانەیە لەبەرپەرچدانەوەی قوتابخانە تاکییەکاندا دروست بوو، دوای ئەوەی کە گەشە کردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەم سەدەیەدا ئـەو راستییەیان سەلماند کە کۆمەڵگا سـەرچاوەو مەڵبـەندی هـەڵێنجان‌و پـەیدابوونی هـەموو شـێوەکانی رەوشـت‌و رەفتـاری کۆمەڵایەتییە.

سایکۆلۆجیسـت‌و سۆسیۆلۆجیسـتەکانی رۆژئـاوا بەچەشـنێکی ناتـەواو و مەبەسـتێکی دیـاری کـراوەوە ئـەم راسـتییە زانسـتییانەیان قۆستۆتەوە. ئەمانە ئەگەرچی بۆچوونەکانیان لەچوارچێوە گشتییەکەیدا راستەو لێکدانەوەکانیان دروستە، بەڵام گرنگترین مەسەلەی شەخسیی مرۆڤیان لە بنچینە کۆمەڵایەتییەکە جیاکردۆتەوە، واتـە هیچ دەورێکیان بـۆ بـیری مـرۆڤ دانـەناوە، بـەڵکو ئـایدیۆلۆجی تاکـەکانی کۆمـەڵیان لەلێکدانـەوەی رەوشـتیاندا فـەرامۆش کـردووە. ئەمانـە لەئاسـتی پرسـیارێکدا هـەڵدێن کاتـێ دەپرسیت: بۆچـی لەیـەك کۆمـەڵداو لـەژێر کارتێکردنی یـەك رۆشنبیریی باو و هـەمان دەزگـای کۆمەڵایـەتیدا، یـەك

جۆره رەوشت نابینین؟ بۆچی لەناو خێزانێکدا، لەنێوان چەند خوشك‌و برادا کە لە باوك‌و دایکێکن‌و لەیەك ماڵ‌و کۆمەڵدا گەورەدەبن، کەچی رەفتاری جیاجیامان چاوپێدەکەوی؟ بۆچی وا دەبێت کە یەکێکیان دز دەرچێت‌و، یەکێکی تریان لەرووبەڕوو بوونەوەی نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵدا ئازابێت؟

سایکۆلۆجیست‌و سۆسیۆلۆجیستەکانی رۆژئاوا نایانەوێت توخنی وەڵامێکی تەواوی ئەم پرسیارانە بکەون، چونکە ئەمە بۆ دانپێدانانی گرنگی‌و بایەخی ئایدیۆلۆجی چینە کۆمەڵایەتییەکان‌و رەنگدانەوەی لەمێشکی تاکەکانی کۆمەڵدا رایاندەکێشێ.

لەم رووەوە فەلسەفەی سۆسیالیزم وەڵامێکی تێروپڕی هەیە، چونکە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکە لەچوارچێوەی خەباتی ئایدیۆلۆجیدا دادەڕێژرێت‌و، ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە سروشت‌و رەفتار مۆری چینە جیاجیاکانی کۆمەڵی پێوەیەو، هەر تاکێك لەتاکەکانی کۆمەڵ — گەر بەتاکیش بیگرین — خاوەنی ئایدیۆلۆجی تایبەتی خۆیەتی؛ ئەمە جگە لەوەی کە چۆنیەتی تەفاعولی هەر تاکێك لەگەڵ دەوروپشتەکەی خۆیدا لەیەکێکی تر جیاوازە. لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی هەڵویستە جیاجیاکان‌و رادەی کارکردنی بۆ سەر هەر تاکێك‌و کاردانەوەی مێشك‌و تەفاعولاتی بیر لەبەر تیشکی واقیعەکەدا، ئەمانە هەموویان جۆری رەوشت‌و هەڵوێست‌و رەفتاری مرۆڤ دیاری دەکەن. کەواتە لەنێوانی بیروکۆمەڵ یان باشتر بڵێین لەنێوان جۆری بیرکردنەوەو جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەکێتی هەیەو چۆنایەتی رەوشت رسکاوی ناوکۆیی ئەم پەیوەندییەیە. دزیکردن، درۆکردن، فێڵبازی، دووڕوویی‌و..

هتد لە ڕواڵەتەکانی ئەو کۆمەڵگایانەن کە پێویستییەکانی خۆژیاندن ئەمانەی گەرەك بێت، واتە لەدیاردەکانی ئەو کۆمەڵگایانەن کە لەنێوان تاکەکانیدا جیاوازی هەیە لەڕووی ئاستی ژیانیانەوەو، داهاتی نیشتمانی بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك‌و دادپەروەریانە دابەش ناکرێت، بۆیە بەئەندازەی زاڵبوون بەسەر نارێکیی دابەشکردنی داهاتی نیشتمانیداو، بەرادەی چوونیەکبوونی ژیانی خەڵکی‌و نزیکبوونەوەی ئاستە جیاوازەکان لەیەکتر، ئەم ڕەفتارو ڕەوشتانە دەگۆڕێن‌و لە شێنەواریاندا جۆرێکی تر ڕەفتارو ڕەوشت دێتە کایەوە، چونکە کاتێ مرۆڤ لەپێناوی خۆژیاندندا پێویستی بەدرۆکردن نەبێت هەڵبەت درۆ نامێنێت. کاتێك مرۆڤ ڕواڵەتەکانی ژیانی لەلا بێ نرخ بێت هەڵبەت پەنا ناباتە بەر دزیکردن‌و دووڕوویی‌و ساختەچێتی‌و ئەم ڕەفتارو ڕەوشتە خراپانەش لەناواندا نامێنن، بۆیە هەڵتەکاندن‌و لەناوچوونی هەموو ڕەوشت‌و ڕەفتارێکی نامرۆڤانە بەنەهێشتنی چەوساندنەوەو، تێرکردنی پێداویستییەکانی ژیانەوە بەندن.

**گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)**

**ژمارە (٦٣) ی ئەیلوول‌و تشرینی یەکەمی ١٩٧٧**

# قوتابخانەی نیمچە دەرەبەگی

ڕەنگە ئەم سەروتارە کەمێك سەرنجڕاکێش بێت. ڕەنگە هەبێت سەری سوڕبمێنێ و بپرسێ. قوتابخانە چی بەسەر دەرەبەگایەتی یان نیمچە دەرەبەگییەوە هەیە؟ بەڵام ئەگەر بەوردی لە قوتابخانە بکۆڵینەوەو، شوێنە کۆمەڵایەتییەکەیمان لەلاون نەبێتو، ئەرکەکانیمان لەپێش چاو بێت، ئەوا ئەم ((گرێ))یەمان بۆ دەکرێتەوەو، دەیسەلمێنین قوتابخانە بەسەر دەرەبەگایەتی، نیمچەدەرەبەگایەتی، بۆرجوازی، دیموکراسی و سۆشیالیستییەوە هەیە، چونکە لەهەر شوێنێکدا قوتابخانە بەپێی باری سروشتی و کۆمەڵایەتی و بنەمای ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو شوێنە بنیاتنراوە یان بنیاتدەنرێت.

قوتابخانەی نیمچە دەرەبەگی، قوتابخانەی وڵاتانی دواکەوتووی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینە. قوتابخانەی کۆمەڵگای کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنی ـ نیمچە دەرەبەگیی ئەو جیهانەیە کە ناوی جیهانی سێیەمیان لێناوە، بۆیە بۆ تێگەیشتنی خەسڵەتەکانی ئەم قوتابخانەیە پێویستە چاوێك بەسیستەمی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگایانەدا بگێڕین، لەبەر ئەوەی باری سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی ئەو خەسڵەتانە دیاریدەکەن. ئەگەر کۆمەڵگایەك لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە نیمچە دەرەبەگی بوو، ئەوا قوتابخانەیش قوتابخانەیەکی نیمچە دەرەبەگی دەبێت؛ خۆ ئەگەر سەرمایەداریی بوو، ئەوا قوتابخانەیەکی سەرمایەداریی ژێر دەسەڵاتی بۆرجوازی دەبێت، هەر بەم شێوەیە بەنیسبەت کۆمەڵگای سۆشیالیستی و دیموکراتیی گەلییەوە.

بۆچی قوتابخانە سروشتی کۆمەڵگا لە خۆیدا پێچەوانە دەکاتەوە؟

ئەمە سەبارەت بەوەیە کە قوتابخانە ئەو شوێنەیە کرداری پەروەردەو فێرکردنی تێدا جێبەجێ دەکرێت. پەروەردەو فێرکردنیش بەشێکی زۆر گرنگی سەرخانی کۆمەڵەو بەتوندی بەسیاسەتەوە بەستراوەتەوەو، ئەمیش رسکاوی بنکە (ژێرخان)ی ئابووریی کۆمەڵە.

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە سیستمێکی ئابووریدا پەیوەندیی نێوان کاربەدەستان و گەل دیاریدەکەن، هەروەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چینەکانی گەل، یان لەنێوان گەل و دوژمنەکانیدا دیاریدەکەن. ئەم پەیوەندییانە، بە باوی، لەهەموو دەسگاو دامەزراوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سەربازیو رۆشنبیریو .. هتددا، خۆی دەنوێنێ. قوتابخانەیش یەکێکە لەو شانە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەم پەیوەندییانە کاریان تێدەکاتو دەکەوێتە بەرهێزی باوو چەسپیوی ئەو پەیوەندییانەوە. هەروەها ئەو ناوەندەیە کە گۆڕینی سیستمی سیاسی، واتە دەسەڵاتی حوکم بەر لەزۆر دەسگای کۆمەڵایەتی تر کاری تێدەکات، سەبارەت بەوەی دەسگایەکە لەهەموو دەمێکداو هەمیشە لەخزمەتی چینی دەسەڵاتداردا بووەو دەبێت. بۆیە جڵەوی مەسەلەی پەروەردەو فێرکردن دەستاودەست دەکاتو لەگەڵ گۆڕینی حوکمی هەرچینێکی کۆمەڵگادا دەڕوات.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، ئەوانەیشیان کە بەناو سەربەخۆیی سیاسییان وەرگرتووە، قوتابخانەو دەسگای پەروەردەو فێرکردن هەمووی یەکسەر دەگۆڕێتو دەبێتە موڵکی ئەو چینەی کە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، چونکە ئەو گۆڕانە پەیوەندی بە گەلێك مەرجی ترەوە هەیە، کە چۆنایەتی گۆڕانە ئابووریو سیاسییەکەو، چۆنایەتی ئەو چینەیش کە ئەو گۆڕانە دەکات، ئەنجامی

سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن لەگۆڕینی سروشتی قوتابخانەو کرداری پەروەردەو فێرکردن بڕیاردەدات.

کۆمەڵگا نیمچە دەرەبەگییەکان بەوانە دەوترێت کە سەداسەد دەرەبەگی نین و سەداسەدیش سەرمایەداری نین.. قوتابخانەی نیمچە دەرەبەگیش نەپەیوەندیی دەرەبەگایەتی و پرۆگرامی خوێندنی دەرەبەگییانەی لەسەداسەد تێدا پەیڕەو دەکرێت و، نەپەیوەندی و پرۆگرامی لەسەداسەی بۆرجوازییانەیشی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

کۆمەڵگا نیمچە دەرەبەگییەکان بەهۆی دەسەڵاتی بێگانەو ئابووریی جیهانی سەرمایەدارییەوە، بناغەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لە قۆناغی دەرەبەگییەوە ترازاوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام گەشەکردنێکی ئاسایی نەکردووەو بەرەو قۆناغێکی سەرمایەداریی تەواو نەچووە سەبارەت بەحوکمی بێگانە لەلایەک و لاوازیی چینی بۆرژوازیی نیشتمانی لەلایەکی ترەوە، کە بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی — کە بەرزترین پلەی سەرمایەدارییە — وەها دەخوازێ ئەو گەشەکردنە روونەدات و ئەم چینە بە لاوازی و موڵکدارە گەورەکان بە بەهێزی بمێننەوە.

قوتابخانەیش هەر بەهەمان هۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەندێك نەمامی قوتابخانەی بۆرجوازی تێدا روێنراوە، بەڵام رۆشنبیریی باوی دەرەبەگییانەو پەیوەندیی دەرەبەگییانە سێبەرێتی و رێی نەشونماکردنی نادات، بەجۆرێك لەنێوانی رۆشنبیریی و پەیوەندیی بۆرجوازی و دەرەبەگیدا، رۆشنبیریی و پەیوەندیی دەرەبەگییانە لایەنی سەرەکییە.

کۆمـەڵگا نیمچـە دەرەبەگییـەکان، ئاسـتی گەشـەکردنی ئـابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی جیاجیای تێدا دەبینرێت، بەتایبەتی لەنێوان شارو لادێدا. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا لادێیەکی دواکەوتووی ئێجگار بەرین هەیە کە دەورەی چەند شارێکی پێشکەوتوویان داوە (پێشکەوتن لەچاو لادێدا) کە لەهیچ یەکێك لەو کایانەدا بەیەکتری بەراورد ناکرێن.

ئەم جیاوازییەی ئاستی گەشـەکردن، جیـاوازی لەهـەموو روویـەکی تـرەوە دروسـت دەکـات، بەتایبـەتی لـەڕووی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکەوە، کەلادێ بەرێژەیەکی سەدیی باڵاملکەچی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکەو، شاریش بەرێژەیـەکی سـەدیی کـەمترو سـەرهەڵدانی هـەندێ پـەیوەندیی بۆرژوازیانـەی ملکـەچ بـۆ پەیوەندییـە باوەکـە، لەچوارچێوەی پەیوەندیی جیاوازی ناوشاردا.

ئەم جیاوازییانـە پـتر دەبـن لـەنێوان شـارەکانداو، لـە شارەکانیشـدا لەگەڕەکێکەوە تا گەڕەکێکی تر جیاوازی دەبێت بەتایبەتی لەو شارانەدا کە لـەلادێوە رەوی بۆ دەکـرێو گـەڕەکی تـازەی شـەعبی تێـدا دروسـت دەبێتو تێکەڵێك لە چینە زەحمەتکێشەکانی شارو رەوکردووانی لادێـی تێدا نیشتەجێ دەبن.

لەبـەر ئـەو واقیعـە، قوتابخانـەی نیمچـە دەرەبـەگی لـەلادێو شـاردا ملکەچی ئەو بـارە کۆمەڵایەتییـە دەبێـت، گـەرچی سیسـتەمو رێبـازێکی بۆرجوازیـی (رەسمـی) بـە (ئـەوامیری ئیـداری)ی رەقو تـەقی دەسگاباڵاکانی پەروەردەو فێرکردن بەسەردا سەپێندرابێت.

ئاشکرایە کە ئەوامیری ئیداریو سەپاندنی پەروەردەی بۆرجوازییانە شـتێکەو واقیعەکـەی کـە قوتابخانـەو بنەماڵـەی پـەروەردەو فـێرکردنی تێدایـە شـتێکی تـرە، بۆیـە پـەروەردەو فـێرکردنی بۆرجوازییانـە لـە

قاوغەکەی خۆیدا ناتوانێت بێتە دەرەوەو شان لەشانی پەروەردەی دەرەبەگییانە بدات، ئەمە جگە لەوەی جیاوازیی ئاستی گەشەکردنی لادێو شار هۆیەکی ترە بۆ سەرنەکەوتنی ئەو تەرزە پەروەردەیەی کە بۆ گشت دانراوەو باری تایبەتی جیاجیای تێدا رەچاو ناکرێت کە هەردوولای کرداری پەروەردە، واتە قوتابیو مامۆستا بتوانن لەگەڵیدا بگونجێن.

کۆمەڵگا نیمچە دەرەبەگییەکان، بەگشتی، شادەمارەکانی ئابوورییان لە چنگی ئیمپریالیزمدایە، یان بەشێوەیەك لە شێوەکان پشت بەئابووریی دەرەوە دەبەستنو ئابوورییەکی سەربەخۆی گەشەکردوویان نییە.

قوتابخانەی ئەم کۆمەڵگایانە، بەهۆی ئەمەوە، یان بەهۆی حوکمی دوورودرێژی ئیمپریالیزمی جیهانی لەم کۆمەڵگایانەدا — تەنانەت دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسیش — هێشتا پاشماوەی ئایدیۆلۆجی ئیمپریالیستی جێگیربووی تێدا دەمێنێت، کە زەمینەی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ ئەوەی بئاخنرێتە مێشکی ساکاری قوتابییەوە؛ هەرچەندە گەلێك جار بە بەرگێکی جوانیش ئەم ئایدیۆلۆجییە دادەپۆشرێت وەك هۆیەك لە هۆیەکانی دەستی ئیمپریالیزمی نوێ، هەروەك چۆن بەچەندین جلوبەرگی رەنگاورەنگو راووڕێویو فرتوفێڵ خۆی دەهاوێتە چەقی ئابووریی وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە.

قوتابخانەی نیمچە دەرەبەگی، لەگەڵ ئەوەشدا کە پەروەردە بۆرجوازییە فەریکەکە بەشێکی پێکدەهێنێت، بەڵام پەروەردە دەرەبەگایەتییە سەرەکییەکە پتر تێدا رەنگدەداتەوە، هەر لە پەیوەندیی نێوان دەسگاکانی پەروەردەو فێرکردنو دەسگای تایبەتیی

قوتابخانـەوە، تـا سـەر پـەیوەندیی نێـوان بەڕێوەبـەری قوتابخانـەو مامۆسـتاکان، بەڕێوەبـەرو بەردەسـتەکان، بەڕێوەبـەرو مامۆسـتایان لەلایەك‌و بەردەست‌و قوتابییەکانیش لەلایەکی ترەوە.

دەرکردنـی (ئـەوامیری ئیـداری) شێوە (عەسـکەری) پـڕ لـە هەڕەشـەو گوڕەشـەی دەسـگاکانی پـەروەردە بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی قوتابخانـەو مامۆسـتایان، خۆسـەپاندنی بیرۆکراسـییانەی بەڕێوەبـەر بەسـەر مامۆستادا بەناوی (جـدی)یەتـەوە، بەکارهێنانی دار بۆ راگرتنی زەبت‌و رەبتـی قوتابخانـەو تـەمێکردنی قوتـابی، ئاڕاستەکرنی قوتـابی بـەهۆی پرۆگرامـەکانی خوێندنەوە بۆ ملکەچبوونی کوێرانـە بـۆ دایـك‌و بـاوك‌و لەخۆیان گەورەترو کوشتنی گیانی سەربەخۆیی بیرکردنەوە تێیاندا، نە سـەلماندنی مـافی منـداڵ لـە رەتکردنـەوەی نـەرێتی ئەوانـەی لـەخۆیان گـەورەترن.. ئەمانـە هـەمووی بەشـێکن لـە رواڵەتـەکانی پـەروەردەو پەیوەندیی دەرەبەگییانە.

سـڕینەوەو بنـبڕکردنی شـوێنەواری پـەروەردەو فـێرکردنی نیمچـە دەرەبـەگی لـەم کۆمەڵگایانـەداو، هێنانەکایـەی قوتابخانەیـەکی نوێـی دیموکراتـی، بـەگۆڕینێکی ریشـەیی ئـابووری‌و سیاسـی‌و رۆشـنبیری‌و کۆمەڵایـەتی دەبێـت کـە چـرای رێڕوونکـەرەوەی بـیری سۆشیالیسـتی زانستی بێت.

گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) ژمارە (١)

سالی دووەم/١٩٧٢

# پێویستیی خوێندن بەزمانی کوردی*

یـەکێك لـە هـەرە بچووکـترینو سـادەترین مـافێکی نەتەوەیـەك، بەکارهێنانی زمانەکەی خۆیەتی لە خوێندنو کاروباری خۆیداو، یـەکێك لەهـەرە پێویسـترین مەرجـەکانی گەشـەکردنی زمـانو پارێزگـاریکردنی بوونی نەتەوایەتیش، بایەخدانە بە زمانەکەیو بەکارهێنانیەتی لە کایەی خوێندندا.

هـەروەها بەدەسـتهێنانی ئـەم مافـەو، بەجێـهێنانی لـە وڵاتێکـی فرەنەتەوەدا مایەی نەخشاندنی دواڕۆژێکی گەشەداری پێشکەوتووانەیە بۆ ئەو وڵاتەو، وەکیەکی لەبەکارهێنانی مافە نەتەوایەتییەکاندا دەهێنێتە کایەوە، هەروەك دانپێدانانی زمانی یەکتری لەنێوان چەند نەتەوەیەکدا، کـە لـەژێر سـێبەری یـەك دەوڵـەتدا بژیـن، پـتر گیـانی خۆشەویسـتیو برایەتیو یەکێتیو خەباتی ناوکۆیی بەتین دەکات.

بەنیسـبەت گـەلی کوردمانـەوە لـە عـێراقدا، لەدەمێکـەوە هـێزە پێشـکەوتووەکانی عـەرەب دانیـان بـەم مافـە نەتەوایەتییـەدا نـاوە، بەتایبـەتی پـاش ئـەوەی لەسـایەی خـەباتکارانی ڕێگـای ڕزگـاریی نەتەوایەتی کورد بەرابەری پارتی پێشڕەوی خـەڵکی کوردسـتان، لـەم چەند ساڵەی دواییدا، باشتر ڕێڕەوی کوردایەتی روونبووەوەو، هەموو ئەو بوختانو درۆو دەلەسانەی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان بۆ کـوردو بزووتنەوە رزگارییەکەیو مافە رەواکانیان کرد پووچەڵبوونەوەو، ئاوازە

---

* ناونیشانی وتارەکـەم گۆڕیـوە، کـاتی خـۆی لەبڵاوکردنـەوەیدا ناونیشـانەکە بـەم جۆرە بوو: (پێویستیی بەکوردی خوێندن لە کوردستاندا).

شـووومەکەی جیـاوازیخوازیو دوژمنایـەتیکردنی عـەرەب لەئاسـتی هەڵوێستی راستو ڕەوانی کوردایەتیی پێشکەوتوودا کپوخامۆشبوون، نـەك هـەر ئەمـە بـەڵکو هـێزە پێشـکەوتووەکانی عـەرەب پـتر لـە مـافی خوێندنیـان بـە کـوردیو مافـە کەڵچەرییـەکانی تریـان سـەلماندووە تـا سـنووری حوکمـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـەچوارچێوەی کۆمـاری عێراقدا. هەروەها حوکمی ئێستای عێراقیش کە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی رابەریی دەکات بە کۆمەڵێك کاری باش ئەو گومانەی لابردووە کە وەکو حکومەتە لاوازە بێ بیروبڕواکانی پێشوو رەفتار بکاتو مافە نەتەوایەتییەکانی کورد پێشێل بکات، بەتایبەتی کە کۆنگرەی (قطري) حەوتـەمیان لـەعێراقدا سنووری بیروبڕوایانی بە (حوکمـی محـەللی) بـۆ کوردسـتان دەستنیشـان کـرد، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە حوکمـی ئێسـتا چـەندین جـار خۆبەسـتنەوەی خـۆی بەبەیاننامەکـەی ٢٩ی حوزەیـران دووپاتکردۆتـەوەو، ئامادەیی دەربڕیـوە کە لـەم قۆناغـەی بـاری عـێراقدا لەوە زیاتریش جێبەجێ بکات.

بەڵام، وا بەرەو تێپەڕبوونی ساڵێك دەچین بەسەرهاتنی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ سەر حوکم، کەچی هێشتا هـەندێك لە بەندەکانی بەیاننامەکەی حوزەیران هەر لەسەر کاغەز ماونەتـەوەو لەبیرچوونەتـەوە کە یەکێك لەوانە خوێندنە بەزمانی کوردی.

بەندی سێیەمی بەیاننامەکەی حوزەیران بەتەواوەتی دانی بەم مافەدا ناوەو، بەڵێنی خوێندنو فێرکردنی بەزمانی کوردی بەخەڵکی کوردستان

داوە؛ سنووری ئەمەیشی بەو شوێنانە دیاریکردووە کە زۆربەی دانیشتووەکانی کوردبن.

جێبەجێکردنی ئەم بەندە ـ کە بەردی بناغەی رۆشنبیریی کوردە ـ هیچ کۆسپێکی وەهای لەبەردا نییەو، هیچ هۆیەکی وەها نایەتە بەرچاو کە پێویست بەدواخستنی بکات؛ خۆ ئەگەر بویستراية هەنگاوێکی ئیرتیجالیش لەم بارەیەوە نەنرێت، ئەوا دەتوانرا لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە دابنێن و لەو ماوە دووروودرێژەدا بەباشی لێی بکۆڵنەوەو دیراسەیەکی باشی هەموو لایەنەکانی بکەن تا ئێستا بهێنرایەتە پێشەوە بۆ جێبەجێکردنی، یان ئەگەر بەنیسبەت هەندێ شوێنەوە نەتوانرێت بخرێتە کارەوەو هەندێ گیروگرفت هەبێت، ئەوا بەنیسبەت سلێمانی و هەولێرەوە ئەو گیروگرفتانەیش — سەبارەت بەوەی لەسەداسەدی دانیشتووەکانی کوردن — نین.

لەم رۆژانەدا عێراق بەرەنگاری پیلانێکی ئیمپریالیستی — سەهیۆنی — کۆنەپەرستی راوەستاوە، لەهەموو لایەکەوە شالاوی رق و قین لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە بۆ سەر عێراق دێت. کۆنەپەرستانی ناوخۆیش، کە گۆچانی دەستی ئیمپریالیزمن، لە کلۆرکردن و فراوانکردنی ناکۆکی نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکان، گەلانی کوردو عەرەب، حوکم و خەڵکی، راناوەستن، جا بچووکترین درز لەمانەدا دەدۆزنەوەو لەوێوە دەست بەکاری ناهەمواری خۆیان دەکەن.

مەسەلەی جێبەجێ نەکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، جگە لەوەی بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە حوکم کەم دەکاتەوە، جگە

لەوەی ماوەی تەشەنەکردنی بیروڕای تاکڕەویی نەتەوایەتی لەناو کورددا دەدات، زەمینەیەکی ئێجگار لەباریش خۆش دەکات بۆ کنەی کۆنەپەرستانی داردەستی ئیمپریالیزم، کە جێبەجێ نەکردنی ئەو بەندانەی لە بەیاننامەکەی حوزەیراندا هەیە بکەنە بیانوو بۆ کلۆرکردن و گەندەڵکردنی داری یەکێتیی نیشتمانیی لە عێراقدا؛ ئەمەیش ئەو ڕێیەیە کە هەموو بەرهەمەکانی تێکۆشان و برایەتی راستەقینەی هەردوو گەلی برای پێدەوەرێنن و، لەبنجەوە، ڕەگوڕیشەی دەردەکێشن. بۆیە جێبەجێکردنی بەیاننامەکەی حوزەیران بەتایبەتی ئەو بەندانەی هیچ تەگەرە و کۆسپێك لەرێگایاندا نییە، ڕێ لەدەستێوەردانی ئیمپریالیزم لە کاروباری عێراق دەبەستێتەوە و، یەکێتیی نیشتمانیی عێراق دەپارێزێت و، ماوەی بەگژیەکداکردنی هەردوو گەلی برا نادات و، هەموو پیلانە گڵاوەکانی ئیمپریالیزم و سەهیۆنییەت و کۆنەپەرستی پووچدەکاتەوە.

لێرەدا هەندێ پێشنیاز دەنووسین تا کاربەدەستان بەزوویی پێی هەڵسن و فریای ساڵی تازەی خوێندنی بخەن. ئەم پێشنیازانە هەرچەندە کورت و سەرپێیین بەڵام بەلامانەوە وایە کە ڕێیەکی بەرین و باش دەکاتەوە و دەیخاتە بەردەم ڕەوتی حوکم لەجێبەجێکردنی ئەو بەندەی پەیوەندی بە زمانی کوردییەوە هەیە:

١) دەرکردنی بەیانێك لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بەکردنی زمانی کوردی بە زمانی خوێندن لەو ناوچانەدا کە زۆربەی

دانیشتوانی کوردن بەپێی بەندی سێیەمی بەیاننامەکەی حوزەیران؛ یان دەرکردنی یاسایەك لەم بارەیەوە.

٢) لیژنەیەك دابنرێت بۆ دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن. بۆ ئەمەیش بگەڕێنەوە بۆ سەرژماردنەکەی ساڵی ١٩٥٧، چونکە لەدوای ئەو ساڵەوە، سەبارەت بەو رووداوە خوێناوییانەی بەسەر کوردستاندا هات، گەلێك باری نائاسایی هاتۆتە پێشەوە کە گێڕانەوەی بۆ دۆخی جارانی ئەم کارەو گەلێك کاری ترمان لەبەردەمدا ئاسان دەکات.

٣) بەیاننامەکەی حکومەت لەبارەی مەجمەعی زانستی کورد بەزوویی جێبەجێ بکرێت لەپێناوی پاراستن و گەشەپێکردنی رۆشنبیریی گەلەکەمان و، بۆ ئەوەی دەورە گرنگەکەی خۆی ببینێ لەکردنی زمانی کوردی بەزمانی زانست و پەرەپێدانی باری رۆشنبیریی و زانستی لەکوردستاندا. هەروەها چەند کتێبێك بەزمانی کوردی لەبارەی مێژوو و ئەدەبی کوردەوە دابنێت.

٤) پتر بایەخ بە زمانی کوردی لەهەموو پلەکانی خوێندندا بدرێت و، لانی کەم لە کوردستاندا دەرسێکی سەرەکیی کوردی هەبێت کە رێزمان و ئەدەب و دارشتنی کوردی بگرێتەوە، ئەو دەرسە کوردییەش کە لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا دەخوێندرێ، پتر گرنگیی پێبدرێ و ببێتە یەکێك لەو ماددانەی کە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای لەسەر بێت، واتە وەك هەموو دەرسەکانی تر لێپرسینەوەی هەبێت.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| - پێشەکی | ٣ |
| - تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندنی ئاستی فێربوونی خوێندکاران | ٩ |
| - سروودو پەروەردەی منداڵ | ١٧ |
| - وانەی تایبەت | ٢١ |
| - هەڵەی منداڵ | ٢٩ |
| - پراکتیکی مافی پەروەردەو فێرکردن بۆ مرۆڤ | ٣٣ |
| - بۆ ئەوەی گوندە دوورەکان بێ مامۆستا نەبن | ٤٥ |
| - واقیعی سیستمی پەروەردەو فێرکردن و ئەرکی گۆڕانکاریی پەروەردەیی | ٥١ |
| - پەروەردەو هاوسەنگیی نێوان بەرنامەکانی خوێندن | ٨٣ |
| - دەربارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری | ٩٣ |
| - تاووتوێکردنی کێشەکانی پەروەردەو فێرکردن بەدەسەڵاتی چوارەم دەسپێرینەوە | ٩٧ |
| - کۆرسە بەپەلەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان | ٩٩ |
| - پرۆژەی ناوکۆیی باوکان ـ دایکان ـ مامۆستایان | ١٠٥ |
| - وەرگرتنی مامۆستایانی سەرەتایی لەزانکۆکاندا | ١٠٩ |
| - ئەرکی دوولانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان | ١١٥ |
| - کۆمەڵگاو دزیکردنی منداڵ | ١٢٣ |
| - قوتابخانەی نیمچە دەرەبەگی | ١٣٧ |
| - پێویستیی خوێندن بەزمانی کوردی | ١٤٣ |

# TOWARDS

# A MODERN EDUCATIONAL DISCOURSE

BY

FUAD QARADAGHY

وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردنی (٢٤١)ی ساڵی (٢٠٠٢)ی پێداوە